رۆمانە ئێرانیەکان



نووسینی:
**ماندامعینی**
**(موئەدەب پوور)**

رۆمان

# کیژۆڵەیەکی دژەباو

وەرگێڕانی: چنار ئەحمەد



كتێبی PDF
Ktebi_PDF
238
posts
19.2k
followers
7
following
Promote
Edit Profile
پەرەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚
Public Figure
لێرە
باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان
بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە
.
Ganjyna
.
لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_
Ktebi_PDF
با لێوردە بێت
سەحەر
زمانی پێغەمبەران

# کیژۆڵەیەکی دژە باو

رۆمان

رۆمان

# کیژۆڵەیەکی دژە باو

نوسینی: ماندا(معینی) موئەدەب پوور

وەرگێڕانی: چنار ئەحمەد

چاپی یەکەم

٢٠١٩

هەندێ کات دڵم زۆر دەگیرێت، نەک ئەوەی بۆ نمونە پایز بێت و باران ببارێت، یان ئەوەی کە بۆ نمونە عەسری ڕۆژی هەینی بێت و هیچ کارێکم نەبێت ئەنجامی بدەم، نە، هیچ کام لەمانە نین.

من نە کچێکی خەیاڵیم و نە کچێکی ناز و نوککەرم، لەو کاتەوەی خۆمم ناسیوە بەرپرسیارێتیم لەسەر شان بووە، هەمیشە کۆمەڵێک ئەرکم ئەنجامداوە کە کچانی زۆر لە من گەورەتر نەیاندەزانی چین؟

کاتێک تەمەنم دوانزە ساڵ بوو دایکم بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی کرد و بەرپرسیارێتی ماڵ کەوتە ئەستۆی من، ئەبووایە خواردنم دروستبکردایە و ماڵم پاکبکردایەتەوەو کەم و زۆریش کڕینی پێداویستییەکانی ناوماڵ لە ئەستۆی من بوو، هەرچەند کە باوکم یارمەتی ئەدام بەڵام سەرەنجام ئەو پیاو بوو، هەرچەندیش هەوڵی دەدا نەیدەتوانی وەکو ژنێک بەرپرسیارێتی ماڵداری لە ئەستۆ بگرێت و ئەنجامی بدات. باوکم پیاوێکی زۆر باش بوو، بەڵام بەداخەوە بیری نەدەکردەوە واتە هیچ لەبیری ئایندەدا نەبوو، ڕێک پێچەوانەی مامم، هەرچەند مامم پارەی کۆدەکردەوە و خاوەنی حساب و کتاب بوو، لە بەرامبەریدا باوکم دەستبڵاو بوو، ئەڵبەتە نەک ئەوەی پارەکەی لە ڕێگەی خراپدا خەرج بکات، بەڵام من بیرم نایەت باوکم هیچ کات پاشەکەوتێکی باشی هەبوو بێت، هەمیشە ماڵمان پڕ بوو لە چکلێت و میوە و شیرینی و چەرەس و چی و چی و چی!

هەمیشە جلوبەرگمان باش بوو، گەشتە هاوینییەکانمان و جەژنەکانمان هیچ کات پەراوێز نەدەخران، بە هەمانشێوە هەفتەی یەک شەو چوونە دەرەوە بۆ خواردنی نانی ئێوارە، هەر بۆیەش باوکم هیچ کات نەیتوانی پاشەکەوتی هەبێت، هەرچەندە کارەکەشی خراپ نەبوو و پارەیەکی باشی وەردەگرت، ئەڵبەتە بەبێ ئەوەی خانەنشین کرا بێت. باوکم کاری ئازادی دەکرد، بازرگان و کاسب و ئەم شتانە نەبوو، بەڵام بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆی گرێدابوو بە کاری ئازادەوە. هیچ کات دەربارەی کارەکەی بۆ من قسەی نەدەکرد، بەڵام من دەمزانی ئیشی دەڵاڵی دەکات، لەوانەشە هەمان پارەی دەڵاڵی بوو کە هیچ بەرەکەتی نەبوو و بۆمان نەدەمایەوە بە هەمان شێوەی باوکم خۆی کە نەمایەوە. نزیکەی سێ چوار ساڵ دوای کۆچی دوایی دایکم ڕۆژێك هەواڵیان پێدام کە باوکم لەناو بازاڕدا جەڵتە لێیداوە و تا گەیاندویانەتە نەخۆشخانە ئیتر درەنگ بووە، بەدبەختی لەوەدابوو تەنانەت بۆ مەراسیمی کفن و دفن و خواردن و ئەم شتانەش هیچ پاشەکەوتێکمان نەبوو، واتە هەمیشە هەر وابوو هەرکات بۆ کڕینی شتێك پێویستمان بە پارە دەبوو لە مامی قەرز دەکرد و یەك دنیا سەرزەنشتی، ئەگەرچی هەقیشی بوو، بە گیانی دەکڕی، دوای ماوەیەك قەرزەکەی دەدایەوە، بەڵام سەرزەنشتەکانی مامەم هەمیشە بەردەوام بوون. لەوانەیە لە تەمەنی نەوجەوانی و لاویدا لە مامم ناڕەحەت بوویم، بەهۆی ڕەفتارەکانییەوە بەرامبەر باوکم بەڵام کاتێك گەورەتر بووم تێگەیشتم تەواوی قسەکانی ڕاست بوون. بەهەرحاڵ باوکم هەڵەخەرج بوو، بەڵام باش بوو، دوای دایکم هەموو دنیا و ئومێدی من بوو، تا کاتێك

لەسەر کاربوو کاری دەکرد، بەڵام دوای ئەوە هەمیشە بە دەستی پڕ و ڕووی خۆش دەهاتەوە بۆ ماڵەوە، لەگەڵ خۆیدا سەد دانە پاکەتی لە کیسە پرتەقاڵ و شادی و مۆز و خۆشحاڵی و چکلێت و دڵخۆشی و گۆشت و پێکەنین و شیرینی و ئومێد و نان و میهرەبانی دەهێنایەوە ماڵەوە. باوکم هەرچی بوو و هەرچەندێکیش مامم لێی ناڕەحەت بوو، بەڵام من خۆشمدەویست چونکە هەمیشە وایلێدەکردم بڕوام بە خۆم هەبێت، هەر لەبەرئەوەش توانیم لە زانکۆ لە بەشی پزیشکی وەربگیرێم، هەموو ئەو باوەڕە بەهۆی باوکمەوە بە خۆم هەمبوو، کاتێك لە تەمەنی پازدە شازدەساڵیدا لە دەستمدا، نەبووم بە کچێکی زەبوون و پەککەوتوو و بە خۆڕاگرییەوە درێژەم بە ژیاندا. لەبەرئەوەی خۆمان خانوومان نەبوو بە ناچاری لە دوای مردنی باوکم، مامم سەرپەرشتیمی گرتە ئەستۆوو لەگەڵ ئەوان ژیام، مامم زۆر باش بوو، ئەڵبەتە جگە لەو کاتانەی کە لە دەست باوکم توڕە دەبوو، لە بەردەم مندا دەربارەی ئەو شتی خراپی دەوت و هەمیشەش لە کۆتاییدا دەستی دەکرد بە گریان، ئەویش باوکمی خۆشدەویست. خانووی مامم و ئەوان خانووی خۆیان بوو، لەگەڵ ژن و کوڕەکەی ژیانێکی لۆژیکی دەژیان.

لە ماڵ مامم و ئەوان هەموو شتێ بەرنامەی خۆی هەبوو، خەوتن، سەیرکردنی تەلەفزیۆن، وانە خوێندن، چوونە دەرەوە،.. بە کورتی هەموو شتێك، ڕێك پێچەوانەی ماڵی ئێمە، هەر لەبەر ئەمەش ئەو چەند ساڵەی کە لەگەڵ مامم ژیام زۆر شتی فێرکردم. ئێستا کاتی ئەوە هاتبوو بۆ تێپەڕاندنی دەورەی پزیشکییەکەم ئەبووایە لێیان جیابوومایەتەوە، ئەم

جیابوونەوەیە بوو بەهۆی ئەوەی مامم بیری سەرقاڵ بێت، نەیدەزانی ئەبێت چی بکات؟ لەلایەکەوە من ناچار بووم کە دەورەکەم لە لادێیەکی دوور تێپەڕێنم، لەلایەکی تریشەوە دڵی ڕازی نەدەبوو من بە تەنها لە جێگەیەك وێڵبکات کە شارەزای نەبوو، کەسێکیشی نەبوو لەگەڵ مندا بینێرێت تا لەوێ ئاگای لێم بێت، ئەمبینی کە چەندێ زەجر ئەکێشێ و خەفەت دەخوات، خۆیشم لە لایەکەوە ناڕەحەت بووم، لە لایەکەوە خۆشحاڵ، ناڕەحەت لەبەرئەوەی دوای چەند ساڵ ژیان لەگەڵیان و بینینی میهر و خۆشەویستی ئەبووایە بۆ ماوەیەك لێیان جیابوومایەتەوە، خۆشحاڵ لەبەر خەسرەو، خەسرەو کوڕی مامم بوو، یەك ساڵ لە من گەورەتر بوو، قیافەی خراپ نەبوو، واتە ئەکرا بڵێیت باڵابەرز و هەیکەل جوانە، بەڵام حەزم بە خووڕەوشت و هەڵسوکەوتی نەبوو، ئەم کوڕە وا بیری ئەکردەوە کە قەرزاری منە، نازانم لەبەرچی لەبەر مردنی دایك و باوکم هەمیشە خۆی بە بەرپرس دەزانی؟ هەمیشە وا بیری ئەکردەوە کە ئەبێ لەگەڵما میهرەبان بێت، لەوانەیە بەهۆی ئەوەوە بوو بێت کە مامم و ئەوان وایانخستبووە دڵییەوە، لەوانەشە بەهۆی دڵی میهرەبانی خۆیەوە بوو بێت، بەڵام ئەم کارەی بۆ من مایەی ئازار بوو، خۆیشی کوڕێکی ڕێك و پێك و سەرکەوتوو بوو، هەمیشە خوێندکاری یەکەم یان دووەم بوو، هەمیشە بەرپرسیار، هەمیشە ئاگادار، هەمیشە بەڕەوشت، منیش زۆر حەزم لەم خووڕەوشتانەی نەبوو، خەسرەو ئەوەندە بە تەرتیب بوو ئەگەر کەسێك بچووایەتە ژوورەکەی وای بیرئەکردەوە هەموو ڕۆژێك خزمەتکارێك بە وردبینییەوە پاکی ئەکاتەوە، تەواوی جلەکانی هەمیشە ئوتوکراو و

دەقکراو لەناو کۆمیدەکەیدا بوون، قۆندەرەکانی هەمیشە بۆیاخکراو بوون، کتێبەکانیشی هەمیشە بە ڕێکی لە کتێبخانەکەیدا لە پاڵ یەکدا دانرا بوون، پێخەفەکەشی هەمیشە ڕێك و پێك، خۆیشی هەمیشە ڕازاوە، هیچ کات هیچ کارێکی بیرنەدەچوو، هەرگیز لە مەوعید دوانەدەکەوت، خەسرەو تەنانەت گوێرەویەکانیشی ئوتو دەکرد، هەندێ کات ئەوەندە لێی دەکەوتم بە ڕقدا حەزم دەکرد بچمە ژوورەکەی و هەموو شتێك تێکبدەم بەسەر یەکدا، هەرچەندە دەمزانی هەر لەگەڵ هاتنەوەی هەموو شتێك لە ماوەی چەند خولەك دەگەڕێتەوە سەر جێی خۆی، تا ئەو جێگەیەی کە دەیتوانی هەوڵیدەدا کەمتر پێیبکەنێت، سوعبەتی کەم دەکرد، تا ئەو کاتەش بە بیرم نەدەهات کە تەنانەت یەکجاریش لەگەڵ من شەڕی کردبێت یان هاواری بەسەردا کردبم، تەنانەت جارێك کە لە دواناوەندی بووم لە وانەیەکدا نمرەی کەمم هێنا بوو خەسرەو سەعی پێدەکردم، بۆ ئەوەی سەر بخەمە سەری بابەتێکم بەردەوام بە هەڵە شیکار دەکرد، لەوانەیە دەجار، هەرچی فێری دەکردم من دیسان بە مەبەست بە هەڵە شیکارم دەکرد، دەزانن پەرچەکرداری چی بوو؟ تەنها وتی (کاتێك بە دەجار شتێك فێر نەبوویت حەتمەن دەبێت بۆ یازدەمین جار تاقیبکەیتەوە). واتە لە ڕاستیدا منی تەریق کردەوە و بە شەرمەوە بابەتەکەم بە ڕاستی شیکار کرد.

مامۆژنم زۆر خانم بوو وەکو دایك بە من ڕادەگەیشت، لە ڕاستیدا لە ماڵی مامم و ئەوان هیچ کێشەیەکم نەبوو جگە لە...ئەم (جگە) هەموو ئەو بەڵێن و بڕیارە هەڵانە بوو کە هەمیشە لەنێوان کوڕە مام و کچە مام یان کوڕە

خاڵ و کچە پوور یان هەر جۆرێکی تر ئاڵوگۆڕ دەکران، کاتێک ئەوان زۆر بچووک بوون گەورەکانیان لە یەکتر مارەیان دەکردن، لە ڕاستیدا جۆرێک لە مارەکردن بوو تەنها بە دەمی (سەرزاری)، باوکم و مامیشم کارێکی وایانکردبوو، بە وتەی خۆیان ناوکی منیان بە ناوی خەسرەوەوە بڕی بوو، لەوانەیە ئەگەر ئەم بابەتە لەنێواندا نەبووایە خەسرەوم زۆر خۆشویستبایە، بەڵام بوونی بەڵێن و بڕیارێکی ئاوا هەمیشە ئازاری دەدام، حەزمدەکرد کە بە بیری ئاسودە و بە ئازادی، خۆم مێردەکەم هەڵبژاردایە، بەڵام ئێستا ئیتر نەدەبوو، جیا لە بەڵێن و بڕیار کە دەکرا بە کەمێك ڕۆشنبینی هەڵبوەشێنرێتەوە، خۆم بە قەرزاریان دەزانی، ئەگەر ئەوان نەبوونایە لە پازدە شازدە ساڵیدا نازانم چ بەڵایەکم بەسەر دەهات؟ یا چ ئایندەیەك چاوەڕوانی دەکردم؟ بەبێ ماڵ و ژیان و پارە. بەهەرحاڵ کاتی ئەوە هاتبوو کە بۆ تێپەڕاندنی دەورەکەم دەبوو بۆ لادێیەکی زۆر دوور لەو ناوە کە خۆم هێشتا بە دروستی نەمدەزانی لە کوێوەیە بڕۆم. ئەم بابەتە خەسرەویشی ناڕەحەت کردبوو، هەستمدەکرد کە زۆر حەز دەکات لەمبارەیەوە قسەم لەگەڵ بکات، بەڵام خۆڕاگرتر لەم قسانە بوو، بیروباوەڕەکانیشی دەمزانی چ جۆرێکە، هەمیشە وای لە بەرامبەرەکەی دەکرد بڕوای بە خۆی هەبێت، جۆرێك هەڵسوکەوتی لەگەڵ مرۆڤدا دەکرد مرۆڤ هەستی بە بوون دەکرد، هەر کاتێك بۆ نموونە داوای ڕێنمایم لێبکردایە جۆرێ ڕەفتاری دەکرد کە لە کۆتایدا هەستمدەکرد خۆم بەو ئەنجامە گەیشتووم، باشترین ڕێگە چارە بە بیری خۆمدا هاتووە، بەڕاستی چێژم لەو ڕەفتارەی وەردەگرت، لەوانەیە ئەگەر ئەو بەڵێن و بڕیارە

ناچارییە نەبووایە خەسرەو کەسێك بوو کە بۆ هاوسەری هەڵدەبژارد.
ڕاستی بیرمچوو خۆم بناسێنم، واتە ناوم بڵێم، من پەروازەم، واتای (پەروازە)ش واتە ئەو ئاگرەی کە ئێرانییە کۆنەکان لە بەردەم پێی بووکدا دایاندەگیرساند، مانایەکی تریشی واتە وەرەقە (پەڕە)ی زێڕین، بەڵام مانا سەرەکییەکەی هەمان ئاگرە، ئەمەش یەکێکی تر لە خووڕەوشتەکانی باوکم بوو، پێی خۆشبوو بۆ ناوی کچەکەی سود لە ناوە ئێرانییەکان وەربگرێت.

بەهەرحاڵ من پەروازەم. ئەو ڕۆژەی کە تێگەشتم چ لادێیەکیان بۆ لەبەرچاو گرتووم لەگەڵ هاوڕێکەم (لەیلا)، کە بڕیار بوو لە ناوچەیەکی نزیك کاشان دەورەکەی تێپەڕێنێ خەریکبووین دەگەڕاینەوە بۆ لای ماڵ ئێمە، لەیلا هاوڕێی گیانی بە گیانیم بوو، کچێکی جوان نەبوو، بەڵام تا بڵێیت میهرەبان و ئێسك سوك، هەمیشە دەیوت حەزدەکات لە من بچێت جائێتر ئەمە بە قسەی سەرزاری خۆی حسابی بکەین یان نە، بەڵام من بەپێی وتەی هاوڕێکانم و بە بەڵگەی گەڕانەوە بۆ خوازبێنیکارانی تاڕادەیەك زۆر و خولانەوەی کوڕانی زانکۆ لە دەوروبەرم کچێکی جوان بووم، ئەڵبەتە خۆم ئەم بابەتەم دەزانی و زۆریش چێژم لێ وەردەگرت، بەڵام هەمیشە کاتێك یەکێك پەسنی (وەصفی) دەکردم بە وتنی ڕستەکانی "چاوی ئێوە من جوان دەبینێ" و "ئێوە ڕێزتان هەیە" و ئەم شتانە بێ فیزی خۆم دەردەخست. بە کورتی ئەو ڕۆژە خەریکبووین لەگەڵ لەیلا بە پیاسەوە دەهاتین بۆ لای ماڵی ئێمە و لەگەڵ یەك قسەمان دەکرد.

– پەروازە تۆ لەوەی کە بە تەنها بڕۆیت بۆ دەورەکەت ناترسی؟

– ترس بۆچی؟

– دەی سەرەنجام کچێك، بە تەنها لە شوێنێکی غەریب.

– ئەو شوێنانەی کە ئێمەیان بۆ دەنێرن تەواو ئەمن و ئاسایشن.

–منیش زۆر حەزمدەکرد وەك تۆ بمتوانیایە بە تەنها بڕۆم، بەڵام دایك و باوکم مۆڵەت نادەن، دایکم هەفتەیەکە خەریکە کۆڵی سەفەر دەپێچێتەوە.

–من ناچارم بە تەنها بڕۆم، تۆ شانست هەیە کە دایکت لەگەڵت دێت.

–بەڵام تەنهایی تامێکی تری هەیە، هەستبزوێنە، خەیاڵییە.

–لەوانەشە ترسناك.

–مەگەر ناڵێین ئەو شوێنانە ئاسایشن؟

–گاڵتەم کرد.

–لەوێ تەلەفۆنم بۆ دەکەیت؟

–تۆش بە دڵنیاییەوە تەلەفۆنم بۆ بکە.

–مەگەر مۆبایلت کڕیوە؟

–نا خەسرەو ئەوەی خۆی پێدام.

–زۆر گرنگیت پێدەدات.

–بەدبەختییەکەی منیش هەر ئەوەیە.

–بۆچی؟

–زۆر قەرزاریمی.

–وابزانم دەورەکەت تەواو بێت بوکێنی بەڕێوەیە.

(لامکردەوە و سەیرمکرد ئەوسا وتی:)

–مەگەر خەسرەو عەیبی چییە؟

–کێشەکە لەسەر ئەوەیە کە خەسرەو هیچ عەیبی نییە.

–ئێ دەی چی؟

–هەمان نەبوونی عەیب خۆی جۆرێك عەیبە.

–خەریکی بیانوو دەگریت؟

–نە هەرگیز.

–ئێ ئیتر چی؟

–نەبوونی مافی هەڵبژاردن، من ناچارم خەسرەو هەڵبژێرم، واتە مافی هەڵبژاردن لەنێوان یەك نەفەر، واتە ناچاری، لەوانەیە خەسرەو لەناو سەد دانە کوڕ تاك بێت، بەڵام لەبەرئەوەی مافی هەڵبژاردنم نییە ئەبێتە ناچاری، بە سەردا دابڕین.

–بەهەرحاڵ خەسرەو شانسێکە خوا پێی داویت، ئاگاداربە لەدەستی نەدەیت.

–لەبەر خاتری زەحمەتکێشانیشیان بوو بێت ناچارم بە هاوسەر قبوڵی بکەم.. دەی تۆ لێرەوە ئەڕۆیتەوە بۆماڵەوە؟

–ئەرێ.

–وانازانم تا ماوەیەکی تر بتوانین یەکتر ببینین.

–خۆ مۆڵەتمان هەیە.

–من تا ئەو جێیەی بگونجێت نامەوێت سودی لێ وەربگرم.

–بۆچی؟

–ئەبێ لەگەڵ ئەوێ ڕابێم.

–خۆزگەم پێت، من خەریکە دیق ئەکەم کە بیری لێ دەکەمەوە ئەبێ لە تاران دووربکەومەوە خەریکە شێت ئەبم.

–ئەو سوێندەی کە خواردت بیرت نەچێت.

–ئەو سوێندانەش ئیتر بێ نرخ بوون، بڕۆ ببینە زۆربەی دکتۆرەکان کڕین و فرۆشتن دەکەن.

گەشتین بە شوێنێك ئەبوو لەیەك جیا بووینایەتەوە، هەردووکمان ساتێك وەستاین و سەیری یەکترمان کرد دواتریش لەپڕ پەڕینە باوەشی یەکتر، هەردووکمان دەستمانکرد بە گریان و دواتریش خواحافیزیم لێکرد و خێرا بە ڕێکەوتم بەرەو ماڵ، دەمزانی کە لەیلا هێشتا هەر لەوێ وەستاوە و خەریکە سەیری من دەکات، بەڵام خێرا ڕێکەوتم و تەنانەت لامنەکردەوە سەیریشی بکەم، ئەترسام دووبارە دەستبکەمەوە بە گریان، لەسەر جادەیەکی گشتی سوار تەکسی بووم، نیو کاتژمێر سێ چارەك دواتر گەشتمە بەردەم ماڵ و چوومە ژوورەوە، مامۆژنم خەریك بوو کۆمەڵێ شتی بۆ دەپێچامەوەو ئەیخستنە ناو جانتایەکی دەستی، سەوزەی وشککراو و لۆبیاو پاقلە و نەبات (جۆرێك شەکرە) و برنج و ئەم شتانە. سوپاسیم کرد و چوومە ژوورەکەم و جانتاکەمم بەست، لە دوو سێ شەوی پێشترەوە هەموو شتێکم کۆکردبووەوە، ئەو شتانەی نەمدەویستن دابووم بەهاوڕێکانم یان خستبوومنە بەر دەرگا، ئەوانی تریش کە جلوبەرگ و کتێبەکانم بوون، هەموویانم کۆکردبوونەوەو لەوانەیە بەهەموو شتومەکەکانم دوو جانتا دەبوون.

کاتێك کارەکەم تەواو بوو لامکردەوەو سەیری ژوورەکەم کرد، ئیتر هیچ

شوێنەوارێکی لە کچێکی بیست و چوار ساڵە تیا نەبوو، لەوانەیە ئەگەر ماڵی خۆمان بووایە هەزار شتم لە ژوورەکەمدا جێبهێشتایە، بەڵام نازانم بۆچی هەستم دەکرد ئەبێ وەکو کرێچی ئەوێ چۆڵبکەم؟ هەستم دەکرد ئەبێ ئەو ژووره تەواو چۆڵ بێت، تا دوای من بیدەن بە نەفەرێکی تر.

دەستمکرد بە پاککردنەوەی ژوورەکەو کاتژمێرێك دواتر ئەوێ تەواو پاك بووەوە، بەبێ بوونی تەنانەت یەك یادگاری من تێیدا، ئاوا باشتر بوو، دڵم خەبەری دابوو کە بڕیار نییە ئیتر بگەڕێمەوە ئەوێ، ئینجا بۆچی؟ نازانم.

ئەو شەوە کەشێکی سەیر لە ماڵدا زاڵ بوو، تا ڕادەیەك کەس قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد و تەنها بە وشە یان ڕستەی کورت بابەتە گرنگەکانیان بەیەك دەوت، چاوەڕێی ئەوە نەبووم، دوای حەوت هەشت ساڵ ئەو میوانە بانگهێشتنەکراوە کە ناچاربوون بەرگەی بگرن خەریکبوو لەو خانووە دەڕۆشت، کەواتە نەئەبوو کەس لەو بابەتە ناڕەحەت بووایە، لەوانەشە خەریکی ڕواڵەتبازی بوون، لەوانەشە خویان پێوە گرتبووم، بەڵام دەمزانی ناڕەحەتییەکەیان هەر ئەو شەوە یان ئەوپەڕی سبەی شەو دەبێ و دوای ئەوە ئیتر هەموویان هەناسەیەکی ئاسودە هەڵدەکێشن، ئەڵبەتە لە دڵی خۆمدا مەمنونی هەموویان بووم، مەمنون و قەرزار، ئەو هەموو ساڵە بەرگەگرتنی نەفەرێکی زیادە زۆر سەختە بە تایبەت بۆ ماموژنم، خۆم دەخستە جێگەی ئەو، لە پڕ کچێکی تا ڕادەیەك گەورە بهێننە بەردەم ماڵت و بڵێن لەمەبەدوا ئێوە دوو منداڵتان هەیە، بێچارە هەتا یەکجاریش ناڕەزایەتی دەرنەبڕی، تەنانەت لە دەم و چاویشیدا هیچ شوێنەوارێکی وەڕەزیم نەبینی، ئەگەر بۆ نموونە بوکیان بوومایە دەی

ئەبوو بەرگەم بگرن بەڵام... سەرەنجام ئێستا هەموو شت تەواو بووە تا لەو دواتر خوا گەورەیە، نەدەبوو مێشکم بەو شتانەوە سەرقاڵ بکەم، هەمان وشەی (میوانی بانگهێشتنەکراو) لەگەڵ وشەی (ناچار) کۆبکەینەوە دەبوونە من. بابەتەدا نە من کەمتەرخەم بووم نە ئەوان، بەهەرحاڵ ژوورەکە پاك و تەمیز بووەوە بەبێ یەك یادگاری و دوای خواردنی نانی ئێوارە تاڕادەیەك لە بێدەنگیدا و بە وتنی یەك شەوباش چوومە ژوورەکەم و بەبێ پێداچوونەوەی بیرەوەرییەکانی ئەم چەند ساڵە خەوتم. ڕۆژی پێشتر چوو بووم بۆ تێرمینال بۆ وەرگرتنی بلیت، ڕۆژی یەك دوو ئۆتوبوس ئەکەوتە ڕێ و ئەچوو بۆ ئەو ناوە، ئەبوو هەر لەوێوە جا بە هەر هۆکارێکی گواستنەوە بوو بێت خۆم بگەیاندایەتە ئەو لادێیە، ئەڵبەتە هەمان ڕۆژ بلیتیان دەداو من دامنابوو هەر سبەی کە گەیشتمە تێرمینال بلیتەکە وەربگرم و ئەگەریش وا ڕێکەوت دەستمنەکەوت ئەوا بەسواری ئاژەڵ دەڕۆشتم.

ئەو شەوە درۆم نەکردبێت شتێك لەسەرمدا بوو، ئارەزوویەك، ویستێك، گلەییەك، یان هەر ناوێکی تر کە بکرێ لێی بنرێت، هەرچەند کە بەردەوام هەوڵمدەدا بیری لێ نەکەمەوە، بەڵام نەدەکرا، ئەمەیان ئیتر بە دەست خۆم نەبوو، حەزم دەکرد دایك و باوکم مابوونایە، حەزم دەکرد بینەری سەرکەوتنم بوونایە، حەزم دەکرد ئەوە دایکم بووایە کە جانتاکانمی دەبەست و ئامادەی دەکردم و خۆیشی ئامادە دەبوو تا لەگەڵم بهاتایە بۆ ئەو لادێ تا تەنها نەبم، وەکو لەیلا، وەکو سەد دانە یان سەد هەزار دانە لەیلای تر.

*           *   *

کاتژمێر شەشی بەیانی بوو کە خەبەرم بووەوە و هەر لەوێدا جلەکانم لەبەرکرد و لە ژوورەکەم هاتمە دەر مامۆژنم نانی بەیانی ئامادە کردبوو، هەموویان بە خەبەربوون، بە دڵنیاییەوە بۆ ماڵئاوایی، بۆم سەرنجڕاکێش بوو، ڕێزێك، یان پیشاندانی ئەوەی کە بە نرخم بۆیان، دوای خواردنی نانی بەیانی، دەمزانی کە بە دڵنیاییەوە مامم تا تێرمیناڵ دەمگەیەنێت، هەر بۆ ئەمە چوومە لای مامۆژنم، هەر کە ویستی بمگرێتە باوەش زوو دەستیم ماچکرد، شڵەژاو خێرا دەستی کێشایە دواوە کە وتم:

– مامۆژن مەمنونم بۆ هەموو شتێك، ئەزانم بۆتان سەخت بوو، بەڵام منیش بێ تاوان بووم، دیسان مەمنونم.

گرتمیە باوەش، لەوانەیە وەکو دایکێك، گریا دیسان وەکو دایکێك و یەك ڕستە (ژوورەکەت بۆ هەمیشە هی خۆتە و بۆت دادەنێم). لەوانەیە ئەم ڕستەشی پەیامێکی جوان بوو، هاوکات لەگەڵ تایبەتمەندی سۆزی ئێرانی، پەیامێکی جوان وەکو پەیامی دایکێك، کاتێك خەریکبووم دوو جانتاکەم لە ژوورەکە دەهێنایە دەرەوە، خەسرەو وەك هەمیشە ئارام هاتە پێشەوە بەبێ پرسیارو قسە، یا پرسینی ئەوەی ئاخۆ یارمەتی ئەوم دەوێ یان نا؟ جانتاکانی لە دەستم گرت و بردنی خستنیە سندوقی دواوەی ئۆتۆمبیلەکە، دیسان لە دەستی پیشم خواردەوە، ئیتر کاتی ئەوە بوو لەو ماڵە جیا ببمەوە، لە دیوارەکانی، لە سەقفەکەی، لە ژوورەکانی، لە کەشەکەی، لە هەموو شتێکی، بە کورتی لە حەوت هەشت ساڵ ژیان بە یەك سەیرکردنی هەموو شوێنەکانی. کاتێك چوومە حەوشەکەوە خەسرەو

ئۆتۆمبیلەکەی لە ماڵ بردە دەر تازە تێگەیشتم کە بڕیارە خەسرەویش لەگەڵمان بێت، جیاوازییەکی بۆ من نەبوو، چوومە پشتەوەی ئۆتۆمبیلەکەو کەوتینە ڕێ، خەریکبووم لە دواوە سەیریم دەکرد، چوار شانە و ئەندام جوان بوو، قژی قاوەیی تۆخ بوو، هەمووی هەڵدابووەوە بۆ سەرەوە، هەمیشەش کاتێك لە ئۆتۆمبیلەکەدا دادەنیشتین پێشتر داوای لێبوردنی لێدەکردم. تۆزێك دواتر هەستمکرد وەکو شتێ بڕیار نییە بچین بۆ تێرمیناڵ، کاتێك لە مامم پرسی تێگەیشتم کە ئەیانەوێت خۆیان بمگەیەنن تا ئەو لادێ، تیا مابووم کە چی بڵێم، ڕاستییەکەی لەو کاتەدا خۆشحاڵ بووم، ئاخر بەڕاستی سەخت بوو کچێکی گەنج بە تەنها بڕوات بۆ جێیەکی ئاوا، لەوانەیە دواجاریش بوو ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆیان بە شێوەیەکی نایاب ئەنجامدا. دەستمکرد بە پێداگری کردن کە خۆم بڕۆم، بەڵام مامم تەنها بە جوڵەی دەست تێیگەیاندم کە پێداگری بێ سوودە، خەسرەو خۆ هیچ، هەر بەو شێوەیە لە پشت سوکانەوە دانیشتبوو بەبێ قسە شۆفێری دەکرد، دەمزانی کە پاشماوەی قسەکانم کاریگەری نابێت و ئەوان ئەم بڕیارەیان پێشتر داوە، هەر بۆیە بێدەنگ بووم، ڕێگە دوورو درێژو ماندووکەر بوو، ئەوەی سەرنجڕاکێش بوو ئەوە بوو کە هیچ کاممان یەك وشە قسەمان نەدەکرد و تەنها دەنگی ڕادیۆی ئۆتۆمبیلەکە بوو بەو هاشەو ویزە ویزەیەوە (دەنگی ڕادیۆ کاتێ شەپۆلەکەی تێکدەچێت)، ئێستا چۆن بەرگەی ئەو ڕێگەم دەگرت با بمێنێ، هەرچەند کە ئەو بێ چارانەش هەمان بارودۆخی منیان هەبوو، بە تایبەت خەسرەو کە شۆفێری دەکرد، تۆزێك لە نیوەڕۆ تێپەڕی بوو کە لەبەردەم ڕێستۆرانتێکدا

وەستاین و نانی نیوەڕۆمان خواردو دووبارە کەوتینەوە ڕێ. ئیتر لەوە بەدواش تا شەشی دوانیوەڕۆ تێنەگەیشتم، نازانم چۆن خەو بردمیەوە، ئەویش چ خەوێك! ؟ ئەسڵەن نەمدەتوانی چاوەکانم بکەمەوە، تەنها کاتێك زانیم کە مامم بانگم دەکات. ڕاپەڕیم و بە پەرێشانییەوە پرسیم:

–لە کوێین؟

–ئارامبە مامە، گەیشتین.

خێرا لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزیم، هەوا تاریك بوو بوو، لە جێگەیەك وەکو مەیدانی گوندەکە بووین، هەموو خەڵکی ئاواییەکە لەوێ کۆ بوو بوونەوە، سەرەتا بۆ ساتێك وامبیرکردەوە کە هاتوون بۆ پێشوازی من، بەڵام دواتر تێگەیشتم کە بابەتەکە شتێکی ترە، گوایە سەرقاڵی ئەنجامدانی مەراسیمێك بوون، زۆر بۆم سەرنجڕاکێش بوو، واتە سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەر! ژمارەیەك کوڕی گەنج بە تفەنگەوە بەسەر ئەسپەوە بوون و لەمبەری مەیدانەکەوە غاریان دەدا بۆ ئەوبەر، هەر بەو جۆرەش کە بەسەر ئەسپەوە بوون گولەیان دەتەقاند ئەڵبەتە نەك بەرەو ڕووی کەس، بە هەوادا گولەیان دەتەقاند، شتێکی وەکو مەشخەڵیش بە دەستیانەوە بوو، لە ناوەڕاستی مەیدانەکەشدا لە شوێنێکدا بە بەرزی دوو سێ مەتر گیایان هەڵڕشتبوو، کەمێك لەولاتریشەوە شتێکی وەکو کولبەیان بە دار دروست کردبوو، دەوری مەیدانەکەش پڕ بوو لە ئەهلی گوندەکە، دەوری شەست حەفتا نەفەر دەبوون، ڕێك لە ناوەڕاستی مەیدانەکەشدا لە جێگەیەکدا شتێکی هاوشێوەی قەنەفەیەکی جوان و گەورەیان دانابوو و ژنێك لەسەری دانیشتبوو، هەر کە چاوی بە ئێمە

کەوت شتێکی بە پیاوێکی پیر وت کە ئەویش سەیرێکی ئێمەی کرد و هات بۆ لامان، کاتێك گەیشت سڵاوی کرد و لێی پرسین کێین؟ مامم وتی کە من پزیشکم و ئەو ئاغاش کە تێگەیشتم کوێخایە زۆر ڕێزی لێ گرتین و داوای لێ کردین کە بەدوایدا بڕۆین، هەر بەو شێوە کە ئەو لە پێشەوە دەڕۆشت و ئێمەش بە دوایدا. خەریك بووم سەیری ئەو مەراسیمەم دەکرد، بابەتێکی زۆر بـۆم سـەرنجڕاکێش بـوو، بـەڵام بـە ئامـاژەی مامـەم دووبـارە کەوتینەوەڕێ. کوێخا چاوەڕێمان بوو، لەگەڵ ئەوەی کە زۆر حەزم دەکرد هەر لەو شـوێنەدا بمێنمـەوە و پاشمـاوەی مەراسـیمەکە ببیـنم، بـەڵام بە ناچاری بەدوای کوێخادا ڕۆشتم، خەسـرەویش بـە هـەمان شـێوە، ئـەویش وەك شتێ پێی خـراپ نـەبوو هـەر لـەو شـوێنەدا بوەسـتێ و سـەیری ئـەو مەراسیمە بکات. لە مەیدانی گوندەکە تێپەڕین و چووینە کۆڵانێکی باریك، هەموو شوێنێك تاریك بوو، بـە جۆرێـك کـە بـە زەحمـەت بـەرپێی خۆمـان دەبینی. لە شوێنێکدا خەریك بوو بکەوم بە زەویدا کە خەسـرەو زوو بـاڵی گرتم و کوێخاش بەمەی زانی و بە لەهجەیەکی تایبەت و شیرین وتی:

– میوانەکان ببورن، هۆشم نەبوو کـە چـرا (فـانۆس) هـەڵبگرم (بهێـنم) لەبەرئەوەی کە خۆمان شارەزای ئێرەین و بە چاوی بەستراو بە ڕێگەکاندا دەڕۆین، وا بیر دەکەینـەوە کـە هـەمووان ئـاوان، ئێسـتا دەگـەین، وێرانـە ماڵێك لێرە هەیـە کـە شـیاوی ئێـوە نییـە، ئەمشـەو پێتـان بخەنـە سـەر چاومان.

مامم سوپاسی کرد و کـەمێك دواتـر گـەیشـتین، خانوویـەکی دوو نهـۆمی بوو، ئەڵبەتە خانوویەکی لادێـی دوو نهـۆمی لـە گڵ و خشـت و کۆڵەکـەی

دارین، هێشتا ڕەسەنایەتی لادێ پارێزراو بوو، هەوا بۆنی سەوزایی و داری جەنگەڵی لێدەهات، بۆنێکی ئاشنا. سەرم بەرزکردەوەو سەیری ئاسمانم کرد، پڕ بوو لە ئەستێرە، ئەوەندە لە زەوی نزیك بوون کە وەك ئەوە وابوو ئەگەر دەستم درێژ بکردایە دەیدا لێیان، لەو تاریکییەدا وەکو مۆم دادەگیرسان و دەکوژانەوە، وێنەیەکی ئەوەندە جوانیان دروستکرد بوو دڵم نەدەهات سەرم بهێنمە خوارەوە، کوێخا لە چەند پلەی بەردین چووە سەرەوەو دەرگایەکی دارینی پاڵپێوەنا و چووە ژوورەوە، ئێمەش ئارام بە دوایدا ڕۆشتین، بەڵام مامم لە بەردەم دەرگا کەمێك چاوەڕێی کرد تا کوێخا کاتی هەبێت ئەهلی ماڵەکە ئاگادار بکاتەوە، بەڵام کوێخا لە ژوورەوە بانگی کردین:

- پێتان بخەنە سەر چاوم، تەواو ئاسودە بن، هیچ کەس لە ماڵ نییە، فەرموون.

دواتریش بە چرایەکەوە (فانۆس) هاتە بەردەم دەرگا و خوڵکی کردین، ئێمەش چووینە ژوورەوەو کوێخا دەرگاکەی لە دوامانەوە داخست و خۆیشی پێشاوپێش بەڕێکەوت و لە چەند پلە سەرکەوت و ئێمەش بە دوایدا ڕۆشتین. نهۆمی دووەمی خانووەکە ژوورێکی بیست مەتری بوو کە دوو دانە فەرشی زەبەلاحی تێدا ڕاخرا بوو، بەهۆی ئەوەی هەردوو فەرشەکە بە یەکەوە لە ژوورەکەدا جێگەیان نەدەبووەوە قەراغەکانیان پاڵدابوو بە دیوارەکەوە، هەناسەیەکی قوڵم هەڵمژی، بۆنی خوری مەڕ دەهات، ئەمپەڕ تا ئەوپەڕی ژوورەکە بەتانی ڕاخرا بوو، چەند دانە پشتیشیان پاڵدابوو بە دیوارەکەوە، لە ڕاستیدا نهۆمی سەرەوە تەنها ئەو

ژووره بوو، به دەرگایەکی پان و بەرینەوه. کوێخا زوو کڵاشەکانی داکەندو چووه ژوورەوه و لـه ئێمـەی گەیاند کـه یـانی ئێمـەش قۆنـدەرەکانمان دابکەنین، سەرەتا مامم و دواتر من و دواتـریش خەسرەو قۆنـدەرەکانمان داکەنـد و چـووینه ژوورەوه، خۆیشـی ڕۆشـت بـۆ لای ڕەفەکـەو لـه گیرفانەکەی شقارتەیەکی دەرهێنا و چرایەکی نـەوتی داگیرسـاند و هـەروا که بلوری چراکەی دەخستەوه جێی خۆی وتی:

= ڕووم ڕەش بێـت، تـا مەراسـیمەکه تـەواو نـەبێت نـاتوانین گڵـۆپ داگیرسێنین. دواتریش به شێوەیەك پێکـەنی کـه تـەواوی ددانـه بـه هـۆی دوکەڵی جگەره زەردو ڕەش بووەکانی دەرکەوتن، وتی:

– هەرچەند ئەگەر مەراسیمەکەش نەبێت هەفتـەی دوو سێ ڕۆژ کارەبا نییه.

دواتر خوڵکی کردین تا دابنیشین، خۆیشی له ژوورەکه چووه دەرەوه و کڵاشـەکانی لـەپێکرد و لـه پلـەکان چـووه خـوارەوه، ڕوونـاکی چـراکا سێبەرەکەی خسـته سـەر دیوارەکـه کـه هەرچـی زیـاتر لـه قادرمـەکان دەچووه خوارەوه سێبەرەکەی زیاتر درێـژ و ترسناك دەبـوو. هـەروا کـه وەسـتا بـووم لـه پەنجەرەکـەوه سـەیری دەرەوەم دەکـرد، هـەمو خانووەکان تەواو تاریك و خاڵی بوون، وەکو شـاری مـردووان (ڕۆحـەکان) وەکو ئەوه وابوو هەموو ئەهلی گوندەکه ڕۆشتبن بۆ ئـەو مەراسـیمه. بـه دڵنیاییەوه شتێکی گرنگ بوو یان ئەوەی که بەهۆی زۆر بۆهێنانی بێکاری و نەبوونی سـەرگەرمی، ئـەم جـۆره مەراسـیمەش باشـترین سـەرگەرمی و هۆکاری ڕابواردن و خۆشی بـوو بۆیـان. لـه شـوێنێکدا دانیشـتم و کـەمێك

دواتر دیسان سێبەری کوێخا کەوتە سەر دیوارەکەو دواتر کورتتر و کورتتر بووەوە کەللەی کوێخا دەرکەوت، گۆزەیەك و چەند دانە جامی پێبوو، دیسان لەبەردەم ژوورەکە کڵاشەکانی داکەندو هاتە ژوورەوە و وتی:

**-ئەبێ بمبورن زایەفە لە مەیدانەکەیە (مەبەستی خێزانیەتی)، منیش شارەزای پێشوازیکردن نیم، جارێ قوڕگتان تەڕ بکەن تا ئەو دەگەڕێتەوە.**

گۆزەو جامەکانی خستە بەردەم ئێمەو خۆیشی لە گۆشەیەکدا دانیشت، مامم سوپاسی کرد، بەڵام هیچ کاممان دەستمان نەبرد بۆ گۆزەکە تا خۆی چەمایەوەو گۆزەکەی هەڵگرت و شۆڕیکردەوە (بەراوەژوو) ناو جامێك و شلەیەکی سپی ڕەنگ جامەکەی پڕکرد ئەوسا پێکەنی وتی:

-شیرە، شیری تازە، وانازانم لە شار شتێکی ئاوا دەستبکەوێت.

دواتر دووبارە پێکەنی و دوو جامی تریشی پڕ کرد و پاڵی پێوەنان بۆ بەردەمی ئێمەو وتی:

-نۆشی گیانی بکەن، بەبێ شەرم.

مامم و خەسرەو دووبارە سوپاسیان کرد و هەڵیانگرت، بەڵام من هێشتا دوودڵ بووم، ڕاستییەکەی زۆر دەترسام، بەردەوام چاوم لەمبەرو ئەوبەر بوو کە نەوەك لەو ژوورە نیوە تاریکەدا لەپڕ دوپشکێك، پەسپەسۆکەڵەیەك (گیاندارێکی ڕەش و زەردی چنگدارە لە جاڵجاڵۆکەیەکی گەورە دەچێت و تایبەتە بە ناوچە گەرم و وشکەکان) بدات بە شوێنێکمەوە، خەریك بووم لەژێر چاوەوە سەیری تەنیشتی خۆم دەکرد کە هێندەم زانی کە دەستی کوێخا بە جامێکەوە هاتە پێش دەم و

چاوم، یەکسەر سەرم کێشایە دواوە، ئەوسا کوێخا یەکێك لە هەمان ئەو پێکەنینانەی خۆی کردو وتی:

— فەرموو خانم دکتۆر نۆشی گیانیکە، زۆر تامی خۆشە.

ناچار جامەکەم لە دەستی وەرگرت، کەمێك وەستام، بەڵام بۆ ساتێك بە خۆمم وت من کە ئەبێ دوو ساڵ لێرەبم و ئەم شتانە بخۆم کەوایە بهێڵە هەر لێرەوە دەستپێبکەم، هێشتا نەگەیشتووم با کەس لێم نارەحەت نەبێ و دڵی لێم نەیەشێت، ئاخر ناشرین بوو دەستی خانەخوێ ڕەتبکەیتەوە، جامەکەم وەرگرت و بە ئارامی سوپاسم کردو تۆزقاڵێکم لێ خواردەوە، زۆر تامی خۆشبوو، ئەسڵەن جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئەو شیرەی تا ئێستا خواردبووم، دووبارە جامەکەم برد بۆ لای دەمم و ئەمجارە هەموویم خواردەوە. کە کوێخا پێکەنینێکی تری بە ڕوودا کردم وتی:

— نۆشی گیانت.

منیش زەردەخەنەیەکم بە ڕوودا کردو مامم وتی:

— ئەمە چ مەراسیمێکە؟ ئێوە کێن؟

— من کوێخای مەملەکەتم، خزمەتکاری ئێوە، ئەمەش مەراسیمێکی کۆنە، هەموو ساڵێك لەم شەوەدا ئاگرێك دەکەینەوە و خەڵکی لە مەیدانەکە کۆدەبنەوە، ئێستا تەواو دەبێت.

دووبارە دەنگی گوللە هات، دوو دانە بە دوای یەکدا، دیسان کوێخا پێکەنی و وتی:

— ئێستا تەواو دەبێت.

بەهەرحاڵ ناچار بووین تاقەتمان هەبێت (خۆڕاگربین)، تاقەت لەگەڵ ڕووناکی کەم و بۆنی خوری مەڕ و قاچی کوێخا، زۆر ڕۆمانتیک بوو!

- ببوورن خانم دکتۆر کچتانن؟

مامم: نە برازامە، کچی برامن.

کوێخا: هەریژین، باش گوێبگرن ئاغا دکتۆری پێشتر زۆر زەحمەتی بۆ ئێمە کێشا.

چاوەڕێ بووم کە دەستبەجێ بڵێت خوالێخۆشبوو دووپشک پێوەیدا و مرد، چونکە لە دەوروبەرو سەرسەرمەوە بەردەوام دەنگی خرتە خرت (کرتە کرت) دەهات، چاوم بە دەرو دیوارەوە بوو، گوێم لای قسەکانی کوێخا بوو کە دووبارە پێکەنی و وتی:

- خانم دکتۆر ئێستا باش شارەزای پزیشکین؟ واتە پزیشکی تەواون؟

مامم: ئەگەر پزیشك نەبوونایە دەوڵەت نەیدەناردن بۆ ئێرە کوێخا.

کوێخا: ئەبێ بمبورن، ئاخر ئێمە تا ئێستا دکتۆری خانمان نەبینیووە. واتە ڕاستییەکەی تازە یەك ساڵە بووین بە خاوەنی دەرمانخانە (کلینیك) ئەو یەك ساڵەش دکتۆرێکی پیاو هاتبووە ئێرە.

مامم: نە، خەیاڵتان ئاسودە بێت، خانم دکتۆر باش شارەزای کارەکەیەتی.

- هەروا دەبێ کە ئێوە دەفەرموون.

مامم: ئێستا دەرمانخانەکە لە کوێیە؟

کوێخا: هەر لەم نزیکانەیە، سبەی بەیانی بە ئومێدی خوا پیشانتان دەدەم، ئاسودەبن توخوا قاچتان ڕاکێشن.

تاقەتی ئێمە تا سەعاتێك درێژەی کێشا، واتە تا مەراسیمەکە تەواو بێ و ئەهلەکە بگەڕێنەوە ماڵ و گڵۆپەکان بکرێنەوە، سەعاتێك درێژەی کێشا، بەڵام بە تەواوبوونی مەراسیمەکە و گەڕانەوەی ژنی کوێخا، ماڵ ڕەنگ و بۆیەکی تری بەخۆوە گرت، چای تازە دەمکراو و نانی تازە و سەوزە و پەنیرو سفرەیەکی گوڵداری جوان و یەك جامی گەورە کاکڵە گوێز لەگەڵ کەشکی نایابی دێهاتی و چەند دانە هێلکەی مریشکی خۆماڵی کە بە ڕۆنی حەیوانی کرابوونە ڕۆن و تەواوکەری هەموو ئەمانە یەك گۆزە دۆی بێ هاوتا.

بە کورتی دوای نانی ئێوارە چەند دەست پێخەف هێنرایە نهۆمی سەرەوەو من لە لایەکی ژوورەکەو مامم و خەسرەو لە لایەکی تر تا بەیانی ئاسودە خەوتین.

ئەو شوێنەی ئێمەی لێ بووین لە ڕاستیدا خانووی سەرەکی کوێخا نەبوو، خانووی ئەو لەلای حەوشەکەوە بوو و ئێرەیان بۆ پێشوازی لە میوانانی وەکو ئێمە دروستکرد بوو، کە جاروبار شەو و نیوەشەو ڕوویان دەکردە ناو دێ، بەهەرحاڵ بۆ من بێ وێنە بوو بە تایبەت ئەم خەوەی کۆتایی.

لە تاران لە حاڵەتی ئاساییدا سەعات دوانزە دەخەوتم، بەڵام ئەو شەوە سەعات دەوری دە بوو کە چوومە ناو وجێگەو بە هۆی هیلاکی ڕێگەوە هەر کە چاوم بەست خەو بردمییەوە و بەیانیش هێشتا هەوا (تاریك و ڕوون) بوو کە بە دەنگی کەڵەشێرەکانی دێ خەبەرم بووەوە، واتە چاوەکانم کردنەوە بەڵام نەمدەزانی ڕێك لە کوێم، فێنکی نایابی هەوا، بۆنێکی خۆش کە لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوور، دەنگی خۆشی

کەڵەشێرەکان، هەموو ئەمانە باروودۆخێکی سەرسوڕهێنەریان لە مرۆڤدا دروست دەکرد، بە خەبەربوونەوەی ئێمە سەرو کەلەی کوێخاش بە وتنی چەند (یا الله)یەك پەیدابوو، بە دوایشیدا هەمان سفرەی گوڵداری شەوی ڕابردوو و نانێکی بەیانی خۆماڵی بۆ وێنە بە بوونی چایی و نانی تازە و پەنیر و قەیماغ و هەنگوین، ئەمزانی گەر ئاوا بڕوات ڕۆژی یەك کیلۆ کێشم زیاد دەکات.

بە کورتی دوای نانی بەیانی لەگەڵ کوێخا بەرەو لای دەرمانخانەکە کەوتینە ڕێ، هەروا کە لە کۆڵان و لاکۆڵانە خاکی بەڵام دڵگیرەکانی دێ تێئەپەڕین خەڵکەکە یانی زیاتر ژنان و کچانی دێ لە دەرگاوە سەیریان دەکردین، هەندێکیشیان کە ڕوودارتر بوون، لە ماڵ ئەهاتنە دەرو بە سەرسوڕمانەوە چاویان دەبڕییە من، لەوانەیە زۆر بۆیان سەرنجڕاکێش بوو بێت کە ژنێك یان کچێکیان دەبینی کە لە پیاو و مێردەکانی خۆیان خوێندەوارترە. هەروا کە لە کەناری دیواری باغەکاندا تێئەپەڕین بۆنی خونچە و گوڵەکان مەستیان کردبووم، تێگەشتم کە کەم کەم کوڕانی دێش کەوتوونەتە دوامان، جیاوازی ئەمان لەگەڵ کچ و ژنەکانیاندا ئەوە بوو کە ئازاتر بوون و ئەهاتنە پێشەوەو سڵاویان دەکرد و دواتریش بە مەودایەك لە دوامانەوە بەڕێدەکەوتن، کەمێك دواتر گەیشتینە گۆڕەپانێکی کراوە کە دەرمانخانەکە لەوێ بوو، بینایەکی لە خشت دروستکراوی تازە لەگەڵ حەوشەیەکی تاڕادەیەك گەورە و تابلۆیەك لەبەردەم دەرگا کە بە هەمووانی پیشان دەدا ئێرە دەرمانخانەیە، جێیەکی حکومی کە حکومەت دەیپارێزێت کە لەناکاو ترس و لە ئەنجامیشدا ڕێزی لای مرۆڤ دروست

دەکرد.

کلیل لای کوێخا بوو، دەرگای کردەوە و خۆیشی چووە لاوە تا من بچمە ژوورەوە، منیش چاوەڕێم کرد تا سەرەتا مامم بچێتە ژوورەوە و دواتریش من و خەسرەو لە کۆتایشدا کوێخا، کوڕانی دێش کە کەم کەم پیاوەکانیشیان تێکەڵیان بوو بوون هەروا لە بەردەرگا وەستان. ناوەوەی بیناکە خراپ نەبوو، دوو ژوور لەگەڵ دەستشۆرێك کە ئەم بەشە دەرمانخانەکەی پێکدەهێنا و لە پشتەوەشی بینایەك جیا کرابووەوە ئەویش پێکهاتبوو لە ژوورێك و دەستشۆرێك و هۆڵێکی کەمێك لە ژوورەکە گەورەترو گەرماوێك و چێشتخانەیەك، هەموویان پاك و تازە ڕەنگکراو بوون تەنها تەختی ژوورو هۆڵەکە موزایك (بەرگوندەکە بۆ فەرشکردن یاخود داپۆشینی ڕووبەر بەکاردێت) کرا بوون. مامم بە خەسرەوی وت کە بچێت ئوتومبیلەکە بهێنێت، خەسرەویش لە خانووەکە چووە دەرەوە لەم کاتەدا بینیم چەند نەفەر خەریکن هەندێ شت دەهێننە ژوورەوە، لامکردەوە بەلای کوێخادا کە دیسان وەکو دوێنێ شەو پێکەنی و وتی:

– خەریکن فەرشتان بۆ دەهێنن، هەفتەی پێشوو پێمدان، هەموویان پاك پاك شۆردون و لەبەر هەتاو هەڵیانخستوون.

مامم: دەستان خۆشبێت، بەڵام خۆمان هێنابوومان.

کوێخا: شتی وا هەر نابێت، خانم دکتۆر میوانی ئێمەن، بە ناخێر هاتوون بۆ یارمەتیدانی ئێمە، ئەبێ ئێمە چ مرۆڤگەلێك بین کە ئەرکی نان و نمەك کردن بەجێ نەهێنین؟

دواتر ئاماژەی کرد بۆ ئەو چەند نەفەرەکە فەرشەکان بهێننە ژوورەوە

کە لەپڕ چەند کوڕێکی تریش بە بیانووی یارمەتیدان ڕایانکردە پێشەوە و هەر لەبەر دەرگای خانووەکە قۆندەرەکانیان واتە کڵاشەکانیان داکەند، ئەمسەر و ئەوسەری فەرشەکانیان گرت و هێنایانە ژوورەوەو لە ماوەی چەند چرکەیەکدا ژوورو هۆڵەکە نوقمی فەرش بوون، دواتریش هەموویان هەر وا وەستابوون و سەیری منیان دەکرد، تا بە ئاماژەی کوێخا بە ناچاری لە خانووەکە چوونەدەر، کەمێك دواتریش خەسرەو لەو لایەی کە ڕێگەی ئۆتۆمبیلی لێبوو بە ئۆتۆمبیلەکەوە گەیشت و جانتاکانمی لە سندوقی دواوەی ئۆتۆمبیلەکە دەرهێنا و هێنانیە ماڵ. تا ڕادەیەك هەموو شتێك ئامادە بوو، کوێخاش ڕۆشت تا پێخەفم بۆ بهێنێ، منیش دووبارە دەستمکرد بە سەر کێشان بە خانووەکەدا، لە چێشتخانەشدا سەکۆیەکی* لێبوو کە تەباخێکی نەوتی لەسەر بوو کە لەوانەیە بۆ چێشتلێنان دانرا بوو لەگەڵ چەند دانە (دۆڵاب)ی کانزایی و مێزێکی بچووك و دوو کورسی، بەفرگر (سەلاجە)یەکی حەوت قەدەمیش لە سوچێکدا بوو، گەرماوەکەش هەمووی کاشی کرا بوو، لە سوچێکی هۆڵەکەش سۆپایەکی نەوتی لێبوو، پەردەکانیش هەموویان شۆڕا بوون. بە کورتی نزیکەی هەموو کەلوپەلێکی بۆ ژیانێکی سادە لێبوو. کەمێك دواتر دووبارە کوێخا هاتەوە ئەمجارەش چەند نەفەری لەگەڵدا بوون یارمەتیان ئەدا، زۆرپایەکی نەوتی دەستی (عەلادین) و تەلەفزیۆنێکی چواردە ئینج و دەستێك نوێن و چەرپایەك و چەند دانە قەنەفە و مێزێك و کەمێك پڕ و پیتاڵی تریان هێنا بوو کاتێك

---

* سەکۆ: ئەم سەکۆ جیاوازە لە سەکۆی ئاسایی کە خۆمان تێیگەیشتووین، لێرەدا مەبەست لە شوێنێکە کە ئامێر یا دەزگاو کەرەستەی لەسەر دادەنرێت. وەرگێڕ.

هەموویانیان لە حەوشەکەدا دانا، کوێخا وتی:

– ئەمانەمان برد بوو بۆ ماڵەوە تا بێسەروشوێن نەبن، خانم دکتۆر هەر شتێکی تریشیان پێویستە بیڵێن تا بۆیان بهێنم.

سوپاسیم کرد ئەوسا کەمێك ئەم پێ و ئەو پێی کردو دواتریش ڕۆشت و هەموانیشی لەگەڵ خۆی برد. ماینەوە من و مامەم و خەسرەو کە هەردووکیان بە نارەحەتی وەستابوون و ساتێك سەیری من و ساتێك سەیری خانووەکەیان دەکرد. کە کەمێك تێپەڕی مامم وتی:

– دەی مامە گیان وادیارە هەموو شتێ جێبەجێ بوو.

– زۆر مەمنون مامە گیان، زۆر زەحمەتتان کێشا کە ئەم هەموو ڕێگە هاتن.

مامەم – ئەم قسانە چییە؟

دواتر دووبارە سەیرێکی دەوروبەری کردو وتی:

– باشتر نەبوو لەبری پزیشکی ئەندازیاریت بخوێندایە؟

پێکەنیم..... دووبارە وتی:

– ئیتر ئەبێ دڵێکم لەوێ بێت و دڵێکم لێرە.

ئەمەی وت و لەپڕ لە باوەشی کردم و سەرمی ماچکرد و خێرا ڕۆشت بۆ لای ئۆتۆمبیلەکە و هەروا کە دەڕۆشت خەسرەوی بانگکرد. خەسرەویش یەك هەنگاو هاتە بەردەم من و سەیرێکی کردم و وتی:

– ئەگەر کارێکت هەبوو تەنها یەك تەلەفۆن بکە بۆ ماڵەوە، خێرا خۆم دەگەیەنم.

دواتر دەستی هێنایە پێشەوە و تەوقەم لەگەڵ کردو هەروا کە دەستمی

لەناو دەستیدا هێشتبووەوە، وتی:

- دەزانم بەهێزتر لەم قسانەی کە تەنهایی بیەوێت نارەحەتت بکات، هەرچەندە کە بە ئەو هەموو مرۆڤەی کە بینیم تەنها نامێنیتەوە، هەر یارمەتییەکی ئەم خەڵکە بدەیت بیریان ناچێت و قەدری دەزانن.

دواتریش دەستمی بەرداو لەژێر لێوەوە ماڵئاوایی کردو ڕۆشت بۆ لای ئۆتۆمبیلەکە و سەرکەوت، منیش بە دوایاندا ڕۆشتم، کاتێک کە ئۆتۆمبیلەکەی خستە ئیش بینیم کە چاوی مامم پڕ بوو لە فرمێسك، خۆشم دڵم گیرا بەڵام چارە نەبوو، ساتی کۆتایی مامم وتی:

- خۆزگە نەمهێشتایە پزیشکی بخوێنی.

بە یەك نیگای غەمگینی خەسرەو ئوتومبیلەکە کەوتە ئیش و ڕۆشت. قسەکەی مامم بۆنی ئەوین و دڵتەنگی لێدەهات، دڵتەنگی بۆ من، هەر بەم بیرەو هەستێکی باشەوە گەڕامەوە ماڵەوە، کاتژمێرێك درێژەی کێشا تا دوو سێ دانە قەنەفەو مێز و چەرپا و باقی شتەکانی ترم یەك یەك بردە ژوورەوە و بە سەلیقەی خۆم دامنان، ئەڵبەتە هەندێك شتم کەم بوو کە بە خۆمم وت ئەچم بۆ شار و ئەیانکرم، بەڵام تێکڕا خانووەکە سەروسامانی گرت. گرنگ ئەوە بوو کە میوان بە میهرەبانییەوە پێشوازی لێ بکرێت. لە خانووەکە هاتمە دەرەوەو چوومە حەوشە، بە ڕاستی جوان بوو، هەم حەوشەی ئەمبەرو هەم حەوشەی ئەوبەر، چەند دانە درەختی جوان، باخچەیەکی تازە سەوز بوو، گوڵی وەنەوشە، داری مێو کە نزیکەی نیوەی دیوارەکانی بە گەڵا بچووك و ڕەنگ جوانەکانی خۆی داپۆشی بوو، بە کورتی حەوشەیەکی زۆر دڵگیری هەبوو، واتە تەواوی دێ هەروا بوو، جوان

و سەوز و پاراو، گەڕامەوە ماڵ و چووم بۆ لای ئاو گەرمکەرەکە، کە پێشتر یەکێك پڕی کرد بوو لە نەوت، منیش دامگیرساند و نیو کاتژمێر دواتر ئاوەکە گەرم بوو، دەرگای خانووەکەم داخست و چوومە گەرماو، ماندوویەتی لەشم دەرچوو، باری دەرونیم گۆڕا، جلەکانم لەبەرکرد لەم کاتەدا بینیم یەکێك لە دەرگا دەدات، کوێخا بوو بە یەك دنیا شەرمەزاری و داوای لێبوردنەوە، باڵا پۆشەکەم* لەبەرکرد و لەچکەکەمم دا بە سەرما و دەرگاکەم کردەوە، دیسان لافاوی وشەکانی پۆزش و داوای لێبوردن بەرەو خواربوونەوەو دواتریش وتی:

– خان بانوو ئێوەی بانگهێشت کردووە.

– خان بانوو کێیە کوێخا؟

– خان بانوو، خان بانووە ئیتر.

– واتای چی؟

– زەوییە کشتوکاڵییەکان هی خان بانوون.

– واتە خانی ئەم دێ؟ واتە ئێوە هێشتا خانتان هەیە؟

– خان بانوومان هەیە، هەموو زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئەم دێ و دوو دانە دێی تەنیشتمان هی خان بانوون، ئەمڕۆش بۆ نیوەڕۆ ئێوەی بانگهێشت (دەعوەت) کردووە.

– خانووەکەیان لە کوێیە؟

– قەڵا، هەمان قەڵای کە لەو سەرەوەیە، لێرەوە دیار نییە، لە پشت

* باڵاپۆش: جۆرێك جلوبەرگە وەکو کەوای کوردی کە ئێرانییەکان لەسەر جلوبەرگی ترەوە لەبەری دەکەن. وەرگێڕ

باخەکانی ئەو لاوەیە.
- خان بانوو لە قەڵادا دەژی؟
- ئا، قەڵای ئەریابی، نزیکی نیوەڕۆ دێم بە دواتاندا.
- ئەبێ بیبینم بزانم ئەتوانم بێم یان نا.
- نە، نە، بە دڵنیاییەوە ئەبێ بڕۆن.

وا دیاریوو ئەم بانگهێشتە بە زۆر بوو هەر بۆیە سەرم ڕاوەشاند و کوێخاش خواحافیزی کردو ڕۆشت. باوەڕم نەدەکرد هێشتاش شوێنێك هەبێت خان و خانبازی تێدا مابێت، بە دڵنیاییەوە ئەم خان بانووەش سیمبولێکی ڕۆژگاری ڕابردوو بوو، ڕاستییەکەی پێم خراپ نەبوو کە بڕۆم و ئەو قەڵای کە کوێخا دەیوت بیبینم، لانیکەم بینینی شوێنەوارێکی مێژوویی بوو. سەرم وشك کردەوەو جلەکانم گۆڕی و ئامادەبووم تا کوێخا بێت. ئیتر نزیکی نیوەڕۆ بوو فریا نەدەکەوتم کە سەرێ لە دەرمانخانەکە بدەم و دوامخست بۆ عەسر، پێشموانەبوو جارێ کەس لە دێ نەخۆش بکەوێت، تازە ئەبووایە بمبینیایە کە چ دەرمانگەلێك لە ڕەفەکانی دەرمانخانەکەدا هەن.

لەم بیرکردنەوانەدا بووم کە لە دەرەوە سەرەتا دەنگی کۆکە و دواتر (یا الله یا الله)ی کوێخام بیست، چاوەڕێم نەکرد کە لە دەرگا بدات خۆم دەرگاکەم کردەوەو چوومە دەرەوە، کوێخا سڵاوی کرد و وتی:

- ئامادەن؟
- ئامادەم.
- ئەسپسواری شارەزان؟

– بۆچی؟

– دەی ئەسپیان بۆ ناردوون.

دواتریش بە دەستی بەردەرگاکەی نیشاندا کە بینیم دوو دانە ئەسپ، یەکێك ڕەش و یەکێك قاوەیی لەبەردەرگا بەسترابوونەوە بە محەجەرەکانەوە، تۆزێك سەیرم کردن ئەوسا کوێخا وتی:

– ئەگەریش نازانن عەیبی نییە، خان بانوو وتوویەتی گالیسکەتان بۆ دەنێرن.

دووبارە سەیرێکی ئەسپەکانم کرد، قاوەییەکە هەم زینێکی سادە لە سەر پشتی بوو هەم ئاشکرا بوو کە لە نەژادێکی باش نییە، بەڵام ئەوی تریان سەرەڕای قەد و باڵای جوانی، زینێك لەسەر پشتی بوو بە مێخی (بزمار) گەورەو درەوشاوەوە، قەراغەکانیشی هەموو ڕازێنرابوونەوە کە پێئەچوو بە زیو کاریان لەسەر کرد بێت، مووی گەردنیشیان (یاڵ) هۆندبووەوە، هەرچەندە کە زانیاریم دەربارەی نەژادی ئەسپ نەبوو، بەڵام بیستبووم کە ئەسپە ڕەسەنەکان هەمیشە کلکیان بەرەو سەر ڕادەگرن کە ئەم ئەسپەش هەر وابوو، لە پڕدا ئارەزووم کرد کە سەر ئەسپەکە بکەوم هەر بۆیە بە کوێخام وت:

– نە، پێویست ناکات، هەر ئەمە باشە، کە سەریکەوتم کەم کەم (وردە وردە) فێر دەبم.

دواتر ڕێکەوتم بۆ لای و کوێخاش بەدوامدا هات، کە گەیشتمە نزیکی وا دیاربوو تێگەیشت چ خەیاڵێکم هەیە بۆیە دوو هەنگاو چووە دواوەو حیلاندی.

زۆر ترسام بەڵام بە ڕووی خۆمم نەهێنا ئەوسا کوێخا وتی:

- بێ گومان بن ئەسپێکی چاکە ها! سێ چوار تمەن نرخەکەیەتی.

- سێ چوار چی؟

- ملیۆن، سێ چوار ملیۆن.

- سێ چوار ملیۆن تمەن نرخی ئەم ئەسپەیە؟

- ئەی چی خانم دکتۆر؟ لە مرۆڤ زیاتر تێدەگات، ئەگەر من لێرە نەبم ناتوانن دوو هەنگاو بچنە پێش لێی.

لامکردەوەو سەیرێکی تریم کرد، ڕاستی دەوت، بە ڕاستی جوان بوو، وەها سەری بە شانازی بەخۆکردن و غرورەوە بەرز ڕاگرتبوو کە وەك ئەوەی پێی نەنگ بوو یەکێکی وەکو من لە نزیکیشیەوە بڕوات چ بگات بەوەی کە مۆڵەت بدات سەریکەوم.

ڕاستی ئەکرا هەر ساتێ لەسەر هەردوو قاچی بەرز بێتەوەو بە دەستەکانی بکێشێ بە سەرمدا، هەر بۆیە نەچوومە پێشتر بۆیە کوێخا وتی:

- ئەهای خانمی جوان، بوکە شوشە، خانم دکتۆرمان ئازار نەدەیت ها، خان بانوو تورە ئەبێ. ناوی (بوکە شوشە)یە، فەرموون سەرکەون، ئیتر هاروهاجی ناکات.

- لە کوێوە ئەزانی کوێخا؟

- قسەم لەگەڵی کرد ئیتر، هەر ئێستا.

- واتە هەر بەو چەند ڕستە دەستەمۆ بوو؟

- دەستەمۆ بوو، دەستەمۆیە، لە مرۆڤ زیاتر تێدەگات، خان بانوو زۆد

ڕێزی بۆ داناون کە بوکە شوشەی بۆ ناردوون، فەرموونە پێشێ.

(هێواش ڕۆشتمە پێشەوە بینیم کە لەگەڵ ئەوەی هەوسارەکەی ئازادە (بەردراوە) بەڵام هیچ جوڵەیەك ناکات، قاچم خستە سەر ئاوزەنگەکە و لێواری زینەکەم گرت و سەرکەوتم بەڵام دڵم لە مشتما بوو هەر ساتێك چاوەڕوان بووم کە جوڵەیەك بکات و من بدات بە زەویدا، بەڵام لە جێی خۆی نەجوڵا. کوێخا وتی:

— هەوسارەکە بەرەو هەر لایەك ئاڕاستە بکەن بەرەو ئەو لایە دەڕوات، یەك تۆز ڕایکێشن دەوەستێ، بەڵام کەم ڕایکێشن ها، دەمی بریندار دەبێت، بە پشتی پێتان بە سوکی بدەن لە ژێر سکی دەکەوێتە ڕێ، خۆی جادەکە شارەزایە، بەریبدەیت دەڕوات.

دواتر خۆیشی سەر ئەسپەکەی تر کەوت و هێواش جوڵا، منیش بە پشتی پێم فشارێکی سوکم خستە سەر سکی ئەسپەکە و هەوسارەکەشیم ئازاد کرد ئەوسا بە دوای ئەسپی کوێخادا بەڕێکەوت. لە سەرەوە (سەر پشتی ئەسپەکە) بەرزاییەکە زیاتر ئەهاتە پێش چاو، هەرچەندە شتێکی دەوروبەری دوو مەتر بەرزایی خودی بوکە شوشە بوو. کۆڵانی یەکەم و دووەم هێواش ڕۆشتین، ترسم کەم کەم خەریك بوو لەناوئەچوو ئەوسا کوێخا توندی کرد و ئەسپەکەی بە حاڵەتی گورگە لۆقە بۆی دەرچوو و بوکەشوشەش بە دوایدا، دووبارە ترسام بەڵام کەمێك دواتر ڕاهاتم لەم ساتەدا لەپڕ بوکە شوشە چووە تەنیشتی ئەسپەکەی کوێخا و ویستی کە تێیپەڕێنێ، ویستم هاوسارەکەی ڕاکێشم بۆیە کوێخا وتی:

— بەریدە خانم دکتۆر، ڕانەهاتووە کە دوابکەوێت، ئەمە بە دڵنیاییەوە

ئەبێ لە پێشەوە بڕوات.

بیرم نەدەکردەوە کە لەناو ئەسپەکانیشدا ئەم بابەتانە هەبێت، ئیرەیی و هەستی لەپێشتری، بەڕاستی سەیر بوو، کوێخا ڕاستی دەوت، بوکە شوشە کاتێك کە کەوتە پێش ئەسپی کوێخا ئارامتر بووەوەو بە هەمان حاڵەتی گورگە لۆقە ڕۆشت. کەم کەم خەریك بوو حەزم لێدەکرد (خۆشم لێدەهات)، هەستێکی خۆشم لا دروست بوو بوو، لە کەناری دیواری باخەکان تێدەپەڕین و دەمتوانی ناوەوەیان ببینم، هەموو سەوز و پڕ درەخت، بۆنی خونچەی درەختەکان هەموو شوێنێکی پڕ کردبوو، بوکە شوشەش وەها دەڕۆشت کە وا بیرم دەکردەوە خەریکم دەفڕم، هەروا کە لە باخەکان تێئەپەڕین گەیشتینە نزیك مەیدانی دێ، بە دەنگی پێی ئەسپ یەك یەك دەرگای ماڵەکان ئەکرانەوەو ئەهلەکە لێیانەوە ئەهاتنە دەر، ژن و پیاو و کچ و کوڕ و منداڵ، هەموو بێدەنگ، تەنها سەیری منیان دەکرد، منیش ڕاست و پتەو لەسەر پشتی بوکە شوشە دانیشتبووم ئەتگوت کە چەندین ساڵە ئەسپسوارم، بوکە شوشەش وەها سەنگین و گورگە لۆق دەڕۆشت وەك ئەوەی کە خەریکە ناوچەیەکی ڕزگارکراو لە ناوەڕاستی شارێکی شکستخواردوو تێئەپەڕێنێ. لە مەیدانی دێ تێپەڕین و چەند دانە کۆڵان و باخی ترمان لە دوامانەوە جێهێشت و گەیشتینە دەرەوەی دێ، ئەوسا کوێخا بە دەستی، بەشی سەرەوەی گردێکی تا ڕادەیەك بەرزی پیشاندا، کەمێك سەرمم وەرگەڕاند، بینیم هەر بە ڕاستی قەڵایەك لەو سەرەوەیە، قەڵایەکی زۆر گەورە و جوان، هەم شوێنەوارێکی کۆن بوو و هەم پتەو و شیاوی نیشتەجێ بوون، دیواری بەرز، کە چوار دانە قولەی





بچوك لە چواردەوری بوو، باوەڕم نەبوو کە شتێکی ئاوا لێرە هەبێت، تا ئەو جێیەی کە لەم مەوداوە دەمتوانی ببینم، لە جۆرێك بەردی ڕەش دروست کرابوو، هەموو جێیەکی چ دەرەوەی چ ناوەوەی پڕ بوو لە درەخت، ئەو جێگەیەی کە ئێمە خەریك بووین لێوەی دەڕۆشتین خاکی بوو (خۆڵ) هەردوولاکەشی کێڵگەی گەنم، بەڵام کەمێك کە ڕۆشتینە پێشەوە و گەیشتینە دامێنی گردەکە، هەموو شوێنێك سەوز بوو و ڕووی زەوی شتێك بوو وەك چیمەن، ئیتر لەوێ بەدواوە کە دەڕۆیشتین تەپ و تۆز لە زەوی بەرز نەدەبووەوە، وەك شتێ بوکەشوشەش حەزی لەوە بوو کە ژێر قاچی لەبری خاك چیمەنە، لە پەسا سەری سەرو خوار پێدەکرد، لەوانەشە لەبەرئەوەی گەشتبووە نزیك خانووەکەی ئەم کارەی دەکرد، بە ڕادەیەك جوڵەکانی جوان بوو کە کوێخا دەستیکرد بە پێکەنین و وتی:

– بە دڵنیاییەوە حەزی لە یارییە.

ڕێگە کەمێك بەرەو ژوور بووەوە و کەم کەم لە دوورەوە دەنگی ئاو دەهات، وەکو دەنگی ڕووبارێك.

– کوێخا دەنگی چییە؟

– ڕووبار، ڕووبارێکی جوان لە تەنیشت قەڵاکەوە تێئەپەڕێ و ئەڕوات.

– دێتە ناو گوندەکە؟

– نە هەر لێرەوە دەڕواتە تەنیشت گەنمە چێنراوەکان.

– کوێخا خان بانوو ناوی چییە؟

– هەر خان بانوو.

– هەر بەڕاست هەموو ئێرە هی خان بانووە؟

- ئێرەو دوو دانە ئاوایی تر.

ئیتر بەڕاستی بۆم سەرنجڕاکێش بوو، سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەر، هەروا کە لە گردەکە دەچووینە سەرەوە سەیری قەڵاکەم دەکرد، جۆرێکی تایبەت بوو، جۆرێك ڕەمز و ڕازی تێدا بوو، بێدەنگ و پتەو لەو سەرە دانیشتبوو، زۆربەی دیوارەکانیشی لە ژێر لاولاودا شاردرابوونەوەو هەر ئەمەش هەیبەت و سامێکی سەیری پێدەدا. کەم کەم لێی نزیك بووینەوە، سەرەوەی گردەکە لە پشتەوەی قەڵاکە دەشتێکی زۆر گەورەو سەر سەوز بوو، بەشێکی پڕ بوو لە گوڵگەلێك کە لە دوورەوە لە هەڵاڵە دەچوون، بەشێکی تر وەك شتێ مەزرای گەنم بوو و پاشماوەشی چیمەن بوو، واتە جۆرە گیایەك کە لە چیمەن دەچوو، بەڵام هەروا کە سەیرت دەکرد هەموو شوێنێك سەوز و پاراو بوو، دوای مەودایەکی زۆر فراوانیش دارستان و لێرەوار دەستی پێدەکرد کە درەختەکانی لەم مەوداوە (دوورییەوە) زۆر بچوك بەرچاو دەکەوتن. ئیتر زۆر لە قەڵاکە نزیك بوو بووینەوە، بە شێوەیەك کە بە تەواوی دەمتوانی دوو نەفەر کە لەبەر دەرگا گەورەکەی بە تفەنگەکانی سەر شانیانەوە وەستابوون لە یەك جیابکەمەوە، بەسەرهاتەکە وادیار بوو تەواو ڕاستی بوو، ئێرە دێیەکی زۆر سەر سەوز بوو بە خانێکی خاوەن موڵکەوە، ڕێك وەك سەردەمی کۆن، هیچ گاڵتەیەکیش لە گۆڕێ نەبوو، بەو شێوەیەش کە لەبەرچاو دەکەوت خان بانوو زۆریش بە گەورەیی و شکۆوە لەوێ دەژیا.

تەقریبەن گەیشتبووین کە کوێخا ئارام وتی:

- تفەنگچییەکان هەموویان خان بانوویان خۆشدەوێت و ئامادەن گیانی

هەموومان قەرزارینی،
لەپێناودا دابنێین، هەرکامیان بە جۆرێك قەرزارینی، لە سەد دانە پیاو پیاوترە.
بەڵام ژنە ها، شێرە ژن، دەرگای قەڵاکەیان کردەوەو تفەنگچییەکان کاتێك ئێمەیان بینی، کاتێك کە لە کەناریانەوە ئێمەش هەروا بە ئەسپەوە ڕۆشتینە ناو قەڵاکە، سڵاو و ڕێز بۆم هێنایە خوارەوە، تێنەپەڕیم، هێواش سەریان بە شێوازی قەڵاکە تێپەڕین، قەڵا بۆیە منیش بە سەر وەڵامم دانەوە و لە دەرگای مەتر زەوی دەبوو، شتێك بوو لەوانەیە نزیکەی حەوت هەشت هەزار مەتر نێوانیان بوو، دەور بەردەم دەرگا تا بینای قەڵاکە نزیکەی دوو سەد کە شنەی با جوڵەیەکی تا دەور (چواردەور) درەختی گەورەی گوێز بوو، زۆر جوان بوون بە ئارام و جوانی پێدەدان، بەش بەشیشی باخچەگەلی لە ناوەڕاستی گوڵگەلی جۆراوجۆر و هەمەچەشن، لە جێگەیەکیش ئەستێلێکی زۆر زۆر حەوشەی قەڵاکەدا ڕێك (دروست) لەبەردەم بیناکەدا هەموو درەختگەلی گەورە هەبوو، چواردەوری دەرەخت بوو، پێدەچوو خەریك بووین لێوەی میوە بن، هەردوولای ئەو ڕێگەیەش کە ئێمە زۆر بەرزیان دەڕۆشتین تا بگەینە بیناکە عەرعەری (دارێکی ڕێك و جوانە) بە گوڵ و گیاو ناشتبوو، ئاشکرا بوو کە خان بانوو زۆر وابەستەیە من لەوێ دەمبینین هەموو سروشتەوە چونکە هەر درەخت و دەوەنێك کە بەردەم بیناکە کە لە سەر سەوز و گەشاوە بوون. سەرەنجام گەیشتینە گەورە، واتە دە پازدە پلە دەچوویتە سەرەوە بۆ ناو هەیوانێکی زۆر زۆر کە بۆ نموونە کۆشکی با ئاوا بڵێم، ڕێك وەکو ئەم فیلمە ئینگلیزییانە لۆردێك پیشان دەدەن، لە بەردەم پلەکان (قادرمە) تفەنگچییەکی تر

چاوەڕوان بوو کە هەر کە گەیشتینە بەردەمی سڵاوێکی کردو هەوساری بوکە شوشەی گرت و ئینجا من دابەزیم، چوومە بەردەمی و گەردنیم نەوازش کرد، لەم کاتەدا دیسان یەك حیلەی کرد وەك شتێ ئەمجارە لە ڕووی خۆشییەوە بوو، چەند جار سەری تەکاندا، زۆر چوو بە دڵمدا. کوێخاش لە ئەسپەکەی دابەزی و هەوسارەکەی دا بە ئەو تفەنگچییە و چاوەڕوان وەستا تا من ناز و نەوازشی بوکە شوشە تەواو بکەم، دواتریش دوو بە دوو لە پلەکان چووینە سەرەوەو لە هەیوانە گەورەکە تێپەڕین و کوێخا دەرگایەکی دارینی نەخش لەسەر هەڵکۆڵراوی کە یەك مەتر و نیو لە باڵای من بەرز تر بوو کردەوە، سەرەتا من و دواتریش خۆی چووینە ژوورەوە کە چیم بینی!؟

هەرچی دەرەوەی قەڵا حاڵەتی مێژوویی خۆی پاراستبوو، ناوەوەی قەڵا خۆی لەگەڵ مۆدێلی ڕۆژدا گونجاند بوو، شیك و مۆدێرن، هەم ئەم دژایەتییە هاو ئاهەنگیەکی زۆر جوانی لەنێوان دەرەوەو ناوەوەی قەڵاکە دروست کرد بوو، دەستپێکی (سەرەتای چوونە ژوورەوە) بیناکە هۆڵێکی زۆر زۆر گەورە بوو، کە کۆتاییەکەی دوو ڕیز قادرمەی هەبوو، نهۆمی خوارەوەی دەبەستەوە بە نهۆمی سەرەوە، ناوەڕاستی ئەم قادرمانە ئاسانسۆرێکی زۆر جوان بوو، بە دەرگایەکی ئاسنییەوە کە بە شێوەی محاجەرەی مێژوویی دروستیان کرد بوو، تەختی هەموو شوێنێك سیرامیکی ڕەش بوو، لەو سیرامیکە گەورانەی کە هەمووی دەدرەوشایەوە، سەیری هەر شوێنێکت دەکرد پڕ بوو لە درەختی سەرەکی وەکو گەڵای هەنجیر و کاژی چین چین و چەند جۆر ڕووەکی

جوانی تر، کە ناویانم نەدەزانی، ڕێك لە ناوەڕاستی هۆڵەکەشدا شتێکی وەکو کڵاوڕۆژنە هەبوو، کە تیایدا داری نارنج و پرتەقاڵ و لیمۆ ترشیان ناشتبوو، ڕێك وەکو باخچەیەك لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا، سەقفی سەرەوەی ئەم باخچەش شوشە بوو کە باخچەکە لێیەوە ڕووناکی وەردەگرت، هەردوولای هۆڵەکەش تا ژێر سەقفەکە پەنجەرەگەلی زۆر زۆر بەرز بوون، بە پەردەگەلی زۆر زۆر شیکەوە، لەسەر ڕووی قادرمەکانیش کە لە کۆتایی هۆڵەکەدا بوون فەرشی باریکیان بە ڕەنگی جوانی نیلی بە شێوازی پێچاو پێچ ڕاخستبوو. هەروا کە خەریك بووم سەیری هۆڵەکەم دەکرد، لە لایەکەوە کچێکی جوان بە جلوبەرگی خزمەتکارەوە هاتە بەردەممان و سڵاوی کرد و داوای لێکردم کە بەدوایدا بڕۆم، کوێخاش هەر لەوێدا وەستا بوو سەیری منی دەکرد، تێگەیشتم کە قەرار نییە ئەویش بێت لەگەڵم، هەر بۆیە بە دوای ئەو خزمەتکارەدا بەڕێکەوتم، ڕۆشتین بەرەو لایەکی هۆڵەکەو دەرگایەکی بە نەخش هەڵکۆڵدراوی دوو تاکی کردەوەو خۆیشی لەلاوە وەستا، بە تەواوی گێژ بوو بووم، لە ڕاستیدا ئێرە کۆشکێك بوو.

لە دەرگاکە چوومە ژوورەوە، وادیاربوو هۆڵی سەرەکی ئێرە بوو، کە لەسەر هەمان ئەو سیرامیکە ڕەش و درەوشاوانە بە دووری چەند مەتر چەند، قالیچەگەلی ئاوریشمی زۆر زۆر جوان و ناسك و بە نرخ ڕاخرا بوون، هەر سوچێکی ئەم هۆڵەشت کە ئەبینی دەستەیەك قەنەفەی شیك دانرا بوو، هەر چواردەورم پەیکەر بوو، پەیکەری مرۆڤ و ئاژەڵ، هەموویان لە بەردی مەڕمەڕ دروست کرابوون بە ڕەنگگەلی جیاواز، ئەسڵەن نەمدەتوانی

بڕوا بەو شتانە بکەم کە دەمبینین، سەرسام بووم بەو هەموو شتە جوانە، ئەو چلچرایانەی کە بە سەقفی ئەوێدا هەڵواسرا بوون، نەدەکرا نرخەکەیان دیاری بکەیت، چەند مەعرەزێك کە ناوەکەیان پڕ بوو لە دەفرگەلی زێڕین و زیوین، تابلۆگەلێك کە بە دیوارەکانەوە بوون پێئەچوو نرخی هەرکامیان بەرامبەر بێت بە نرخی ئاپارتمانێك لە شار، لەوانەیە ئەگەر لەو ساتەدا یەکێك لەو چوار پەیکەرەم کە لە شێوەی سەگ بوون و چاویان نەدەتروکاند هەبووایە، چەندین کاتژمێر لە حاڵەتی حەپەساندا بمامایەتەوە، لە پڕ عارەقێکی سارد نیشتە سەر لەشم، لە ڕاستیدا ئەو چوار دانە پەیکەر نەبوون، چوار دانە سەگی هەوشاری ڕەش و گەورە هەروا لەسەر هەردوو قاچیان دانیشتبوون و بێ جوڵە خەریك بوون سەیری منیان دەکرد، واتە چاودێرییان دەکردم، بچوکترین جوڵەمیان خستبووە ژێر چاودێرییەوە، لە ترسدا هەناسەم وەستا، بۆیە ئەو کچە دەستبەجێ وتی: (مەترسن کاریان بە ئێوە نییە، بەڵام مەگەر ئەکرا نەترسی؟ هەرکامیان هەروا کە دانیشتبوون سەریان تا کەمەری من دەگەیشت، بە ڕادەیەك ترسناك بوون و بەبێ هەست و بە نیگا چاودێریان دەکردم کە نەمدەوێرا لە جێگەم بجوڵێم، سەرەنجام هەرچۆنێك بوو بڕیاری خۆممدا و بەرەو لای سەرەوەی هۆڵەکە کە ئەو کچە خەریك بوو بۆی دەڕۆشت جوڵام، ڕاستییەکەی ئەوەش لە ترسدا بوو، نەمدەویست لەگەڵ ئەو سەگانەدا بە تەنها بمێنمەوە، هەر بۆیە خێرا بە دوای ئەو خزمەتکارەدا ڕۆشتم، سەرەوەی هۆڵەکە ئاگردانێك بوو کە من هەروا بە وەستاوی دەمتوانی بچمە ناوی، نزیکەی دوو مەتر پانییەکەی بوو، بەرزییەکەشی

هەروا، بەردەمەکەشی چەند دانە قەنەفەی ئیستیلی شکۆدار بوو، کە من تەنها پشتەکەیانم دەبینی، بەدبەختی ئەوە بوو کە هەروا کە خەریکبووین دەڕۆشتین سەگەکانیش ئارام و بێ دەنگ خەریکبوون بەدواماندا دەهاتن، حەزمدەکرد بمتوانیایە هەمان سات لەوێ هەڵبێم، بیستبووم کە هەوشار ترسناکترین جۆری سەگە، هەرکامیان تەوقێکیان بە گەردنەوە بوو کەشتگەلێکی وەکو بزمار لێوەی هاتبووە دەر. سەرەنجام گەیشتین بە کۆتایی هۆڵەکە ئەوسا ئەو کچە وەستاو وتی:

- خانم دکتۆر تەشریفیان هێنا خان بانوو.

تێنەگەشتم کە خەریکە لەگەڵ کێ قسە دەکات، لەم کاتەدا لە پڕ لەسەر یەکێك لە قەنەفەکان کە پشتی لە من بوو خانمێك هەستا، ژنێك نزیکەی شەست ساڵ، لاواز و بالابەرز، بە قژی ڕەش و سپی درێژەوە کە لە پشتیەوە بەریدابووەوە و تا نزیکی کەمەری دەگەیشت، بەبێ لەچك، پانتۆلێکی ڕەشی لەپێکرد بوو کە بەشی خوارەوەی (دەرقاچە) خستبووە ناو پووتەوە، ئەویش چ پووتێك!؟

کراسێکی سەتەنی ڕەنگ جوانی سوریشی بەسەر پانتۆلەکەدا لەبەر کردبوو، قایشێکی جوانیشی لەسەر بەستبوو، ئارام لە جێگەکەی هەستا و سوڕایەوە بەرەو لای من و سەیرێکی کردم و هاتە پێشەوەو هەروا کە دەستی بەرەو لام درێژکرد و وتی:

- بەخێرهاتن خانم دکتۆری گەنج و جوان.

سڵاوم لێکرد، ئەوسا وتی:

- بیستبووم کە کچێکی جوانن بەلام ئەمەم دابووە پاڵ ئەو

پەسەندانەی کە ئەم پیاوە چاو باشقاڵانە دەربارەی هەر کچێکی گەنج و شاری دەیکەن، بەڵام ئێستا ئەبینم کە ئاوا نەبووەو ئێوە بەڕاستی جوانن. تەوقەم لەگەڵی کرد و سوپاسیم کرد، دەم و چاو جوڵەو ڕەفتاری جۆرێك بوو کە دەستبەجێ مرۆڤی بەرەو خۆی ڕادەکێشا، بەبێ ویست بە ڕوویدا پێکەنیم بۆیە ئەویش پێکەنی و هەمان جۆر کە دەستی لە دەستمدا بوو بردمی بۆ لای یەکێك لە قەنەفەکان و لەسەری داینیشاندم و خۆیشی ڕۆشت لەسەر قەنەفەکەی تەنیشتەوە دانیشت و ئاماژەیەکی بۆ ئەو خزمەتکارە کرد ئەویش دەستبەجێ ڕۆشت، هەر لەو کاتەدا سەگەکان هاتن و ڕێك بە دووری دوو مەتر لە منەوە لە بەردەمم دانیشتن و هەمان جۆر سارد و بێ گیان سەیریان دەکردم، دەستبەجێ خان بانوو تێگەیشت کە دەترسم، وتی:

- هەرگیز مەترسن، ئەم سەگانە لەگەڵ ئەوەی کە یەکجار درندەن، دەستەمۆ و پەروەردە کراویشن، بۆ من وەکو پارێزەروان.

دواتر ئامازەیەکی بۆ کردن کە لەبەردەمم چوونە ئەولاوەو دووریان لێمگرت، باوەڕم نەدەکرد کە ئەوەندە تێگەیشتوو بن کە بەیەك ئامازە فەرمانی خاوەنەکەیان ئەنجام بدەن. بە کورتی هەناسەیەکی ئاسودەم هەڵکێشا ئەوسا خان بانوو وتی:

- کاتێك بیستم بڕیارە پزیشکێکی خانم بنێرن بۆ ئێرە زۆر خۆشحاڵ بووم، سەفەرەکەتان چۆن بوو؟

- مەمنون، باش بوو.

- کاتێ هاتن بینیتانم، گوایە مام و کوڕە مامەکەتان لەگەڵتان بوون؟

- هاتبوون تا خەیاڵیان ئاسودە بێت.

- دەی حەقیشیان بووە، نە ئەبوو خانم دکتۆرێکی جوانی وەکو ئێوە لە دێیەکی بێگانەدا بە تەنها وێڵ بکەن.

- مەمنون، ئێوە ڕێزتان هەیە.

- دەورەکەتان چەنێک درێژە ئەکێشێ؟

- لەوانەیە دوو ساڵ.

- هەر زۆر باشە، ئەتوانین بەهرەی زۆر لە بوونتان وەرگرین، خەڵکی ئەبێ خۆشحاڵ بن کە ژنان و کچانی وڵاتەکەمان ئەوەندە پێشکەوتوون.

- مەمنون.

هەر لەو کاتەدا هەمان کچ لەگەڵ خزمەتکارێکی تردا هاتن و چایی و شیرینییان بۆ هێناین، سینییەک کە دوو قۆری و چوار فنجانی زۆر شیکی لەسەر بوو، لەو شتە مێژووییانە، یەکێکیان سینییەکی خستە سەر مێزەکەو ئەویتر دەستیکرد بە چایی تێکردن بۆمان و دواتریش لێی پرسیم چاییەکە بە شیرینییەوە دەخۆم یان نە، کە وتم نە و ئەویش فنجانەکەی دایە دەستم و دەفری شیرینیەکەی هەڵگرت و خوڵکی کردم، شیرینیەک کە تا ئێستا نەمبینی بوو، دانەیەکم هەڵگرت، خان بانوو وتی:

- شیرینی خۆماڵی ئێرەیە، زۆر بەتامە.

سوپاسیم کرد و شیرینییەکەم خستە سەر دەورییەک، خزمەتکارەکانیش دوای ئەوەی کە چاییان بۆ خان بانوو تێکرد ڕۆشتن، کەمێکم لە چاییەکەم خواردەوە، بێ هاوتا بوو، ئەتوانم بڵێم کە تا ئەو کاتە چاییەکی وەها خۆش تام و بۆنم نەخواردبووەوە هەر بۆیە وتم:

- چ چاییەکی نایاب! زۆر تامی خۆشە.
- نۆشی گیانت بێت ئەزیزم.
- مەمنون، کۆشکێکی زۆر جوانتان هەیە، وەکو کۆشکی ناو فیلمەکان وایە، زۆریش بە سەلیقەوە ڕازێنراوەتەوە، لەو گوڵ و ڕووەك و درەختانەی کە لێرە بینیم گومانم برد کە ئەبێ زۆر وابەستەی سروشت بن.
- مەمنون عەزیزم، گومانەکەت ڕاست بووە، من عاشقی سروشتم، هەر بۆیەش لێرەم و تەنها جار جار ئەچم بۆ تاران، تاقەتی قەرەباڵخی و جەنجاڵیم نییە، بە تایبەت ئەو هەوا پیس و دوکەڵاوییە.
- بەڕاستی حەیفە مرۆڤ شوێنێکی وەکو ئێرە وێڵ بکات و بچێت لە شار بژی.
- دەی ئێرەش کێشەگەلێکی هەیە، واتە ئەبێ عاشق بیت تا بتوانیت لەم جۆرە جێگانەدا هەڵبکەی، ڕاستی بارودۆخی خانووەکەت چۆنە؟
- خراپ نییە، سەرەنجام ئەبێ بسازێیت.
- ئەو شتانەی کە بۆم ناردی کوێخا هێنای؟
- ئەو کەلوپەلانە ئێوە ناردبووتان؟
- ئەرێ ئەزیزم، وتم جارێ ئەوانەت بۆ بهێنن تا دوایی هەرچیت پێویست بوو خۆت بڵێیت.
- زۆر مەمنون، وامزانی ئەو کەلوپەلانە هی ئەهلی گوندەکەن.
- پێیان دەڵێم سەتەلایتیشت بۆ دابنێن.
- نە، زۆر مەمنون، ڕازی نیم ئێوە زەحمەت بکێشن.
- ڕاستییەکەی دەمویست داوات لێبکەم کە بێیت و لێرە بژیت، واتە

ئەڵبەتە زۆرت لێناکەم بەڵام..

– ئێرە کێشەی هەیە؟

– کێشەکە کە نە، بەڵام سەرەنجام هەر شوێنێکی وەکو ئێرەیە کە لە ناوەندی شارەوە کەمێك دوورە گرفتگەلی خۆی هەیە.

– لەبەر سەلامەتی و ئاسایشی من دەڵێن؟

– تا ڕادەیەك.... چاییەکەت بخۆرەوە با سارد نەبێتەوە.

دواتر دەورییەکەی هەڵگرت و خولکی کردم بۆ خواردنی ئەو شیرینییەی کە لە ناویدا بوو و وتی:

– ئەم پیاوانە هەر کە ئەسپێك لە ژێر پێیان و تفەنگێك بە دەستیانەوە دەبینن، ئارەزووی یاخیبوون دەکەن و ئەدەن بە کێودا، خەیاڵ دەکەن هەر کەسێ ئەسپ و تفەنگی هەبوو خولەپیزەیە[1].

– مەگەر لەم شوێنانەش کەسی یاخی هەیە؟

– هەر شوێنێك کێوی لێ بێت کێونشینیشی لێیە.

– واتە ئەکرێ..

– نە، بیرت لای ئەم بابەتانە نەبێت، ئاسایشمان هەیە، منیش هەم، خەیاڵت ئاسودە بێ، بەڵام ئەمەم وت وەکو ئەڵێن (ماڵی خۆت توندبگرە و سەگی کەس بە دز مەزانە)[2].

لێرە ژمارەیەك ئاژاوەچی داویانەتە کێو جارجار شەوانە دێن و هەندێ لە دێکانی دەوروبەر و تالانی ئەنجام دەدەن و ئەگەریش بۆ نمونە ژنێك یان

---

[1] دەربڕینی وەرگێڕ.

[2] پەندێکی کوردییە کە هاو واتایە لەگەڵ ڕستە فارسییەکەی نوسەر.

کچێکیان دەستبکەوێ ئەیدزن و ئەیبەن بۆ کێو. بە حەپەساوی سەیرم کرد خۆی تێگەیشت و وتی:

- نامەوێت بتترسێنم بەڵام ئەگەر شەوێك نیوە شەو کەسێکی بێگانە هات و بۆ نمونە ویستی بە بیانووی نەخۆشی و ئەم شتانە لەگەڵ خۆی بتبات، مەڕۆ، دەرگاشی بە ڕوودا مەکەرەوە.

- چۆن تا ئێستا دەستگیریان نەکردوون؟

- تا ئێستا ئەندامانی هێزە یاساییەکان چەند جار ڕووبەڕوویان بوونەتەوە بەڵام هەمیشە هەر کە هێزە ئەمنییەکان دێن ئەوان هەڵدێن، هێڵی سنور دوورو درێژە ناشبێ بۆ هەر دێیەکی بچوکیش بنکەیەکی پۆلیس دروست بکەن، ئەو کاتانەی کە پشێوی و ئاژاوە زۆر دەنێنەوە هێزە ئەمنییەکان هەڵمەتیان بۆ دەکەن و تەفر و توونا دەبن، بەڵام ماوەیەك دواتر دووبارە یەکتر دەدۆزنەوە، ئێستا نیگەران مەبە، ئەوان کاریان بەم چەند دێ نییە، تفەنگچییەکانی ئێمە زۆر دلێرن. کەمێکم لە چاییەکە خواردەوەو شیرینییەکەم خستە دەمم نایاب بوو.

- زۆر بەتامە.

- یەکێك لە خانمەکانی دێ دروستیان دەکات.

- بەڕاستی نایابە.

هەمان کات دەنگی دەرگای هۆڵەکە هات و دواتریش دەنگی پێ و پاشان یەکێك لە تفەنگچییەکان هاتە پێشەوەو وتی:

- خان بانوو کوڕەکە ئامادەیە.

خان بانوو کە پاڵی بە قەنەفەکەوە دابووەوە سوڕایەوە بەلای

تفەنگچییەداو سەرێکی بۆی ڕاوەشاند بۆیە ئەویش کورنوشێکی کورتی برد و ڕۆشت. کاتێك تەنهاماینەوە خان بانوو وتی:

– تاقەتت هەیە شتێك ببینی؟

سەرم ڕاوەشاند ئەوسا لە جێگەکەی بەرزبووەوەو دەستی بەرەو لام درێژ کرد و وتی:

– خراپ نییە کە کەم کەم بە کەشی ئێرە ئاشنا بیت.

دەستم دایە دەستی و لە جێگەکەم هەستام و دوو بە دوو کەوتینە ڕێ، دەستبەجێ ئەو چوار سەگەش کەوتنە ڕێ و هاتنە پێشمان و وەکو چوار پارێزەر لە دووری یەك مەتر لێمانەوە کەوتنە ڕێ، لایەکی ئەم سالۆنەش وەکو سالۆنەکەی دەرەوە پەنجەرە گەلی بەرزو بڵند بوو تا بنمیچ، خان بانوو ڕۆشت بەرەو لای یەکیان و کردیەوەو دەستبەجێ سەگەکان بازیاندایە دەرەوەو وەستان، ئەوێ پشتەوەی بیناکە بوو بەرامبەرەکەشی هەمان ئەو دەشت و دارستان و کێوانە بەرچاو دەکەوتن، پێشەوەی بیناکەش وەکو ئەولاکەی هەیوانێکی گەورە بوو و خوارەوەشی گۆڕەپانێکی گەورە.

کاتێك چووینە هەیوانەکە بینیم کە چەند دانە تفەنگچی کوڕێکی گەنجی نزیکەی بیست و دوو، بیست و سێ ساڵەیان بە گوریس بەستۆتەوەو ڕایانگرتووە، هەر کە کوڕەکە خان بانووی بینی جوڵەیەکی کرد وەکو ئەوەی بێتە پێشەوە، بەڵام ئەو چوار سەگە لەپڕ مۆڕیان بردەوەو ئامادەبوون بۆ هەڵمەتبردن بۆیە کوڕە لە جێی خۆی وشك بوو دواتریش هەروا کە چاوی بە سەگەکانەوە بوو بە حاڵەتی پاڕانەوەوە وتی:

- خان بانوو هەڵەم کرد، تۆبە، تۆبە، ئیتر ئەو کارانە ناکەم، توخوا بمبورن، هەڵەم کرد.

خان بانوو سەیرێکی کرد و دواتریش ئامآژەیەکی بە یەکێك لە تفەنگچییەکان کرد ئەوسا ئەویش هاوارێکی کرد و لەولای بیناکەوە دوو تفەنگچی تر بە دارێکی ئەستور کە هەردوو سەری گوریسی پێوە بەسترابوو لەگەڵ شتێکی وەکو شوڵی چەرمییەوە هاتن، دەستبەجێ تفەنگچییەکان کوڕەیان لە زەوی بەرزکردەوەو بە درێژی پاڵیانخست و ئەوانی تریش قۆنەرە و گۆرەوییەکانیان لە پێی داکەند و قاچەکانیان بەستەوە بەو دارە ئەستورەوە، تازە تێگەیشتم کە دەیانەوێ فەلاقەی بکەن، لامکردەوەو بە سەرسوڕمانەوە سەیری خان بانووم کرد بۆیە سەرێکی بۆ ڕاوەشاندم و یەك هەنگاو چووە پێشەوەو بە ئەو کوڕەی وت:

- مەگەر لێرە ژیانت دابین نەبوو؟

کوڕەکە ئیتر پەڵمە گریان بوو بوو بە حاڵەتی پاڕانەوەوە وتی:

- بوو، بوو.

- بۆچی داتە کێوو تێکەڵی ئەو شڕەخۆرانە بوویت؟

- کەرێتی، هەڵەمکرد، هەڵەم کرد.

- بۆچی ڕۆشتی و قژی ژنەکەتت تاشی بوو؟

- هەڵەم کرد، گوم خوارد.

خان بانوو ئاماژەیەکی بۆ ئەو تفەنگچییە کە شوڵەکەی بە دەستەوە کرد و لەسەرخۆ، بە شێوەیەك کە کوڕە نەبینێ بە پەنجەکانی ئامآژەی چواری نیشاندا بەڵام بە دەنگی بەرز وتی:

– دەدانە لە ئەم قاچەکەی و دە دانە لە ئەو قاچەکەی دەدەی.

دواتر دەستی منی گرت و گەڕاینەوە بۆ بیناکە، سەگەکانیش بە دواماندا هاتن و خان بانوو پەنجەرەکەی بەست و لە پشتیەوە وەستا، لەو پشتە دەمانتوانی دیمەنەکە ببینن. تفەنگچییەکە ڕۆشتە پێشەوەو بەو شووڵە چەرمییە دوو دانەی لە قاچی کوڕە دەداو دوو دانەی تریش لە قاچەکەی تری کە هاواری کوڕە چوو بە ئاسماندا، دواتریش لایکردەوە بە لای پەنجەرەکەدا کە خان بانوو ئاماژەی پێکرد کە یانی بەسە، تفەنگچییەکەش چەند دانەی تری بە شووڵەکە توند دا لە زەوی و داری فەلاقەکە، جۆرێ لێیدەدان کە بەر قاچی کوڕەکە نەکەوێت. کاتێك کارەکە تەواو بوو کوڕەکەیان لە جێگەکەی بەرزکردەوەو بردیان، هەمان تفەنگچی هاتە هەیوانەکە بۆ بەردەم پەنجەرەکە ئەوسا خان بانوو دەرگاکەی کردەوەو پێی وت:

– قاچی ئەگەر بریندار بووە هەتوانی بکەن (مەلهەم)، هیچ کەسیش نابێت بزانێت فەلاقە کراوە، دوو سێ ڕۆژیش لێرە بیهێڵنەوە تا چاك ئەبێتەوە، نامەوێت لەبەردەم ژنەکەی و ئەهلی گوندەکەدا بشکێ، دواتر هەندێ پارەی پێبدەن و بەڕێی بکەنەوە سەر ماڵ و ژیانی، زەوییەکەشی پێبدەنەوە دووبارە کاری لەسەر بکات.

دواتریش دووبارە دەرگاکەی بەستەوەو بە یەکەوە گەڕاینەوە بۆ لای ئاگردانەکە. دەرەوە تۆزێك سارد بوو و ئاگری ئاگردانەکەم پێ خۆش بوو، هەر کە دانیشتین خودی خان بانوو چایەکی تری بۆ تێکردم ئەوسا وتم:

– وام نەئەزانی هێشتا لە دارو فەلاقە کەڵك وەربگیرێت.

ئەگەر ئەماندایە دەستی بنکەی پۆلیس تاوانەکەی زۆر

- چارە نەبوو، بە دڵنیاییەوە زینـدانییان دەکـرد، بـەڵام ئەگـەر نەچووە

قورسـتر بـوو، بـە دڵنیاییـەوە زینـدانییان دەکـرد، بـەڵام ئەگـەر نەچـووە

زیندان خراپتر لە پێشوو ئەهاتە دەر، بەم شێوە هەم چاوترسێنمان کردو

ئەمێمان کرد، هەم دێتەوە سەر عەقڵی خۆی کە بگەڕێتـەوە بۆ لای ژن و

منداڵ و کێڵگەی، ڕاستە کە بنی پێی دوو شوڵی خوارد، بـەڵام ئەمـە بۆی

وەکو دەرمانە بۆ نەخۆش، گەنجە و نەزان، فریوی دوو شرە خۆری خوارد

و دای بـە کێـودا، هـەواڵیم هـەبوو، خـۆم ئێشـکی خانووەکـەیم دەکێشـا،

دەمزانی کە پارەکەی تەواو بێت دێت بەرەو دێ ئەچێ تا پارە لە ژنەکەی

وەریگرێت تەنها تۆزێك درەنگ گەیشتم و لەبەرئەوەی کە ژنەکـەی پـارەی

پێنەدابوو قژی تاشیبوو، ئەم تەمبیە بۆ هەردوو تاوانەکەی بوو.

دواتر لایکردەوە بە لای مندا و سەیری کردم و پێکەنی و وتی:

- من دڵڕەق نیم، پێویستی بوو، کێڵگەیـەکی باشـم پێـدا بـوو خـەرجی

خـۆی لێـدەردەهێنا کـە هـیچ پاشەکەوتیشـی دەکـرد، بـەڵام سـەرەنجام

گەنجییە ئیتر، نابێ زۆریش سـەخت بیگریت چونکە ئـەنجامی پێچـەوانە

دەدات.

دواتریش سەری وەرگەڕاند بەرەو لای ئاگردانەکەو وتی:

- خـۆم بـیری ڕۆژێـك کەوتمـەوە کـە سـاڵانێکی زۆر پـێش ئێسـتا لـە

بەرچاوی ئێمە باوکمیان بەستەوە بە داری فەلاقەوە.

دواتر دووبارە سەیری منی کرد و وتی:

- ئەڵبەتە بابەتی ئەو لەگەڵ ئەم زەمین تا ئاسمان جیاوازییان هەبوو.

- بۆچی ئەم کارەیان لەگەڵ باوکت کرد؟

- چیرۆکەکەی دوورو درێژە، ئاوابوو ئیتر.
- ڕاستی ئەو مەراسیمەی دوێنێ شەو چی بوو؟
- ڕەسمێکی کۆنە، هەر ساڵێك ئەم کاتانە بەڕێوەی دەبەن.
- ئەبێ ڕەسمێکی سەرنجڕاکێش بێ، ئەو کوڕە سوارکارانە.
- هەر ڕەسم و ڕسومێك بۆ خۆی سەرچاوە و فەلسەفەیەکی هەبووە ک
زۆریان دوای تێپەڕینی چەند ساڵ فەرامۆش کراون و تەنها ڕەسم
ڕسومەکەی لە جێی خۆی ماوەتەوە.
- ڕاستە، ئێستا ئەمە چ فەلسەفەیەکی هەبووە؟
- بوکە شوشەت بە دڵ بوو؟
- نایابە، چ ئەسپێکی جوانە!؟ مەمنونم کە ئەوتان بۆ ناردبووم.
= بە ئاسودەیی سەری کەوتیت؟
- تا کوێخا قسەی لەگەڵ نەکرد بوو نە، بەڵام دواتر زۆر ئارام بووەوە.
- ئاژەڵەکان زۆر زووتر لە مرۆڤەکان دەرك بە میهرەبانی دەکەن.

دواتر دەستی درێژ کرد بەرەو سەگەکان کە لە پڕ هەر چواریان بە یەکەوە هاتن بەرەو لای و هەرکە گەشتنە بەردەمی هەر چواریان دانیشتن و سەریان خستە سەر قاچی خان بانوو، ئەویش نەوازشی کردن، بەڕاستی شانۆیەکی سەرسووڕهێنەر بوو. ئەو ڕۆژە نانی نیوەڕۆم هەر لەوێ خوارد، چ نانێك!؟ کەو، هەوێردە (کەڕەواڵە)*، شلەی خۆماڵی کە بە گۆشتی (پۆڕ) دروست کرابوو، یەك دوو خواردنی تر، بەڕاستی نایاب بوو، ئەکرا بە

* هەوێردە (کەڕەواڵە): باڵندەیەکە دەنگی بەرز، دەنوکی کورت و ئەستور، باڵی خڕو قاچی بەهێزە.

وەرگێڕ

بوێرییەوە بڵێیت پێشوازییەکی شاهانە.

دەوری کاتژمێر سێ لەگەڵ کوێخا بە سواری بوکە شوشەوە گەڕاینەوە بۆ دێ و لەبەر دەرگای ماڵ دابەزیم و کوێخا ئەسپەکەی گەڕاندەوە، منیش چوومە ماڵەوە و چووم خەوتم، دوو سێ کاتژمێر دواتر دووبارە بە دەنگی کوێخا لە خەو ڕاپەڕیم، کوێخا لە دەرەوەی ماڵ خەریك بوو بانگی دەکردم، خێرا ڕووپۆشەکەم لەبەرکرد و چوومە دەرەوە کە بینیم لۆرییەك لەبەردەم محەجەرەکانی حەوشەکەدا وەستاوەو چەند نەفەر خەریکن ناوەکەی خاڵی دەکەن، بەفرگر (سەلاجە)، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، قەنەفە، مێزی کار، چلچرا، ئاباژوور (چرای پایەداری سەر کڵاوە لەسەر)، قاپ و دەوری، چەرپا، پاکەتگەلی دەرمان، قەرەوێڵەی نەخۆش، بە کورتی خەریك بوون کەلوپەلی یەك خانووی تەواویان لە لۆرییەکە دەهێنایە خوارەوە. کوێخا کاتێك منی بینی کە خەریکم بە سەرسامی سەیری ئەو شتانە دەکەم، وتی:

– خان بانوو هەر ئەو کاتەی کە تێگەیشتن ئێوە پزیشکێکی خانمن، ڕایسپارد ئەم شتانە لە شارەوە بهێنن، ئەوانەی پێشتر ئیتر کۆن بوون، خان بانوو وتیان هەموویان بۆ ئێوە تازە بکەنەوە، بەیانی زوو منداڵەکانی نارد بۆ شار.

نەمدەزانی چی وەڵام بدەمەوە، کوێخاش چاوەڕێی وەڵامی منی نەدەکرد و گەڕایەوە بۆ لای کرێکارەکان و دەستی کرد بە هێنانە ژوورەوەی کەلوپەلەکان. زوو چوومە ماڵەوەو چەند پارچە جلم کە لەناو ماڵدا بوون کۆکردەوە، ئەوسا کرێکارەکان بە وتنی یاالله یاالله هاتنە

ژوورەوە و بەفرگر و قەنەفە کۆنەکانیان بردە دەرەوە و لەبری ئەوان تازەکانیان هێنایە ژوورەوە. کاتژمێرێك دواتر کەلوپەلی ماڵ هەمووی تازە بوونەوە، دواتریش ڕۆشتن بۆ لای دەرمانخانەکە و کەلوپەلەکانی ئەوێیان بردە ژوورەوە، منیش دەستم کرد بە دانانی دەرمانەکان و کەلوپەلە پزیشکییەکان لەناو ڕەفەکان و کاتژمێری دواتر ئەوێش تەواو بوو و ئامادە بۆ سەردانی خەڵك. کە کارەکە تەواو بوو سوپاسم کردن و ویستم دەستخۆشایەك بدەم بە کرێکارەکان کە هیچ کامیان وەریاننەگرت و وتیان هەمووی خان بانوو حسابی کردووە. بەڕاستی ژنێکی سەیر بوو، ئەگەر دێ بە دێی ئێمە خان بانوویەکی ئاوایان هەبووایە هەموو جێیەك ئاوەدان دەبووەوە.

بە کورتی کرێکارەکان سەر لۆرییەکە کەوتن و ڕۆشتن. کوێخاش دوای کەمێك ڕاسپاردن و ئەوەی کە خەیاڵم لە هەموو بوارێکەوە ئاسودە بێت ماڵئاوایی کرد و ڕۆشت منیش گەڕامەوە ماڵەوە. لەم کاتەدا مۆبایلەکەم زەنگی لێدا، خێرا وەڵامم دایەوە، ئەمزانی کە لەوانەیە لە تارانەوە بێت، گومانەکەشم ڕاست بوو، مامم بوو دەیویست خەیاڵی لەبارەی منەوە ئاسودە بێت، کەمێك قسەم لەگەڵی کرد و دواتریش ماڵئاواییم کرد.

هێشتا لە ماڵەوە کەمێك کار مابوو کە ئەبووایە ئەنجامم بدایە، کردنەوەی کارتۆنگەلێك کە هێشتا نەمدەزانی چیین. چووم بۆ لایان و کردمنەوە، ئەمە ئیتر زۆر سەرنجڕاکێش بوو، خان بانوو هیچ شتێکی فەرامۆش نەکرد بوو، بەڕاستی عاشقی ئەم ژنە بوو بووم، چایی، برنج، لۆبیا، نیسك، ماش، پاقلە و.. کەم و کورتی لە هیچ شتێك نەکرد بوو،

گوایە گۆشت و مریشکیشی لە قەڵاکەوە بۆ ناردبووم چونکە هەموو بەستوو بوون، لەگەڵ خۆم بیرم کردەوە کە لانیکەم تا یەک مانگ پێویستم بە هیچ نییە. بە خۆشحاڵی لەوەی کە نەفەرێك لێرە هەیەو دەتوانم پشت بە هاوکاری و یارمەتی ئەو ببەستم، هەموو شتەکانم لەناو ڕەفە و دۆڵابچەکاندا جێکردەوە، ئەگەر چی ئەو ڕۆژە زۆر ماندوو بوو بووم، بەڵام دەستپێکێکی زۆر باش بوو بۆم. دەسکی دەرگاکەم بەست و کلیلمدا، دەرگای خانووەکەش بە هەمان شێوە، پەردەکانم دادایەوە، کاتژمێر نزیکەی هەشتی شەو بوو، ئیتر کارێکم نەبوو تەنها برسیم بوو، بەڵام تاقەتی خواردن دروست کردنم نەبوو، دوو هێلکەی مریشکم کردە ڕۆن و خواردم و چوومە ناو جێگا. یەکەمین شەو کە ئەبووایە دوور لە خانەوادەکەم بەسەری ببەم، هەم هەستم بە سەربەخۆیی دەکرد و هەم ترس، لە دەرەوەی دێ دەنگی وەڕینی سەگگەل و لوورەی گورگ دەهات، لە نزیکتر دەنگی کوندە پەپوو، نزیکی دەنگی ڕۆشتن لەسەر ڕووی گەڵا، ڕاستییەکەی زۆر ترسا بووم، بەڵام ورەم دایە بەر خۆم و چاوەکانم نوقاند و خەوتم، خۆشبەختانە ئەوەندە ماندوو بووم کە زوو خەو بردمییەوە، بەڵام نیوەشەو بە دەنگی لوورەی گورگ لە خەو ڕاپەڕیم، دەنگەکە زۆر نزیك بوو، لەوانەیە لە دووری پەنجا شەست مەترەوە دەهات، هەستام و دەرگاکەم تاقیکردەوە، قایم بەستبووم، هەم خۆی و هەم دەستهەمانەکەی دەرەوەشی، پەنجەرەکانیش هەموویان دەستهەمان (پارێزەر)یان هەبوو، کەمێك خەیاڵم ئاسوودە بوو بەڵام هێشتا دەترسام، لە پڕێکدا دەنگی سەگگەلی دێ لەولای خانووەکەوە بەرز بووەوەو تۆزێك

دواتریش هەموویان هەڵمەتیان هێنا بۆ ئەملا، لە پشت پەنجەرەوە دەمبینین، لەوانەیە نزیکی دە دانە یان زیاتر دەبوون، بە هەڵمەتی ئەوان دەنگی لوورەی گورگەکان پچڕا، هەستێکی باش ڕووی تێکردم، هەستی پارێزراو بوون، سوپاس بۆ خوا کە سەگەکانی دێ هۆشیار بوون. دووبارە ڕۆشتم خەوتم، خەوێکی خۆش، هەوا ئەوەندە نایاب و پڕ ئۆکسجین بوو کە هەرگیز شیاوی بەراورد کردن لەگەڵ تاران نەبوو، بە ڕادەیەک مرۆڤ ئاسودە دەخەوت کە دەکەوتەوە یادی منداڵی، بەبێ حەبی خەو یان شتێکی تر.

کاتژمێر نزیکی پێنجی بەیانی بوو کە دەنگی باعە باعی مەڕەکان بەرزبووەوە، زۆر بۆم سەرنجڕاکێش بوو، دەنگی باعە باعی مەڕەکان و دەنگی خوێندنی کەڵەشێرەکانی دێ، بەڕاستی لە دێیەکدا بووم! هەستم بە ئارامییەکی سەیر دەکرد لە خۆمدا، چاوەکانم نوقاند و گوێم ڕادێرا بۆ ئەو دەنگانە، دەنگی قاچی مەڕەکان کە ژمارەیان زۆر زۆر بوو دەهات کە خەریکن لە بەردەمی حەوشەکەوە تێئەپەڕین و چەند دانە سەگیش جارجار دەوەڕین و بە وەڕەکانیان لە مەڕەکانی ئەگەیەنن کە بجوڵێن و بە ڕێکخراوی (ڕێکی) بچنە پێش، هەستام و پەنجەرەکەم کردەوە، بۆنێکی سەرسوڕهێنەر لە هەوادا بوو، بۆنێکی ئاشنا، بۆنێک کە بە تەواوی دەمناسی، بەڵام نەمدەزانی چییە؟ دووبارە گەڕامەوە ناو جێگەکەم و خەوتم تا کاتژمێر حەوتی بەیانی، خەوگەلێکی زۆر جوانم بینی.

کاتژمێر حەوت ئیتر کاتی هەستان بوو، لە جێگەکەم هەستام و چاییەکەم لێناو دوای خواردنی نانی بەیانی جلەکانم لەبەرکرد و لە

ماڵەوە چوومە دەرمانخانە. هەموو شت ڕێك و پێك بوو، کارێك نەبوو بۆ ئەنجامدان، دەستمکرد بە خوێندنەوەی کتێبێکی پزیشکی کە لە تارانەوە لەگەڵ خۆم هێنا بووم، کاتێکی یەکجار گونجاو بوو بۆ ئەوەی کە هەم ئاستی زانیاری خۆم بەرزبکەمەوە، هەم لەوانەیە کەمێك ئامادەگی پەیدا بکەم لە هەڵبژاردنی پسپۆڕییە پزیشکییەکەمدا. نیو کاتژمێر تێنەپەڕی بوو کە لە دەرەوە دەنگی هەراو هوریا هات، دەنگی قیژاندنی چەند دانە ژن و کچ، سەرم بەرزکردەوە کە بینیم لەپڕ ژمارەیەك ژن و پیاو لە کاتێکدا کە یەکێك لە پیاوەکان کچێکی لە باوەش گرتبوو هاتنە حەوشەی دەرمانخانەکە، ژنەکان خەریك بوون ئەیانکێشا بە سەریاندا و دەگریان، خێرا لە جێگەکەم هەستام و ڕاپەڕیم و دەرگاکەم کردەوە ئەوسا هەموو ڕژانە ژوورەوە، بە ئاماژە قەرەوێڵەکەم بە هەمان پیاو پیشاندا، ئەویش نەخۆشەکەی لەسەری پاڵخست ئەوسا زوو دەستم کرد بە پشکنینی، نیشانەکانی ژەهراوی بوون بە تەواوی ئاشکرا بوو، دەستبەجێ گومانێکم لا دروست بوو، ئێستا بە تەنهایی چۆن دەمتوانی کارەکەم ئەنجام بدەم؟ ئەمانەش تەنها خەریکن ئەگرین و ئەکێشن بە سەرو کەللەی خۆیاندا. سەیریانم کرد و بینیم لە نێوانیاندا کچێکی شازدە حەڤدە ساڵەش هەیە کە ئەویش خەریکە دەگری بەڵام وەکو ئەوانی تر خۆی ناڕەحەت ناکات ئازار نادات، زوو ئاماژەم بۆ کرد و وتم:

– ئێوە لە دەرمانخانە بمێننەوە، ئەوانی تر هەموو بچنە دەرەوە.

لەپڕ دەنگی ناڕەزایەتییان بەرزبووەوە بۆیە دەستبەجێ هاوارم بەسەردا کردن و وتم: ئەگەر جگە لەو کەسەی کە من وتم کەسی تر لێرە بمێنێ

دەست نادەم بە نەخۆشەکەتانەوە، کەوابوو زوو بڕۆنە دەرەوە.

ئەمزانی کە چ بارودۆخێکیان هەیە، بەڵام باش نەبوو لە هەل و مەرجێکدا کە لەوە دەچوو کچێکی گەنج دەستی دابوە خۆکوژی خێزانەکەی بە بابەتەکە بزانن، بە تایبەت باوك و براکەی، بەو شتانەی کە دەربارەی دەمارگیری لادێییەکان بیستبووم لەوە دەچوو کە بە زانینی ئەم بابەتە لەپڕ باوك یان برای دەمارگیر هەر لەوێدا کاری کچەی بێچارە تەواو بکات. سەرەنجام هەموو جگە لە هەمان کچ بە دڵشکاوی و توڕەییەوە لە دەرمانخانەکە چوونە دەرەوە و منیش دەرگاکەم کلیلداو زوو بە کچەکەم وت: تۆ ناوت چییە؟

– گوڵڕەنگ.

– چی ئەم کچەی؟

– خوشکی.

– بڵێ ببینم چەند دانە حەبی خواردووە؟

– نازانم، زۆر.

– چ حەبێك بوون؟ بە دڵنیاییەوە لە پاڵیدا بەرگی (قەباغ)ی خاڵی کەوتووە.

– دیازپام، دیازپامی دەیی.

– چەند دانە؟

– سێ بەستە، چوار بەستە.

– کەی خواردوویەتی؟

– دوێنێ شەو، نزیکی بەیانی.

سوپاس بۆ خوا زۆر بەسەریدا تێنەپەڕی بوو، بەو نیمکاناتەی ئەوێ دەکرا یارمەتی بدەیت، زوو کەلوپەلەکانم دەرهێنا و بە یارمەتی گوڵڕەنگ دەستمکرد بە شۆردنی گەدەی، بەدبەختانە هێشتا بەئاگا بوو و بەرگری دەکرد، بەڵام هەر جۆرێک بوو کارەکەمان ئەنجامدا. کاتژمێرێک دواتر یەکەمین ڕستەی وت: (توخودا بە کەس نەڵێن) و ئەمە لەوانەیە بە واتای ئەوە بوو کە نەیدەویست ڕزگاری ببێت و کاتێک تێگەیشت ئیتر حەبەکان کاریگەرییان لەسەر گەدەی نەماوە بە حاڵەتی نائومێدی ئەم وشانەی وت. لە گوڵڕەنگم پرسی کە کەس دەزانێ خوشکەکەی دەستی داوەتە خۆکوژی یان نە؟ وتی: تا ئێستا هیچ کەس نازانێت. ڕامسپارد کە جارێ هیچ بە کەس نەڵێ و دواتریش دەرگای دەرمانخانەکەم کردەوەو مۆڵەتمدا کە خێزانەکەی بێنە ژوورەوە. دیسان بە هەڵمەتێک هەموویان ڕژانە ژوورەوەو کاتێک بینیان کە چاوەکانی کچەکەیان کراوەیە ئەتگوت خودا دونیای پێداون، منیش بەم دڵخۆشییەی ئەوان پاداشتی خۆم وەرگرت، بەڵام دەمزانی کە لە هەل و مەرجی مندا ئەرکم تەنها ڕزگارکردنی جەستەی نەخۆشەکەم نییە. بە چەند دانە زاراوەی پزیشکی کە هەر مرۆڤێکی ئاسایی گێژ دەکرد ڕوونکردنەوەم دا بە باوکی خێزانەکەو ئەویش قبوڵی کرد و لە بیریدا وشەیەکی ژەهراوی بوون جێگیر بوو و کەمێک دواتر ویستیان کە کچەکەیان لەگەڵ خۆیان ببەن، بەڵام نەمهێشت و وتم کە ئەبێت ماوەیەکی تر لەوێ بمێنێتەوە بەڵام ئیتر مەترسی لەسەر نەماوە، ئەوانیش بە نیگایەکی ئەمەکدارانەوە خوا حافیزیان لێکردم و ڕۆشتن. من و گوڵڕەنگ و خوشکەکەی لەوێ ماینەوە، کاتێ خەیاڵم ئاسوودە بوو کە

ئیتر تەنهام، گوڵڕەنگم ناردە ژوورەکەی تەنیشت کە نوسینگەکەم بوو و لەگەڵ ئەو کچەدا دەستم کرد بە قسەکردن:

– ناوت چییە؟

زۆر ئارام و بە بێهێزی و سەختی وتی:

– گوڵڕوو.

– چەند ساڵی؟

– هەژدە ساڵ.

– ئامادەییت تەواو کردووە؟

– ساڵی پار.

– درێژەتدا بە خوێندن؟

– باوکم نەیهێشت.

– بۆچی ئەم کارەت کرد؟

بێدەنگ بوو، گومانی دووەمم هێنایە سەر زمان:

– دووگیان بوویت یان ئەوەی کە..؟!

دەستیکرد بە گریان، ئەمجارە گومانەکەم ڕاست دەرچوو، هێشتم کەمێك بگری و دواتر کە ئارام بووەوە وتم:

– خۆ دووگیان نیت؟! تەنها..

سەری ڕاوەشاند، وتم:

– بۆچی؟

– باوکم دەیویست بە زۆر بمدا بە شوو، دەیویست بمدا بە کەسێك کە ڕقم لێی بوو.

– واتە ئەم کارەی کە کردت کارێکی دروست بوو؟

– نازانم.

– لایەنی بەرامبەر کێیە؟

– خەڵکی گوندەکەی خۆمان نییە.

– ئێستا دەتەوێ چی بکەیت؟ دێتە خوازبێنیت؟

– وتویەتی دێم، بەڵام ئەگەریش بێت نابێت.

– بۆچی؟

– باوکم و کاکم دەیکوژن.

– بۆچی؟

– لەگەڵ ئەو دێ نێوانمان باش نییە.

– دەی بۆچی ئەو کارەت کرد؟ بۆچی مۆڵەتتدا کار بگاتە ئێرە؟

– ئەتانەوێت پێیان بڵێن؟

تەنها سەیرم کرد، نەمدەزانی ئەبێ چی پێ بڵێم، بەڕاستی نەمدەزانی ئەبێ چ بڕیارێك بدەم، بارودۆخی شار لەگەڵ دێ جیاواز بوو، بارودۆخی دەروونی مرۆڤەکانیشیان لەیەك جیاواز بوون، لەوانە بوو بۆ خۆشم دەردەسەر دروست ببێ، لەوانەبوو دیسان دەستبداتە خۆکوژی و ئەمجارە سەرکەوتوو بێت، بە ڕاستی نەمدەزانی ئەبێ چ کارێك بکەم، هەر بۆیە وتم:

– جارێ نە، خوشکەکەت دەزانێت؟

– وا ئەزانێ لەبەر ڕەشید ئەو کارەم کردووە، توخوا هیچیان پێنەڵێن، خۆم کارێك ئەکەم.

– خۆکوژییەکی تر؟

– نە، نە، بەخوا.

– ئەی چی؟

– ناچاری ئەکەم بێتە پێشەوە، چەند ساڵە کە بە دیارمەوە دانیشتووە.

– ئەگەر نەهات چی؟

– دێت، بە دڵنیاییەوە دێت.

تۆزێك بیرم کردەوەو دواتریش وتم:

– سەیرکە، من بەرپرسیارێتیم هەیە، ئەبێ ڕاپۆرت بنوسم، ئەبێت..

– توخوا پێیان مەڵێن.

– ئەگەر دووبارە ئەم کارەت کرد چی؟

– ئیتر نایکەم، تەنها ئێوە چەند ڕۆژ کات بدەن بە من، دوو ڕۆژ، توخوا تو گیانی ئەو کەسەی کە خۆشتان دەوێت، ئێوەش وەکو من کچێکن، بە دڵنیاییەوە تێدەگەن من چی دەڵێم.

– بەڵام من ئەو کارانەی تۆ کردت نایکەم.

– هەڵەم کرد، خۆم ڕاستی دەکەمەوە، توخوا.

بەڕاستی نەمدەزانی چی بڵێم، بانگی گوڵڕەنگم کردو پێم گوت:

– دەزانی کە خوشکەکەت چ کارێکی کردووە؟ ئەگەر من بە باوکت بڵێم دیار نییە چ پەرچە کردارێك پیشان دەدات، تۆ ئەبێت ئاگاداری خوشکت بیت، نابێت یەك چرکەش بە تەنها جێی بهێڵی، تێگەیشتی؟

سەری ڕاوەشاند، کەمێك خەیاڵم ئاسودە بوو. بە گوڵڕووم وت کە جارێ پشوو بدات و خۆم لە دەرمانخانەکە هاتمە دەرەوەو سەیری ئەملاولام کرد.

لەوپەڕی کۆڵانەکە چەند دانە کوڕیژگە خەریکبوون یارییان دەکرد، زۆر بچووك بوون، چوومە بەردەمیان ئەوسا لەپڕ یارییەکەیان بڕی و هەموویان لەبەردەممدا گوێڕایەڵ وەستان، یەکێکیانم کە لە هەموویان گەورەتر بوو بانگ کرد ئەوسا ڕایکردە پێشەوە سڵاوی کرد، وەڵامم دایەوەو دەستێکم هێنا بەسەریدا، پێکەنی، پێموت:

– دەتوانی بڕۆیت و کوێخام بۆ بدۆزیتەوە؟

بە دەنگی بەرز وتی:

– بەڵێ خانم.

– کەوایە بڕۆ و پێی بڵێ خانم دکتۆر کاری پێیەتی، بڕۆ ئەزیزم.

هەر کە ئەمەم وت، وەکو بروسکە بۆی دەرچوو و ڕۆشت. منیش گەڕامەوە بۆ دەرمانخانەو سەرێکم دا لە گوڵڕوو و چوومە نوسینگەکەم و سەری خۆم بە خوێندنەوەی کتێبەوە گەرم کرد، کە لەوانەیە نزیکەی نیو کاتژمێر دواتر لە پەنجەرەکەوە کوێخام بینی کە بە ئەسپەکەوە گەیشت، خێرا لە نوسینگەکە چوومە دەرەوە، نەدەبوو لە بەردەم ئەو کچانە لەگەڵ کوێخا قسە بکەم، تازە لە ئەسپەکەی دابەزی بوو، کە پێی گەیشتم خێرا سڵاوی کرد و وتی:

– فەرمایشتێکتان هەبوو خانم دکتۆر؟

– ئەبێ خان بانوو ببینم، زۆر گرنگە.

– ئەسپ بهێنم سەرکەون و بڕۆین؟

– نە ناتوانم ئێرە وێڵ بکەم، نەخۆشم هەیە.

بیرێکی کردەوەو وتی:

– ئەچم بە خان بانوو دەڵێم.

– خان بانوو تەلەفۆنی هەیە؟

– هەیەتی.

– ژمارەکەی چەندە؟

لە گیرفانی پارچە کاغەزێکی چرچ و لۆچی پیسی دەرهێنا و کردییەوەو دەستی کرد بە خوێندنەوەی یەك یەکی ژمارەکان بۆم، چوومە نوسینگەکەم زوو پێنووسم هێنا و نوسیم و بە سوپاسەوە ماڵئاواییم کرد و گەڕامەوە دەرمانخانە و چاوەڕێم کرد تا کوێخا سوار ئەسپەکەی ببێ و بڕوات. کەمێك دواتر دووبارە سەرمدا لە گوڵڕوو کاتێك بینیم حاڵی باشەو تەنها خەوێکی سەرچاوە گرتووی لە بەکارهێنانی دەرمانەکانەوە بۆ ماوەتەوە، لە دەرمانخانەکە هاتمە دەرەوەو چوومەماڵەوەو دەرگاکەم داخست و ژمارەکەم لێدا کە کچێك تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، گومانم کرد کە ئەبێ خزمەتکار بێت، داوام لێکرد کە خانِ بانوو بانگ بکات ئەوسا کەمێك وەستاو دواتریش دەنگی خان بانووم ناسییەوە!

– سڵاو خان بانوو.

– سڵاو ئەزیزم، شتێك بووە؟

– من نازانم چۆن سوپاستان بکەم؟

– ئەگەر لەم قسانە بکەیت ناڕەحەت دەبم.

– بەهەرحاڵ بەڕاستی مەمنونم.

– خۆت باشی؟!

– مەمنون، باشم.

ساتێك بێدەنگ بووم و دواتر ئارام وتم:

– پێویستم بە یارمەتیتانە، یەکێك لە کچەکانی دێ دەستی داوەتە خۆکوژی.

– کێ؟

– کچێك بە ناوی گوڵڕوو، خوشکێکیشی هەیە بە ناوی گوڵڕەنگ.

– گوڵڕوو خۆکوژی کردووە؟

– بەڵێ.

– خۆ ئەوان وتیان ژەهراوی بووە و ئێستاش حاڵی باشە، وتیان خانم دکتۆر چارەسەری کردووە.

– ئێستا حاڵی باشە، ئەو بابەتی ژەهراوی بوونەش من پێیم وتن، واتە ترسام ئەگەر بڵێم دەستیداوەتە خۆکوژی، باوك و براکەی هەر لەوێدا کاری گوڵڕوو ئاسان بکەن.

– سەیرە، بە دڵنیاییەوە لەبەر ڕەشید ئەم کارەی کردووە، شتێکی سەیرە!

– شتێکی تریش هەیە.

بێدەنگ بوو، وتم:

– گوایە ڕووداوێك کە نە ئەبوو ڕوویبدات ڕوویداوە.

تەنها گوێی گرت، وتم:

– ئەلو خان بانوو؟

– گوێم لێیە ئەزیزم.

– ئێستا ئەبێ من چی بکەم؟ ئەو بابەتە ئەتوانم بشارمەوە بەڵام

خۆکوژی نە، تێئەگەن خۆ؟ هەم لە ڕوانگەی قانونەوە کێشەی هەیە و هەم لە ڕوانگەی ڕەوشتی، ئەگەر دووبارە دەستبداتەوە...؟

- تێئەگەم تۆش بەرپرسیارێتیت هەیە.

- نازانم ئەبێ چی بکەم؟ لە ڕاستیدا تیاماوم.

- خۆت نارەحەت مەکە، دەرفەت بدە بە من تا بیرێك بکەمەوە، پشوو درێژبە.

- باوك و براکەی وا ئەهاتنە بەرچاو کە زۆر دەمارگیرن، ئەگەر من پزیشکێکی پیاو بوومایە لەوە ئەچوو بیانهێشتایە بمرێ تا دەستی من بەری نەکەوێت.

- ئەزانم، تۆ کارێکی دروستت ئەنجامداوە، تەنها کەمێك مۆڵەت بە من بدە، ئێستا لە کوێیە؟ لە دەرمانخانەیە؟

- بەڵێ، نەمهێشت جارێ ببیەنەوە ماڵەوە.

- بە مۆبایل تەلەفۆن دەکەیت؟

ژمارەی مۆبایلەکەم پێدا، وتی:

- تۆ جارێ هیچ کارێك مەکە تا من پەیوەندیت پێوە دەکەم.

ماڵئاواییم لێکرد و گەڕامەوە دەرمانخانە. گوڵڕوو هێشتا خەوتبوو و گوڵڕەنگ لە پاڵ قەرەوێڵەکەیدا لەسەر کورسییەك دانیشتبوو، هەر کە منی بینی لە جێگەی هەستا، ئاماژەم بۆ کرد دابنیشێت و سەرێکم لە گوڵڕوو دا، حاڵی باش بوو، زەردەخەنەیەکم بە ڕووی گوڵڕەنگدا کرد تا دڵنیا بێت کە حاڵی خوشکەکەی باشە و گەڕامەوە نوسینگەکەم، چەند خولەك دواتر گوڵڕەنگیش هات بۆ ئەوێ و سەیرێکی منی کرد و پێکەنی،

منیش بە پێکەنین وەڵامم دایەوە، هەستم کرد دەیەوێت قسەم لەگەڵ بکات، خولکم کرد تا لەسەر کورسیەك کە لە پاڵ مێزەکەمدا بوو دابنیشێ، دانیشت و وتی:

– منیش دەمەوێ وەکو ئێوە ببمە پزیشك.

– نایابە.

بە جارێ پێکەنین لەسەر ڕووی لێوەکانی ون بوو و وتی:

– بەڵام نابێت.

پێویستی نەدەکرد بپرسم بۆچی هەر بۆیە تەنها سەیریم کرد، وتی:

– لە شار چ جۆرێکە؟ واتە ئێوە چۆن توانیتان بچنە زانکۆ؟

هەستام و سەماوەرەکەم داگیرساند و گەڕامەوە سەر جێگەکەم، وتم:

– لە ڕوانگەی خوێندنەوە دەڵێیت؟

– نە، خێزانەکەتان.

– دەی لەوێ ئاوایە ئیتر.

– واتە خێزانەکان قبوڵیان کردووە کە کچێك دەتوانێت دەرس بخوێنێ و دواتریش بچێتە زانکۆ؟

– هەمووی نا، بەڵام زۆربەی ئەرێ.

– چ باش! خۆزگەم پێیان.

– لێرە وا نییە؟

– نە.

– بەڵام بیستبووم لەم چەند ساڵەدا بارودۆخ زۆر گۆڕاوە.

– ئەرێ بەڵام گۆڕانکارییەکە ئەوەیە کە ئێستا ئەهێڵن ئامادەیی تەواو

بکەین.

– دەی ئەمە هەرگیز باش نییە.

– زانکۆ چۆنە؟

– شتێکی وەکو دواناوەندی بەڵام بە کەشێکی کراوەتر.

– ئەبێ زۆر خۆش بێت.

سەرم ڕاوەشاند، وتی:

– ئێوە مێردتان نییە؟

– هێشتا نە.

– دەستگیرانی کەسیش نین؟

– نە.

– چۆن دایك و باوکتان مۆڵەتیان پێداون بە تەنها بێن بۆ ئێرە؟

– ئاستی بیرکردنەوەکان جیاوازییان هەیە.

– خۆزگەم پێتان، ئێمەگەل لێرە هەر کە دێینە دنیاوە ئەمانکەن بە ناوی یەکێکەوە.

– واتای چی؟

– گوڵڕوو نیشانکراوە بۆ کوڕی مامم، منیش کە ناوکمیان بە ناوکی کوڕی خاڵمەوە بڕیوە.

– وە بە دڵنیاییەوە گوڵڕوو کوڕە مامەکەی خۆشناوێت.

– نە، منیش کوڕە خاڵەکەمم خۆشناوێت.

– بەڵام نابێت کارێك کە گوڵڕوو کردوویەتی تۆش بیکەیت.

– گوڵڕوو تەنها ئازاری خۆی دەدا، سەرەنجام ئەم کارە سەردەگرێ، بە

ڕای من ئەم کارە باشتر لە مردنە، واتە هەموو کچانی دێ ژیانیان ئاوایە،
سەرەنجام ئەبێ بسازێیت.

سەیرێکیم کرد و وتم:

- واتا ئەگەر لەگەڵ باوکت قسە بکرێت کاریگەری نییە؟

هەروا کە بیستۆکەی ئامێری پشکنینەکەی هەڵدەگرت وتی:

- نە هیچ سودێکی نییە، یەکەم کە ئێمەگەل هەموو بووین بە دەستگیران و شیرنیشیان خواردووین، گوڵڕوو کە هیچ، شیربابییەکەشی باوکم سێ ساڵ پێشتر لە مامی وەرگرتووە و ئەسپێکی پێ کڕیوە تازەش ئەگەر گوڵڕوو کوڕە مامەکەمی نەوێت ئەبێ ببێتە ژنی یەکێکی تر لە پیاوانی دێ، ئەویش ئەگەر زیندوو بمێنێ.

- تێناگەم؟

- لێرە کاتێك پیاوێك دەستگیرانەکەی نەوێت بە دڵنیاییەوە کچەکە عەیبێکی هەبووە.

- دەی؟

- باوك و براکەی لە خەودا سەری دەبڕن.

- سەری دەبڕن واتای چی؟

- واتا دەیکوژن.

- ئاخر بۆچی؟ لەوانەیە دەستگیرانەکەی بە هۆکارگەلی تر نەیویستبێ لەگەڵیدا هاوسەرگیری بکات.

شانەکانی وەکو نیشانەی نەزانین هەڵتەکاند و ئامێری پشکنینەکەی خستە سەر مێزەکەو وتی:

– کاکم ئەگەر بزانێ گوڵپوو ئەم کارەی کردووە بە دڵنیاییەوە دەیکوژێ.

– ئەگەر ڕەشید بێتە خوازبێنی چی؟

– هەردووکیان دەکوژێت.

– بۆچی؟

– ئەم چەند دێ کە لە دەوروبەری ڕووبارەکەن لەگەڵ دێکانی ئەولاوە دوژمنن، لەسەر ئاو، ئەو کات ئەوان کوڕیان زۆرە و ئێمە کچ، هەرچەند کات جاریش خوێن و خوێنڕشتن دروست دەبێت.

– لەسەر ئاو؟

– نە، لەسەر کچ، ئەگەر ئێمە بە تەنها بڕۆین بۆ دەشت کەمینمان بۆ دادەنێن و دەماندزن، ئەوکات پیاوانی دێ دەبێت زوو بێن و ئێمە بگێڕنەوە، وەکو یاری وایە، کاتێك بۆ گەڕاندنەوە (سەندنەوە)ی ئێمە دێن خوێنڕشتن دروست دەبێت، ئەوکات ڕیش سپییەکانی هەردوو دێ دێنە پێشەوەو بڕیار دەدرێت ئەو کوڕەی کە کچەکەی دزیوە لەگەڵ باوك یان برای کچەکە شەڕ بکات ئەگەر کوڕەکە سەرکەوتوو بوو کچەکە هی ئەوە، بەڵام ئەگەر کاکی کچەکە سەرکەوتوو بوو کوڕەکە دەکوژێت و خوشکەکەی دەسێنێتەوە (دەگەڕێنێتەوە).

دواتریش پێکەنینێکی کرد و سەری داخست و وتی:

– ئەگەریش لەنێوان خوشکەکەی و کوڕەکەدا شتێك ڕوویدا بێت خوشکەکەشی دەکوژێ.

– خوشکەکەی بۆچی؟

بکات.

- چونکە نەیتوانییوە پارێزگاری لە خۆی بکات.

- کاتێک دزیویانە ئەتوانێت چ کارێک بکات؟

- ئەبێ بۆ پاراستنی ئابڕووی خۆی بکوژێت.

ساتێک بێدەنگ سەیرم کرد و دواتر وتم:

- تۆ پۆلی چەندی؟

- دووی ناوەندی.

تۆزێک بیرم کردەوە. نەمدەزانی ئەبێ چی پێ بڵێم بۆ ئەوەی کەمێک دڵی بدەمەوە وتم:

- سەیرکە گوڵڕەنگ گیان، ئەوەی کە کچێک ئازاد نەبێ لە هەڵبژاردندا زۆر خراپە، بەڵام ئاستی زانیاری مرۆڤەکان کەم کەم بەرز دەبێتەوە، ئێمەش هەموو شوێنکەوتووی ئەو کەشەین کە بەسەر چوارچێوەماندا زاڵە، لە شاریش کێشەگەلێک هەن، ئەبێت تا ڕادەیەکیش لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی کە هەیە بسازێین و بەرگەی بگرین، بە ڕای من گوڵڕووش ئەگەر ببووایە بە ژنی کوڕی مامەکەی باشتر بوو لەو دۆخەی ئێستای.

سەیرێکی چاوەکانمی کرد و وتی:

- کوڕە مامم سی و هەشت ساڵە، بیست ساڵ لە گوڵڕوو گەورەترە، گوڵڕوو دەبێتە ژنی سێهەمی.

- کوڕە مامەکەت سی و هەشت ساڵە؟

سەری ڕاوەشاند.

- کەوایە بۆچی باوکت دەیەوێ کارێکی ئاوا بکات؟

- مامم و ئەوان دەوڵەمەندن، سێ ساڵ پێش ئێستا پارەی ئەسپێکی

باشیان دا بە باوکم.

- واتە باوکت مامەڵەی بە کچەکەیەوە کردووە لەبەرامبەر پارەی ئەسپێکدا؟

- پارەی ئەسپێکی باش زۆر زۆرە، لێرە بە دە دانە بیست دانە مەڕ شیرینی کچێك دەخورێت.

تەنها سەیریم کرد، ئارام وتی:

- باوکم دەستبەرداری ئەسپەکەی نابێت.

مەبەستەکەی تێگەشتم، بە تایبەت بە بارودۆخێك کە بۆ گوڵڕوو هاتبووە پێش، نەمدەزانی چی تر ئەبێ بڵێم؟ سەماوەرەکە هاتبووە کوڵ، هەستام و چایم لێناو سەرێکم دا لە گوڵڕوو و گەڕامەوە هەر کە لە سەر جێگەکەم دانیشتم گوڵڕەنگ زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:

- لێرە بۆ ئێوە خوازبێنیکار پەیدا دەبێت.

- بۆ من؟

سەری ڕاوەشاند، وتم:

- بەڵام من خەیاڵی زەواجم نییە.

- ئێوە زۆر جوانن، بە دڵنیاییەوە خوازبێنیکارتان بۆ پەیدا دەبێت.

- لەوانەیە من هەرگیز نەمەوێت زەواج بکەم.

- نابێت، لە دێی ئێمە لەو ڕۆژەی کە کچێك دێتە دنیاوە یەکێك دەبێتە خاوەنی، واتە دەبێت خاوەنی هەبێت.

- مەگەر کچان مەڕن کە ئەبێ خاوەنیان هەبێت؟

تەنها سەیری کردم، وتم: بە هەرحاڵ من ئارەزووم لێی نییە کە بە وتەی

ئێوە خاوەن پەیدا بکەم.

- چ ڕووپۆشێکی جوانتان لەبەر کردووە؟

- حەزت لێیەتی؟

- زۆر، پیرۆزتان بێت.

- مەمنون.

- ئێمە ڕێگەمان نادەن ڕووپۆش لەبەر بکەین.

- بۆچی؟

- دەبێ جلوبەرگی ناوچەیی خۆمان لەبەر بکەین.

- دەی ئەم جلوبەرگانەتان زۆر جوانن.

- سەیرێکی جلوبەرگەکانی کرد، وتی: ئەرێ، بەڵام دەست و قاچ ئەگرێت، ڕووپۆش و پانتۆڵ ئاسودەیە، بە تایبەت ئەم پانتۆڵە جینانە، من زۆر حەزم لێیە کە ڕۆژێك بتوانم پانتۆڵی جین لەپێ بکەم، واتە بۆم بووەتە ئارەزوو.

سەیرم کرد، ساتێك هاج و واج سەیری چاوەکانی کردم، درەوشانەوەی هەزار تاسەم لە چاوەکانیدا بینی، لە جێگەکەم هەستام بڕۆم چایی تێکەم لەمکاتەدا بینیم لەپڕ چەند دانە ئەسپسوار بە غاردان هاتنە بەردەم محاجەرەی حەوشەکەو یەکیان بە ئەسپەوە بە سەر محاجەرەکاندا بازیدا و هاتە حەوشەکە، سێ دانە بوون، هەر سێکیشیان تفەنگ بە دەستیانەوە بوو، وام بیر کردەوە کە لە تفەنگچییەکانی خان بانوون، چوومە پێشەوەو دەرگاکەم کردەوە ئەوسا یەکیان لە ئەسپەکە دابەزی و هاتە پێشەوە، کوڕێکی دەوری بیست و سێ، بیست و چوار ساڵە بوو، هەر کە گەیشت

لولەی تفەنگی بەرەو پێشەوە گرت و بە دیالێکتی ناوچەیی وتی:

– تۆ خانم دکتۆری؟

ئارام سەرم ڕاوەشاند بە هەمان دیالێکت وتی: ڕێزت هەیە لامان بەڵام کارێك مەکە سورت بکەم.

ساتێك بە حەپەساوی سەیریم کرد ئەوسا لە پڕ گوڵڕەنگ هات و بە دەستی دای لە ژێری لولەی تفەنگەکەو خۆی خستە بەردەمی من، کوڕە خۆی ڕوو لولەی تفەنگەکەی بەرزکردەوە و وتی:

– ببورە خانم دکتۆر ئێمەومانان ئەوەندە بێ تەربیەت نین بەڵام ئێستا کات کەمە.

ئەمەی وت و ڕۆشت بەرەو ژوورەکە بۆ دیار سەری گوڵڕوو، ویستی کە لەسەر قەرەوێڵەکە بەرزی بکاتەوە، گوڵڕەنگم خستە لاوە و چوومە بەردەمی وتم:

– چی دەکەیت؟

دووبارە بە هەمان دیالێکت وتی:

– خەریکم ژنەکەم دەبەمە ماڵەکەی.

– ئاوا؟

– چارەم نییە.

– ئەمە دزییە.

– کاتێك کچ بە ئێمە نادەن ئەبێ دزی بکەین ئیتر.

– تۆ ڕەشیدی؟

– ئا.

- ئەزانی کە لە کۆتاییەکەیدا یەکێك دەکوژرێت؟

- ئا.

- وا ئەزانی ئەگەر بێن بە دوایدا و تۆ بکوژن، ئەو بە زیندوویی دەهێڵنەوە؟

- نە.

- وا ئەزانی ئەگەر تۆ براکەی یان باوکی بکوژی گوڵڕوو لە بیری ئەچێ؟

سەیری کردم، خێرا وتم:

- کام کچ عاشقی مێردێك دەبێ کە برا یان باوکی کوشتووە؟ بیرت لەمە کردۆتەوە؟

دوو دڵ بوو و هەروا وەستا، لامکردەوە بە لای گوڵڕوودا لەسەر قەرەوێڵەکە هەستابووەوە خەریك بوو سەیری من و ڕەشیدی دەکرد، ڕۆشتم بەرەو لای ویستم پاڵیخەم ئەوسا ڕەشید یەك هەنگاو هاتە پێشەوەو وتی:

- لە خۆی دەپرسم.

دواتر بەسەر گوڵڕوودا هاواری کرد وتی:

- لەگەڵ من دێیت؟

گوڵڕوو تەکانێکیدا و ویستی لە قەرەوێڵەکە بێتە خوارەوە بەڵام بەهۆی بێهێزییەوە نەیتوانی.

ڕەشید هاتە پێشەوەو زۆر ئاسان لەسەر قەرەوێڵەکە لەباوەشی گرت و ساتێك سەیری منی کرد و دواتر خێرا لە دەرمانخانەکە چووە دەرەوە. ڕامکرد بە دوایدا ئەوسا ئەو دوو هاوڕێیەی تفەنگەکانیان بەرەو ڕووم گرت،

بەڵام ڕەشید ئاماژەیەکی بۆ کردن بۆیە دووبارە لولەی تفەنگەکانیان هێنایە خوارەوە، خێرا گوڵڕووی سەر ئەسپەکە خست و خۆیشی پەڕییە سەر ئەسپەکە، کوڕێکی هەیکەل جوان بوو ویستم شتێکی پێ بڵێم، وتی:

– ئێمە هەرگیز نەماندەویست ئاوای لێبێت، ئەگەر ئەیانهێشت، ئەهاتینە خوارێنی، چ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە کە سێ ساڵ پێش ئێستا دێی ئێمە لەگەڵ دێی ئەمان شەڕیان هەبووە؟ ئێمەومانان لەگەڵ کەس شەڕمان نییە، ئەگەر باوکی من لەگەڵ باوکی ئەمان شەڕی هەیە بە ئێمە چی؟

دواتر سەری ئەسپەکەی وەرگەڕاند و بە یەك جوڵە بەسەر محەجەرەکاندا بازی داو بە غاردان ڕۆشت، یەکێك لە هاوڕێکانیشی بە دوایدا ڕۆشت، بەڵام یەکێکی تریان هەر لەوێدا وەستا بوو و سەیری منی دەکرد، کوڕێکی حەڤدە ساڵە بوو، لامکردەوەو سەیریم کرد ئەوسا بە ڕوومدا پێکەنی و بە دیالێکتێکی خۆش و شیرین وتی:

– ئێمە یەك کاکمان هەیە کە لە خۆم گەورەترە، کاتی ژنهێنانییەتی.

دواتر دووبارە پێکەنی و سەیرێکی گوڵڕەنگی کرد و مامزەیەکی دا لە ئەسپەکەی و وەکو بروسکە بۆی دەرچوو لامکردەوە بەرەو لای گوڵڕەنگ کە بینیم خەریکە پێی پێئەکەنێ، تیا مابووم چی بکەم، ڕامکردە دەرەوەو چوومە کۆڵان، چەند دانە لە ژنەکانی ئاوایی خەریك بوون سەیری یەکیان دەکرد، بە بەرزی هاوارم کرد و وتم:

– کوێخا، کوێخا لە کوێیە؟ بانگی بکەن.

یەکێکیان خێرا زەمبیلەیەك کە لەسەر سەری بوو خستیە سەر زەوی و

ڕایکرد بەرەو ئەوپەڕی کۆڵانەکە، بەڵام هێشتا تا نیوەی ڕێ نەڕۆشتبوو که لەملای کۆڵانەکەوە دوو دانە ئەسپ سوار بە غاردان تێپەڕین، یەکیانم ناسی براکەی گوڵڕوو بوو و ئەوی تریش بە دڵنیاییەوە باوکی بوو، گەڕامەوە بەرەو لای دەرمانخانەکە هەرکە گەیشتم بینیم کە دوو دانە ئەسپسواری تریش بە دوایاندا ڕۆشتن، لەوانەیە دوو دەقیقە تێنەپەڕی بوو کە سێ چوار دانە سواری تریش بە غار ڕۆشتن بەرەو هەمان لا، هەموو جەستەم خەریك بوو دەلەرزی، ئەمزانی کە ئەم ڕووداوە سەرەنجامێکی باشی نییە، دڵم پێشبینی شتی باشی نەدەکرد، نەمدەزانی ئەبێ چی بکەم، چوومە دەرمانخانەکەو لە پشت مێزەکەمەوە دانیشتم، گوڵڕەنگیش هات هەر لەوێ لە کەنار مێزەکەوە دانیشت، سەیرێکیم کرد و وتم:

– بە دڵنیاییەوە جاری دواتر نۆرەی تۆیە، ئەو کوڕە جۆرێك سەیری ئەکردیت.

سەری داخست و هیچی نەوت، لە جێگەکەم هەستام و چووم بۆ لای و بە دەستم سەریم بەرز کردەوەو وتم:

– وا ئەزانی ئەم کارانە دروستن؟ ئەگەر ئێستا یەکێك بکوژرێت چی؟

– بە دڵنیاییەوە هەر وا دەبێت.

– ئیشەڵا وا نابێت، بەڵام ئاخر ئەمە چ کارێکە؟

– ئێمە چ گوناهێکمان هەیە؟ هەر کەسێك تفەنگەکەی بەزەبرتر بێت کچ هی ئەوەیە.

– مەگەر ئێرە دارستانە؟ تۆ وەها قسە دەکەیت کە ئەڵێی کچانی ئەم دێ ئاسك و کەڵە کێوین و گەنجانی ئەو دێ ڕاوچی.

– ئا، هەروایە کە وتت.

سەیرێکم کردو وتم:

– واتە ئێوە مرۆڤ نین؟

– نە، ئێمە بۆ باوکمان وەکو مەڕەکانی واین، هەر کەسێکی بوێت پێی دەفرۆشێت و هەر کەسێکی کە نەوێت پێی نافرۆشێت.

– ئەی خۆتان چی؟ نابێت خۆتان بیرێك، بۆچوونێکتان هەبێت؟

– چ جیاوازییەکی هەیە؟

– زۆر جیاوازی هەیە.

– بۆ ئێمە نە، ئێمە چ لەم دێ، چ لەو دێ دەبێ کار بکەین، ئیتر یان بۆ باوکمان یان بۆ مێردمان.

– هەرکەس ئەبێ بۆ ژیان کار بکات و هەوڵبدات.

هەروا کە سەیری دەکرد وتی:

– ئێمە لێرە کە لە قوتابخانە دەگەڕێینەوە دەچینە سەر دار.

– دار؟

– داری مافور، لەو کاتەی کە دەگەڕێینەوە لەسەر دار دادەنیشین تا نانی ئێوارە، ئیتر چ جیاوازییەکی بۆمان هەیە لەسەر کام دار دابنیشین؟

– واتە لەو کاتەی دێنەماڵەوە مافور دەچنن تا کۆتایی شەو؟

– ئا.

– ئیتر چی دەکەن؟

– هیچ، یا مافور دەچنین، یا مەڕ دەبەین بۆ لەوەڕاندن، یا لەسەر کێڵگەین.

- یانی ئێوە هیچ خۆشگوزەرانییەکتان نییە؟

- کاتێك لەگەڵ کچەکانی تردا لەسەر دار دادەنیشین قسە دەکەین و پێدەکەنین.

دواتریش لای کردەوە و سەیری دەرەوەی کرد و وتی:

- بە شووشمان بدەن هەر ئەمەیە، لانیکەم ئەگەر مێردەکەمان خۆش بوێ..

لەپڕ دەنگی تەقە هات، ڕامکردە دەرەوە، دەنگەکە زۆر نزیک نەبوو بەڵام دەبیسترا، بە دڵنیاییەوە پیاوانی دێ پێیان گەیشتبوون، دڵم دەلەرزی، تۆزێك دواتر لە ئەم لای کۆڵانەکەوە کوێخا لەگەڵ دوو سواری تر دەرکەوتن، تفەنگچییەکانی خان بانوو بوون، کە گەیشتن لە ئەسپ دابەزین و سڵاویان کرد، کوێخاش هاتە پێشەوەو سڵاوی کرد و وتی:

- ئێوە حاڵتان باشە خانم دکتۆر؟

سەرم ڕاوەشاند. سەیرێکی گوڵڕەنگی کردو وتی:

- ئەو پرچ بڕاوە ئاخرییەکەی کوشت و بڕێکی نایەوە.

لامکردەوەو بە کوێخام وت:

- هەواڵێك بە هێزەکانی پۆلیس بدەن.

- تا چی ببێت؟

- دەی بێن و لانیکەم نەهێڵن کەس بکوژرێت.

- ئێستا ئەگەر پۆلیسەکان بگەن ئەمانە لەگەڵ یەك دەبنە دۆست و لەبەردەم پۆلیسەکاندا یەکتر ماچ دەکەن، بەڵام هەر کە ئەوان بڕۆن دووبارە دەکەونە گیانی یەکتر، پێیان شەرمە پۆلیس یارمەتییان بدات،

ئێمە دەبێت خۆمان ئاگامان لە ناموسمان بێت.

سەیرێکیم کرد و ویستم بچمە دەرمانخانەکە، وتی:

– خانم دکتۆر ئەم دوو نەفەرە خان بانوو ناردونی.

– بۆچی؟

– وتیان جارێ لێرە بن تا ئاژاوەو پشێوییەکە کۆتایی پێ دێت.

تێگەیشتم کە بە دڵنیاییەوە لەوانەیە کێشەیەك بێتە پێشەوە، سەرێکم ڕاوەشاند و گەڕامەوە بۆ دەرمانخانە، کارێکی تر نەئەکرا، ئەبووایە ئارام بگرتایە تا ببینم چی ئەبێت. کەم کەم ژنەکانی دێ لەبەردەم دەرمانخانەکە کۆبوونەوە، لە پشت شوشەکەوە دەمبینن، ئەوانیش ساتێك سەیری دەرمانخانەکەیان دەکردو ساتێك سەیری ئەو لای دێ کە مێردەکانیان لێوەی ڕۆشتبوون، هەموو بێدەنگ کە تۆزێك تێپەڕی ژمارەیان زۆرتر بوو، هێشتا دەنگی تەقە دەهات لە دوور، لامکردەوەو بە گوڵڕەنگم وت:

– ئەمانە بۆچی لێرە کۆبوونەتەوە؟

– کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی شین بگێڕن.

– شین؟

– سەرەنجام یەك دوانێك دەکوژرێت.

– لەوانەیە کەس نەکوژرێت.

– بە دڵنیاییەوە دەکوژرێت، ئەوە دایکمە.

– کامە؟

– ئەوەی کە لەچکی سووری بەسەرەوەیە.

- دەی برۆ بڵێ بێتە ژوورەوە.

تۆزێک سەیری کردم و دواتر چووە دەرەوە و لە حەوشەی دەرمانخانەکە تێپەڕی و چوو بۆ لای ژنێك کە لەسەر زەوی دانیشتبوو و سەری بە دەستی گرت بوو، شتێکی بە گوێیدا چرپاند و ژێر باڵی گرت و لە جێ بەرزیکردەوەو ئارام هێنای بەرەو لای دەرمانخانەکە، چاوەڕێم کرد تا گەشتن بە حەوشەکەو چوومە بەردەمیان، هەردووکیان ساتێك وەستان. هەنگاوێك چوومە پێشەوەو ژێر باڵی دایکیم گرت و لەگەڵ خۆم بردم بۆ دەرمانخانەکە و لەسەر کورسییەك دامنیشاند، بێچارە بێ ئۆقرە بوو، لەپڕ دەستی کردە گریان و شتێکی بە زمانی خۆیان وت کە من تێنەگەیشتم، لامکردەوە بەلای گوڵڕەنگدا، وتی:

- دەڵێ خانم دکتۆر چ خاکێك بکەم بەسەرمدا؟

وەڵامم نەدایەوە ئەوسا دووبارە بە هەمان زمان شتێکی وت و دیسان گوڵڕەنگ بۆی وەرگێڕام و وتی:

- ئەڵێ کچەکەم لەدەستچوو.

دەستم خستە سەر شانی ئەوسا دیسان شتێکی وت و گوڵڕەنگیش دەستبەجێ وەریگێڕا:

- ئەڵێ ئەگەر تەرمەکەییم بۆ بێننەوە چی؟

- فارسی تێدەگات؟

گوڵڕەنگ سەرێکی ڕاوەشاند و دواتریش بە زمانی خۆیان شتێکی بە دایکی وت، منیش سەرم بردە لای گوێی و ڕووداوەکەی گوڵپووم بە ئارامی پێوت کە لە پڕ بە توندی کێشای بە دەم و چاویدا و شیوەنەکەی

بەرزتر بووەوە، کەمێك چاوەڕێم کرد تا ئارام بێتەوەو دواتریش وتم:

– ئارامبە دایکە، کارێکە کە بووە، ئەبووایە پێشتر بیرت لێبکردایەتەو
بە دیالێکتێکی گران وتی:

– چی بیرێکم بکردایەتۆ دایکە؟ چەند وەختە زیندانییە، لای بەیاز
حاڵی خراو بوو و هاوردمانە لای تۆ، ئاوردگمان هەر بۆیرە کە ئەو بە
شەرەفە لەیرا فڕاندی.

لەپڕ ڕوانیمە گوڵڕەنگ زەردەخەنەیەکی شاراوە لەسەر لێوەکانی بوو، سەیرێکیم کرد کە سەری وەرگێڕا بەرەو ئەولا. ڕۆشتم و چایم بۆ دایکی تێکرد و پێمدا. لەپڕ دەرگای دەرمانخانە کرایەوەو چەند دانە ژنی تریش هاتنە ژوورەوە، ئەوانی تریش لە حەوشەکە کۆبوونەوە، وەك شتێ ترسیان لە من ڕەوی بووەوە، بەسەر سڵاوم لێکردن و خولکم کردن بۆ سەر دوو کورسی خاڵی، بەڵام هەموویان هەر لەبەردەم دەرگا لە ئاستانەکەیدا دانیشتن، ئاماژەم بۆ گوڵڕەنگ کرد بە واتای چاییان بۆ بهێنە، بەڵام یەك و دووان نەبوون، خودی گوڵڕەنگیش تێگەیشت و بە یەك ئامـاژە تێیگەیاندم کە پێویستی بە پێشوازی نییە، کاتی پێشوازیش نەبوو، هێشتا دەنگی تەقە لە دوور دەهات، بێچارە دایکی بێ ئۆقرە بوو، ئەسڵەن لەسەر کورسییەکە بەند نەدەبوو، لە پەسا لەژێر لێویەوە ورتە ورتێکی دەکرد کە وەك لاواندنەوەی مردوو وابوو، وەك ئەوەی خەریك بوو خۆی بۆ شتگەلی خراپتر ئامادە دەکرد، نەمدەزانی لەم جۆرە کاتانەدا ئەبێ چی بکەم، ڕاستییەکەی وەك شتێ کە مرۆڤەکانی ئەم دێ بچوکە لە بری پزیشکێکی گشتی پێویستیان بە پزیشکێکی دەرونی یان ڕاوێژکارێك

هەبوو، هێواش ئاماژەم بۆ گوڵڕەنگ کرد کە بێت بۆ نوسینگەکەم خۆیشم لە پێشەوە ڕۆشتم، تۆزێك دواتر ئەویش هات، دەرگای نوسینگەکەم داخست و ئارام پێموت:

– لەگەڵ یەك لێرە وادەیان دانابوو؟

سەری داخست و هیچی نەوت.

– کەوایە ڕووداوی خۆکوژییەکە دروست کرا بوو، تەنها چەند دانە حەبی خوارد بوو تا فێڵ لەوانی تر بکات؟

سەری بەرز کردەوەو وتی:

– چارەیەکی تری نەبوو.

– ئەگەر ئێستا تەرمەکەی بهێننەوە چی؟

– ئەگەر ئێستا نەیهێننەوە یەك دوو مانگی تر دەیهێننەوە، بە دڵنیاییەوە باوکم کاتێك تێدەگەیشت چ کارێکی کردووە ئەیکوشت.

– واتە بایەخی ئەوەی هەیە؟

– هەیەتی، لەوانەیە شانسی هەبێت و باوکم و ئەوان نەتوانن بیانگرن، لەوانەیە بهێڵن لەگەڵ ڕەشیددا بڕۆن بۆ جێیەکی تر، جێیەکی دوور کە دەستی کەسیان پێ نەگات.

– بڕیاری یەکتر بینین و هەڵاتنەکەیان تۆ داتنابوو؟

دووبارە سەری داخست، منیش چاوەڕێی وەڵام نەبووم، دەرگاکەم کردەوەو گەڕامەوە بۆ لای ئەوانی تر، هەر کە گەیشتم بینیم هەموویان سەریان وەرگێڕا بەرەو دەرەوە، ساتێك گوێم گرت، دەنگی تەقە پچڕا بوو، هەموویان تۆقی بوون و چاوەڕێی ئەنجامی کار، خۆشم هەروا،





نـەمتوانی لـە دەرمانخانەکـە بمێنمـەوە، دەرگاکـەم کـردەوەو چووم حەوشە، لەوانەیە دە خولەك چارەكێ تێنەپەڕی بوو کە لە دوورەوە تەپ و تۆز بەرز بووەوە، ژنەکانی تریش هاتنە دەرەوە، کەم کەم تۆز و خۆڵ لەسەر ڕێگاکە زیاتر بوو و چەند دانە سواریش دەرکەوتن، جگە لە دەنگی هەناسەدان هیچ دەنگێگ لە کەسەوە نەدەهات کە ئەویش بە دەنگی سمی ئەسپەکان نەما.

ئیتر بە ئاسانی دەکرا گەنجەکانی ئاوایی لـە دوورەوە بناسیتەوە، هەر کامیان لەسەر ئەسـپێك دانیشـتبوون و سـەرکەوتووانە بـەرەو دێ غاریان دەدا، هەموویان سەریان بـەرز ڕاگرتبـوو، لـە پـێش هەموویانـەوە ئەسپی باوکی گوڵڕەنگ غـاری دەدا، ئەسـپێك بـە دوو سـوارەوە، یـەکیان لەسـەر زینەکە دانیشتووەو ئەوی تر لەبەردەم زینەکـەدا خـەوتووە! لەگـەڵ هـەر جوڵەیەکی ئەسپەکە قژە درێژ و ڕەشەکانی وەکو خـەرمانی گـەنم پـاش و پێشی دەکرد، ئیتر تەنانەت دەتتوانی گوڵە سور و نـارنجی و زەردەکانی کراسەکەشی ببینیت.

تـەرمی گوڵڕوویـان گەڕانـدبووەوە. لـەپڕ دەنگـی شـیوەن بـەرزبووەوە، سەرەتا دایکی و دواتر ئەوانی تر، ڕێك وەك شینگێڕێك کە گروپێکی لەگەڵ بێـت، ئـەو شـتێکی بـە زمـانی خـۆی دەوت و ژنـەکانی تـریش وەڵامیـان دەدایەوە. بڕوام نەبوو کە ئـەم تەرمـە هـەمان ئـەو کچـە جوانـە بێت کە کاتژمێرێك پێشتر لەسەر قەرەوێڵەکە خـەوتبوو، خـەریك بـووم چارەسـەم دەکرد، ئیتر گەیشتبوون بە دێ، یەك خولـەك دواتـر هـەموویان لەبـەردەم حەوشـەی دەرمانخانەکـە هەوسـاری ئەسـپەکانیان ڕاکێشـا، دەسـتبەجێ

ڕامکردە درەوەو ڕۆشتم بۆ لای گوڵڕوو کە وەکو گوێنییەک خستبوویانە سەر ئەسپەکە، دەمویست ئەگەر بکرێت واتە ئەگەر زیندوو بێت یارمەتی بدەم کە لەپڕ باوکی لولەی تفەنگەکەی بەرەو ڕووم گرت، هەر لەم کاتەدا دوو تفەنگچییەکەی خان بانوو تفەنگەکانیان بەرەو ڕووی باوکی گوڵڕوو گرت، ئەوسا کوێخا کەوتە نێوانەوە، منیش چاوەڕێم نەکرد و لولەی تفەنگەکەم خستە لاوەو چوومە پێش، داماوە دەستەکانی هەروا شۆڕ بوو بوونەوەو خوێنیان لێ دەچۆڕا، دەمزانی تەواوی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لێدانی دڵیم گرت تەواو بوو بوو. سەرم بەرزکردەوە و سەیرێکی باوکیم کرد و وتم:

- بیهێننە دەرمانخانەکە.

سەیرێکی کردم و وتی:

- تەرمەکەی بە کەڵکی ئێوە نایەت.

لەپڕ دەنگی شیوەن بەرزتر بووەوە، ئەمجارە هەموو خەریک بوون دەیانکێشا بە سەریاندا و قژیان ئەکەندو بە نینۆک دەم و چاویان دەڕنی، دایکی گوڵڕوو ڕایکردە پێشەوە لەمکاتەدا مێردەکەی لولەی تفەنگەکەی خستە سەر سینەی و وتی:

- ئەگەر شیوەن بکەیت واوەیلا، دەتنێرمە لای دەستی.

دایکی گوڵڕوو پەنجەی کرد بە ناو قژەکانی گوڵڕوودا و ئەمجارە تەنها بە گریانەوە وتی:

- کوشتت؟

- سەد دانەی وەکو ئەمە فیدای یەک تاڵ مووی سمێڵی پیاوانەی کاکی،

تەرمەکەی هەڵگرە، ئەسپەکە خوێناوی بوو، بیخەنە خاکەوە، شیوەن و ناڵەش لە کەس نەبیستم.

هەر پێش ئەوەش شیوەن پچڕا بوو، تەنها فرمێسک بوو ئارام لە چاوەکان دەهاتە خوار. چەند دانە لە ژنەکان ڕایانکردە پێشەوەو تەرمی گوڵڕوویان لەسەر ئەسپەکە هێنایە خوارەوە، خەریك بوو حاڵم تێکدەچوو، ترسا بووم، بەڵام نەمدەویست ئەهلەکە لەمە تێبگەن، ئارام گەڕامەوە و ڕۆشتم بەرەو لای دەرمانخانەکە و چوومە ژوورەوەو دەرگاکەم بەست و کلیلمدا، ئیتر لەوێ کەس پێویستی بە پزیشك نەبوو.

## وەرزی دووەم

نزیکەی مانگ و نیوێک بەسەر هاتنم بۆ ئێرە تێپەڕی بوو، مامم و خەسرەو یەکجار هاتبوون بۆ ئێرەو سەریان لێدابووم و شەو نەبوو بوو گەڕابوونەوە تاران، ڕاستییەکەی لە هاتنیان خۆشحاڵ بووم، هەستم دەکرد مرۆڤێکی فەرامۆشکراو نیم، هەرچەند کە خەسرەو دوو سێ ڕۆژ جارێ تەلەفۆنی بۆ دەکردم و هەواڵی ئەپرسیم، سەرەنجام کوڕە مامم بوو، تەنانەت بە ناونیشانی ئەنجامدانی ئەرکیش بووایە دەبوو ئەم کارەی بکردایە، تا ڕادەیەک تەلەفۆنەکانیشی هەر بە شێوەی ئەنجامدانی ئەرک بوو، کورت و بروسکەیی! (سڵاو پەروازە، باشی؟ لەوێ کێشەت نییە؟ هیچت پێویست نییە؟ دیسان پەیوەندییت پێوە دەکەمەوە، خوات لەگەڵ) هەمیشەش دوای هەر تەلەفۆنێك سەرەتا لێی توڕە دەبووم و دواتریش لەبەر ئەوەی لە بیرمدایە مەمنون دەبووم، لەوانەیە ئەویش هەمان هەستی هەبوو بێت، ئەبوو بە ناچاری لە بیری مندا بێت و بە ناچاری تەلەفۆنم بۆ بکات، بە دڵنیاییەوە مامم ناچاری دەکرد، حەزم دەکرد بزانم بیر لە چی دەکاتەوەو چ هەستێکی بەرامبەر بە من هەیە، بەڵام دەمزانی ئەمە ئەستەمە، هەرگیز نە ئەتوانرا لە ناخی تێبگەی، ئەهاتەوە بیرم لە ڕابردوودا بۆ نموونە ئەگەر ڕۆژێك جوانترین گۆرانیم بۆ

ئەخستە سەر تا گوێی لێی بگرێت و بۆچوونیم دەربارەی ئەویست، تەنها بە جوڵەیەکی سەر دەیوت (سەرنجڕاکێشە، بەهرەمەندە لە بوونی ئاوازێکی باش، هەڵبژاردنی ئالەتەکان نایاب بووە، سەلیقەیەکی جوانت هەیە پەروازە گیان). یان بۆ نموونە کاتێ ڕۆمانسیترین هۆنراوەکانم بۆ دەخوێندەوە، دوای ئەوەی کە بە وردی گوێی لێدەگرت دەیوت (بێ وێنەیە، زۆر باش سوود لە وشەکان وەرگیراوە، ئەتوانێت بە کەمێك مەشق و ڕاهێنان ببێتە شاعیرێکی باش). هەمیشە لەبەر ئەم ڕەفتار و عادەتەی لە دەستی تورە دەبووم، هیچ کات لەگەڵ من دەمەدەمەی نەدەکرد، هەمیشە پشتیوانی دەکردم بەڵام لە هەمان کاتدا بە جۆرێك تێیدەگەیاندم کە هەڵبژاردنەکەم زۆر سەرنجڕاکێش نەبووە، سەیر لەوەدا بوو کە خۆم دوای ماوەیەك تێدەگەشتم کە خەسرەو زۆر باش لاوازی و کەموکورتی هەر شتێك دەستنیشان دەکات، هەر لەبەر ئەوەش بوو لە دەستی تورە دەبووم، بەهەرحاڵ خەسرەویش بەم شێوە دوورا و دوور لە بیری مندا بوو، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە من بووم و تەنهایی و ئاواییەکی بچووکی جوان بە دەشتگەلی سەر سەوز و کێوگەلی بەرزی خەیاڵی و خەڵکانێك کە وا دیار بوو نەیاندەویست من لەنێوان خۆیاندا قبوڵ بکەن، بەڵام چارەیەك نەبوو، دەبوو بە هەر شێوەیەك بووە دەورەکەم تەواو بکەم، لەم نێوەندەدا چانسێك کە هەمبوو بوونی خان بانوو بوو، کە نزیکەی یەك دوو جار لە هەفتەیەکدا بانگهێشتی دەکردم تا بچم بۆ قەڵا و بۆ نانی نیوەڕۆ یان ئێوارە میوانی بم، خانمێکی یەکجار تێگەیشتوو و ڕۆشنبیر بوو، بە بوونی زانیاری تا ڕادەیەك باش لە هەر بابەتێکدا، ڕۆژەکان هەروا

تێدەپەڕین و من تا ڕادەیەك بێکار، لەوانەیە لەم ماوەدا جگە لە بابەتی گوڵڕوو نەخۆشێکی ترم نەبوو، جگە لە کوێخاش کەسی تر لە خەڵکی دێ سەری لێ نەدەدام و تەنها کاتێك کە لەناو دێدا دەسوڕامەوە بە بینینم سڵاوێکیان لێ ئەکردم و لە کەنارمەوە تێئەپەڕین، لەوانەشە منیان بە بەرپرسی هەڵهاتنی گوڵڕوو زانیبێت، بە کورتی لەگەڵ تەنهایی خۆم پەنام دەبرد بۆ بیرەوەرییەکانم و بە خوێندنەوە کاتم بەڕێئەکرد، لێرە زیاتر دەکەوتمە بیری دایکم و باوکم و زیاتر هەستم بە جێی خاڵییان دەکرد، حەزم دەکرد ئێستا هەردووکیان زیندو و لەگەڵ من دەبوون ، ترسێك کە سەرەتای هاتنم بۆ ئێرە لام دروست بوو بوو هێشتا درێژەی هەبوو، شەوانە، شەوانی ترسناك لەگەڵ دەنگگەلی جۆراوجۆری تۆقێنەر، دەنگگەلێك کە تا پێش ئەوە لە فیلمەکاندا بیستبووم، دڵەڕاوکێیەك کە تەنها لەو خەوانەی خۆمدا هەستم پێکرد بوو کە وەك کابوس وابوون.

دەرمانخانە تەقریبەن لە کۆتایی دێدا دروست کرابوو، ئینجا بۆچی؟ نازانم، لەوانەیە شوێنێکی گونجاویان بۆی دەستنەکەوتبوو لەوانەشە ئەم زەوییە زەوییەکی وقفی[1] بووەو ناچار بوون کە لێرە دروستی بکەن، دوای دەرمانخانەکە ئیتر جادە بوو و کەمێك ئەولاتریش گۆڕستانی ئاوایی، گۆڕستانێکی کۆن بە بیست سی قەبرەوە، نزیکی ئەم گۆڕستانەش لە دەرمانخانەکەوە شەوانە ترسێکی زیاتری لا دروست دەکردم، هەرچەندە هەفتەی لانیکەم زیاتر لە جارێك ئەلبەتە بە ڕۆژدا، خۆم دەڕۆشتم بۆ

---

[1]) وقف: بەخشینی موڵك بە دەزگایەکی خێرخوازی یاخود تەرخان کردن و بەخشینی لە ڕێگەی خوادا. وەرگێڕ

ئەوێ، جێگەیەکی جوان بوو، هەموو شوێنێکی پڕ بوون لە بژوێن و گوڵگەلی سروشتی، ڕێك وەکو گۆڕستانەکانی دەرەوە کە لە هەندێ لە فیلمەکاندا پیشانی ئەدەن. هۆکاری ڕۆشتنم بۆ ئەوێ هەم بوونی گوڵڕوو بوو هەم شتانێك کە هەر جارێك دەڕۆشتم بۆ ئەوێ دەمبینین، هەر جارێك لەسەر گۆڕەکەی گوڵڕوو چەپکە گوڵێکم دەدۆزییەوە، ئەگەر دەمزانی کە ڕەشید زیندووە دڵنیا بووم کە کاری ئەوە، بەڵام ڕەشیدیش لەگەڵ گوڵڕوودا کوژرا بوو، کەوایە.. بە بیرما هات کە بە دڵنیاییەوە کاری گوڵڕەنگ یان دایکییەتی، بەڵام بەو جۆرەش نەبوو چونکە گوڵڕەنگ لەو ڕۆژە بە دواوە سنووردار کرا بوو و بە زەحمەت مۆڵەتی هەبوو کە قاچی لە ماڵ بخاتە دەرەوە، ئەم بابەتە خەریك بوو بۆم دەبووە مەتەڵێك کە سەرەنجام بە کەمێك سیخوڕی چارەسەر بوو، کچان و ژنانی دێ هەر کامیان بە نۆرە هەموو ڕۆژێك دەچوونە سەر گۆڕی گوڵڕوو و چەپکێك گوڵیان دەخستە سەر گۆڕەکەی، هەرگیز چاوەڕێی شتێکی ئاوا نەبووم، وام بیر ئەکردەوە کە بە کارێك کە گوڵڕوو کردوویەتی ئیتر ئەهلی گوندەکە تەنانەت لە نزیکی گۆڕەکەشیەوە ناڕۆن چ بگات بەوەی کە گوڵی بۆ ببەن، بەڵام من هەڵە بووم، ژنان و کچانی دێ گوڵڕوویان فەرامۆش نەکرد بوو، لەوانەشە هەمان کار لە گوندەکەی تر بەرامبەر گۆڕەکەی ڕەشید دەکرا، لەوێش بە دڵنیاییەوە کوڕانی دێ گوڵیان لەسەر گۆڕەکەی دادەنا، بەهەرحاڵ شەوانێکی ترسناکم بەڕێ ئەکرد، دەنگی با، باران، هەورە گرمە و کاتێك کە ئەمانە نەبوون دەنگی ڕۆشتنی شتێك بەسەر گەڵاکاندا و لورەی چەقەڵ و گورگ و دەنگی وەڕینی سەگگەل، بەڕاستی ترسناك بوو

بەتایبەت بۆ کچێکی تەنها، بەڵام چارە چی بوو؟ ئەبووایە ئەم ڕۆژگار (زەمانە) تێپەڕیایە، دەبووایە خۆمم باشتر بناسیایەو تاقیکردنەوەم بدایە، ئەبوایە لە خۆم دڵنیابوومایەو تێبگەشتمایە چەندێك توانا و خۆڕاگریم هەیە. بۆیە ئەو شەوە ترسناکانەم بە بەبیرهێنانەوەی یادەوەرییەکان و بیرکردنەوە لە ئایندە بەڕێ ئەکرد، هەمیشەش خەسرەو بەشێك بوو لە ئایندەم، بەشێکی گرنگ، جارێك شیاوی قبوڵ و جارێك ناچاری، شتێکی وەکو ناوچاو و چارەنوسێکی نوسراو. بەهەرحاڵ دوای مانگ و نیوێك نە من لەگەڵ ژیانی تازەدا ڕاهاتبووم، نە ژیانی تازە لەگەڵ من، تەنها بە جۆرێك خەریك بووین بەرگەی یەکترمان دەگرت و لەگەڵ یەکتر دەسازاین و شەوان و ڕۆژانمان بەڕێئەکرد، تا ڕادەیەك هەموو شت بۆم یەك ڕەنگ و بێ گۆڕانکاری بوو، جوانی و ڕەنگینی دێ بۆ من و بوونی من بۆ دێ و خەڵکەکەی، لەوانەشە لەبەر ئەوە بوو لەوێ کارێکم نەبوو بۆ ئەنجامدان، نە نەخۆشێك دەهات بۆ دەرمانخانە و نە کەسێك لەماڵەوە حاڵی خراپ دەبوو، هەستم بە بێ نرخی دەکرد و هەر ئەمەش دەبووە هۆی ئازارم، مرۆڤەکان بۆ زیندوو بوون دەبێت هۆکاریان هەبێت چ بگات بە شتەکانی تر.

بە کورتی ئەم بارودۆخە هەروا بۆم درێژەی هەبوو تا ئەوەی کە شەوێك ڕووداوێکی سەیر ژیانمی تێکدا بەسەر یەکدا (ڕەوتی ژیانی گۆڕیم)، ڕووداوێك هەرگیز بیریشم لێنەدەکردەوە، بەسەرهاتێك، بەسەرهاتێك لە دێیەکی بچووکدا، کاتژمێر دەوری یەکی دوای نیوە شەو بوو، لە ماڵەوە خەوتبووم، لە بیرمە خەریك بووم خەوێکی سەیرو نامۆم دەبینی کە

دەنگێـك خەبـەری کردمـەوە، بەرزبوومـەوەو لەسـەر جێگـەی خەوەکـەم دانیشتم و گوێم ڕادێرا، وەك هەمیشە دەنگی لورە و وەڕینی سـەگ و ئەم شتانە دەهات کە بۆم تازە نەبوو، زوو خەوتم تا ترس نەیەتە دڵمەوە بەڵام لـەپڕ دووبـارە دەنگـی ڕێکردنـی شـتێکم لەسـەر گـەڵاکان بیسـت، زوو چاوەکانم نوقاند حەزم نەئەکرد بەدوایدا بچم، لەبەرئەوەی دەمزانی ناتوانم سەرچاوەی ئەم دەنگە بدۆزمەوە، واتە سەرەتا کە ئەم دەنگەم دەبیست چەند جار چوو بوومە پشت پەنجەرەکە، بەڵام شـتێك دیـار نـەبوو، تـەنها ئـەم دەنگـە لـە دەرەوەی حەوشـەی ماڵـەوە دەهـات، بـەڵام ئـەمجارە دەنگەکە زۆر نزیك بوو، لەگەڵ جارەکانی پێشوو جیاوازی هـەبوو. زوو لە جێگەی خەوەکەم هاتمە خوارەوەو چوومە پشت پەنجەرەکـەو بە ئارامی سوچێکی پەردەکەم لادا، ئەوەی کە دەمبینی باوەڕم پێنەدەکرد، پیاوێك بەسەر ئەسپێکەوە لە حەوشەی خانووەکـەدا بـوو و خـەریك بـوو سـەیری پەنجەرەکەی دەکرد، زۆر ترسام و ئارام پەردەکەم دادایـەوە، نەمـدەزانی ئەبێ چی بکەم، واتە ئەمیش پیاوێکی گەنج بوو کە بۆ دزینی من لـەو دێ هاتبوو؟ ئەگەر ئاوا بوو ئەبووایە چیم بکردایە؟ کەمێك بەسـەر خۆمـدا زاڵ بووم و بیرم کردەوە، ئەوان هـەرگیز نـەدەهاتن بـۆ دزینـی کچێك، ئـەوان ئەهاتن و کچەکەیان لەگـەڵ خۆیـان دەبـرد، بـە بـەڵێن و بڕیـاری پێشـتر، لەوانەشە ئەوینی پێشتر، بەڕاستی سـەرنجڕاکێش بـوو، ئەگـەریش پێشـتر کەسێك وەها شتێکی بۆم باس دەکـرد ڕێـی تێنەئەچـوو بـڕوا بکـەم، ڕێك وەکو فلمی ڕۆمیۆ و جولێت، واتە هیچ کەس باوەڕی نەدەکرد وەها ئەوین و کارەساتگەلێك لە دێیەکی بچوك و دابڕاو، کوڕێکی گەنج لە دێیەك لەگەڵ

کچێکی جوان لە دێیەکی تر عاشقی یەك دەبن و کوڕە دەهات و کچەی لەگەڵ خۆی دەبرد و دواتریش بنەماڵەی کچەکە دوایان دەکەوتن و هەردووکیان دەکوشتن.

ئێستا ئەگەر ئەم پیاوە دەیویست من بدزێت بە دڵنیاییەوە ئەبوو مامم و خەسرەو لە تارانەوە بهاتنایە بۆ ئێرەو تۆڵەیان لێبکردایەتەوە. دووبارە سوچێکی پەردەکەم لادا، هێشتا هەر لەوێدا وەستا بوو سەیری پەنجەرەکەی دەکرد، ئەمجارە بە ترسێکی کەمترەوە سەیرم کرد، ڕوناکی گڵۆپی حەوشەکە دەم و چاوی ڕۆشن کردبووەوە، کوڕێکی گەنجی بیست و شەش، بیست و حەوت ساڵە بوو، بە قژی ڕەشەوە، بە تەواوی نەمدەتوانی دەم و چاوی بناسمەوە، بەڵام هەروا دەکرا بڵێیت هەیکەلی جوانە، بە ڕاستی نەمدەزانی ئەبێ چی بکەم؟ ئەگەر دەیویست بە زۆر بێتە ماڵەوە چی؟ بە چ جۆرێك ئەبوو بەرگریم لە خۆم بکردایە؟ بە چ جۆرێك ئەبووایە ئەهلی دێم ئاگادار بکردایەتەوە؟ ئەسڵەن ئەگەریش ئاگادارم دەکردنەوە دەهاتن بۆ یارمەتیم؟ من خۆ لەوان نەبووم. ئارام سوچی پەردەکەم دادایەوەو چووم بۆ لای مۆبایلەکەم و هەڵمگرت، تەنها شتێك کە بە بیرمدا هات خان بانوو بوو، ئەو بە دڵنیاییەوە یارمەتی دەدام، واتە خۆی پێی وتبووم کە هەرکات گرفتێك هاتە پێشەوە پەیوەندی پێوە بکەم. هەر کە دەرگای مۆبایلەکەم کردەوە بیرێك هات بە مێشکمدا، بۆچی سەگەکانی ئاوایی هەڵمەت نابەن بۆ ئەم پیاوە؟ ئەوان هەر غەریبەیەکیان (نامۆ) کە ئەبینی دەستبەجێ هەڵمەتیان بۆ دەبرد، بیرمە هەمان یەك دوو ڕۆژی سەرەتا بوو کە کوێخا منی لەگەڵ خۆی برد و

سەگەکانی پێ ئاشنا کردم تا ئەگەر شەوێك نیوە شەو ویستم لە ماڵ بێمە دەرەوە هەڵمەتم بۆ نەهێنن. دەرگای مۆبایلەکەم داخست و دووبارە گەڕامەوە پشت پەنجەرەکەو ئارام بە جۆرێك کە پەردەکە نەلەرێتەوە لامدا، هیچ کەس لە حەوشەی دەرمانخانەکە نەبوو، یانی هەڵەم کرد بوو؟ چۆن ڕۆشتبوو کە دەنگی قاچی ئەسپەکەیم نەبیستبوو؟ هەرچی سەیری ئەمبەرو ئەوبەرم دەکرد کەسی لێنەبوو.

ئەمجارە بە ڕاستی ترسا بووم، تا پێش ئەوە وام بیر دەکردەوە کە ئەو پیاوە یەکێك لە کوڕەکانی گوندەکەی ڕەشیدو ئەوانە و ترسم ترس بوو لە مرۆڤێك، بەڵام ئێستا ترسم لە شتێکی تر بوو، ترس لە ڕۆح و ئەم شتانە، هەرچەندە مرۆڤێکی خەیاڵاوی و خورافاتی نەبووم، بەڵام هەرچی بیرم دەکردەوە تێنەدەگەیشتم چۆن توانیویەتی بە ئەسپ و بەبێ هەراو هۆریا بێتە حەوشەی دەرمانخانەکەو دواتریش بەبێ هەراو هۆریا بڕوات؟

تۆزێك ورەم بە خۆمدا و گەڕامەوە ناو جێگەی خەوەکەم، لەوە دەچوو کە ئەو پیاوە ئەهلی هەمان دێی خۆمان بووبێت کە سەگەکان هەڵمەتیان بۆ نەبردووە، یا ئەوەی کە من خەوم بینیوە و ئەسڵەن وەها شتێك بوونی نەبووە. بەهەرحاڵ دوای نیو کاتژمێر سێ چارەك کە دوو سێ جار چوومە پشت پەنجەرەکەو سەیری دەرەوەم دەکرد هەوڵمدا بابەتەکە فەرامۆش بکەم و بخەوم، لەوانەشە یەکێك لە تفەنگچییەکانی خان بانوو بوو کە هاتبوو سەر لێرە بدات، لەوانەشە خەریك بووە لێرەوە تێپەڕیوە ئیتر بیرم لێنەکردەوەو خەوتم، واتە ئەو کاتەی شەو باشترین ڕێگە چارە هەر ئەمە بوو، خەو.

سبەی بەیانییەکەی ژیان دووبارە درێژەی هەبوو، لێکۆڵەرێك لە بنکەی پۆلیسەوە هاتبوو بۆ لێکۆڵینەوەو دوای کاتژمێرێك قسەکردن و دەرکردنێکی ماندوویێتی ڕۆشت، منیش لەبەرئەوەی کارێکم نەبوو بەرێکەوتم بەرەو گۆڕستان و دوای چارەکێك گەشتمە ئەوێ، دیسان چەپکێك گوڵ لەسەر گۆڕەکەی گوڵڕوو بوو، دیار بوو کەسێك پێش من لەوێ بووە. لەپاڵ گۆڕەکەیدا لەسەر چیمەنەکان دانیشتم و چووم بە بیردا (دەستم کرد بە بیرکردنەوە) خەریك بوو کەم کەم گوڵڕوو دەبوو بە داستان و ئەفسانە بۆ ژنەکانی دێ، بەڵام چ سودێکی بۆ خۆی هەبوو؟ خۆی لێرە لە ژێر خاکدا بوو و ڕەشید لە شوێنێکی تر، لەوانەشە من هەڵەبووم و کارەکەی بەهای ئەوەی هەبوو لە پێناویدا بمرێت، لانیکەم تەکانێك بوو، هەولێك، هەرچەندە ئەگەریش بە ڕەشید دەگەیشت گۆڕانکارییەکی زۆر لە ژیانیدا دروست نەدەبوو، دیسان ئەبووایە بچووایەتە سەر داری مافور و جاروباریش دۆشینی شیر و بردنی مەڕەکان بۆ لەوەڕ، تەنها منداڵبوونی بۆ زیادە دەبوو، تا ئەهات تێبگات ژیان چییە، چوار پێنج دانە منداڵی (گەورەو بچوك) دەوروبەریان دەگرت و دەست و باڵیان دەبەست، ئەمجارە ئەگەر ئازادی ئازادیشیان دەکرد ئیتر تەنانەت نەیدەتوانی سەد مەتر لە منداڵەکانی دوور بکەوێتەوە، ئیتر پێویستی بە زیندانی کردن نەبوو، بەڵام لەم نێوەندەدا چ شتێك هۆکار بوو کە ئەو ژیانەی پێ باشتر بێت تا ژیان لە گوندەکەی خۆی و لەگەڵ باوك و دایکی؟ تەنها ئەوین؟ ئەوین بەرامبەر بە چی؟ بە ڕەشید یان ئازادی؟ لەوانەیە ئەو لە ڕەشیددا ئازادی دەبینی، لەبەرئەوەی ئیتر ڕەشید قەرار نەبوو زیندانی

بکات، هەر ئەوەی کە منداڵی لێی دەبوو خۆی بە خۆی پابەندی دەکرد، بەڵام بەبێ زۆر لێکردن. خەریك بووم بیرم لەم شتانە دەکردەوە کە لە پڕ دەنگێکم لە پشت سەرمەوە بیست، هەر کە لامکردەوە و بێ ویست قیژەیەکی کورتم کرد، هەمان پیاوی دوێنێ شەو ڕێك لە پشت سەرمەوە وەستا بوو و خەریك بوو سەیری دەکردم، تێنەدەگەیشتم ئەو چۆن ئەوەندە بێ هەراو هۆریا (دەنگە دەنگ) دێت و دەڕوات کە من پێی نازانم؟ ساتێك دواتر بە خۆمدا هاتمەوە، ئەو جلانەی کە لە بەریدا بوو نیشانی دەدا کە ئەهلی ئەوێ نییە، بەڵام تا قسەی نەکردایە نەمدەتوانی باقی شتەکان تێبگەم، پانتۆڵێکی جین و تیشێرتێکی لەبەر کردبوو، پیاوێکی هەیکەل جوان بوو. ویستم لە پاڵیەوە تێپەڕیم و بگەڕێمەوە بەرەو دێ، وتی:

–ئێوەم ترسان؟ داوای لێبوردن دەکەم.

شێوازی قسەکردنەکەی لەهجەی نەبوو، سەیرێکیم کرد و وتم:

– کەمێك حەپەسام.

– چیرۆکی ئەم خانمەم بیست، جێی داخە.

سەرم ڕاوەشاند، وتی:

– ئێوە خانم دکتۆرن، وایە؟

– وە ئێوە؟

– دیسان داوای لێبوردن دەکەم، واتە کاتێك ئێوەم لێرە لە پاڵ ئەم گۆڕەدا بینی، کاری تێکردم، ئەبووایە زووتر خۆمم بناساندایە، من شایانم، بچوکترین کوڕی خان بانوو.

دواتریش دەستی بەرەو لام درێژ کرد، هەناسەیەکی ئاسودەیم هەڵکێشا و تەوقەم لەگەڵی کرد و وتم:

- منیش پەروازەم، خانم دکتۆری ئەم دێ، ئەڵبەتە تا ئێستا پزیشکیم بۆیان نەکردووە.

نازانم بۆچی هەردووکمان لەپڕ پێکەوە پێکەنین، چاو و برۆ ڕەش و چوار شانەو باڵا بەرز بوو، کاتێك پێدەکەنی دوو چاڵ لە هەردوو لای دەم و چاوی دروست دەبوو کە زۆر جوانتری دەکرد، قژی ڕەش و خاو بوو کە بە هەر تەکانێك پەخشان دەبوو بەسەر دەم و چاویدا، خەریك بووین لە خۆوە پێدەکەنین و سەیری یەکترمان دەکرد، نەمدەزانی لەو ساتەدا خەریکە بیر لە چی دەکاتەوە بەڵام لەپڕ وتی:

- ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ دێ؟

لە مەبەستەکەی تێگەشتم بەڵام بەسەرسوڕمانەوە وتم:

- ببورن؟

- مەبەستم ئەوەیە کە کاتتان هەیە کەمێك بە یەکەوە پیاسە بکەین؟

پێکەنیم و وتم:

- تەنها چەند خولەك.

هەرچەند کە تا پێش ئەوە خەریك بووم بیرم دەکردەوە کە تەواوی ئەم دوو ساڵەی دەورەکەم کاتم هەیە، لەوانەیە پێکەنینەکەم لەبەر ئەمە بووبێت، بە کورتی دوو بە دوو دەستمانکرد بە پیاسەکردن، هەموو شوێنێك سەوزو پاراو بوو، هەوا نایاب، لە هەموو لایەکەوە دەنگی باڵندەکان دەهات دەنگی چەند دانە کەڵەشێریش لەناو ئاواییەوە بەرگوێ

دەکەوت. لە پڕ کەروێشکێکی بزێو لە ژێر بنە گیایەکەوە لەبەر قاچمانەوە هەڵهات و بۆی دەرچوو شایان هەر کە بینی وتی:

– ئەگەر ئێستا تفەنگەکە بە دەستمەوە بووایە ئەمشەو بەخواردنێکی کەروێشك میوانی من بوون.

– ئێوە کەروێشك ڕاو دەکەن؟

– کەروێشك، کەو، قەرقاوڵ (پۆڕ)، جارجاریش ئاسك و شتانی تر.

وەستام و سەیرێکیم کرد و وتم:

– چۆن دڵتان دێت؟

لەپڕ پەشۆکاو وتی:

– دەی، نازانم.

–بۆتان چێژ بەخشە کە مردنی بوونەوەرێك تەماشا بکەن و خۆشتان هۆکاری کوشتنەکەی بن؟

– نە، واتە تا ئێستا ئاوا بیرم نەکردبۆوە.

– کەواتە ئەبێت زۆر پیاوێکی بێ بەزەیی بن.

– نە، هەرگیز بەو شێوە نییە، ئەزقەزا من زۆر بە بەزەییم

– کەسێك کە بە بەزەییە بوونەوەرەکانی تر ناکوژێت

– بەڵام ئەمە تەنها ڕاوێکە، بۆ خواردنی گۆشتەکەی، وەکو گۆشتی مریشك و ماسی و مەڕ، سەرەنجام ئەوانیش دەکوژن و ئێمە دەیانخۆین.

– ئەوە ئیتر لەبەر ناچارییە هەرچەند پێموایە کە مرۆڤ سەرەتا تەنها ڕووەك خۆر بووە.

– نازانم لەوانەیە حەق بە ئێوە بێت، ئێستا خۆ کەروێشکەکە هەڵهات و

منیش تفەنگەکەم پێ نەبوو.

دوویارە هەردووکمان دەستمان کردە پێکەنین، لەخۆوە نازانم بۆچی هەروا پێکەنینم بۆ دەهات؟ بە دڵنیاییەوە ئەویش هەروا بوو، هەروا خەریك بووم پێدەکەنیم و بەم بیانووەوە سەیریم دەکرد، ئەویش هەروا، تۆزێك کە تێپەڕی وتی:

- ئێستا بە دڵنیاییەوە لە دەستی ئەم ڕاوچییە بێ بەزەیی و دڵڕەقە تورەن و ئیتر ناتانەوێت پیاسە بکەن

دوویارە پێکەنیم و وتم:

- ئەسپەکەتان ناهێنن؟

- خۆی بە دوامدا دێت.

لامکردەوەو سەیری ئەسپەکەیم کرد، ئەسپێکی وەك بوکەشوشە بەڵام قاوەیی کاڵ، دیار بوو کە وەکو بوکەشوشە لە نەژادێکی باشە، خەریك بووم سەیری ئەسپەکەیم دەکرد، وتی:

- بیستم زۆر ئاسان سەر بوکەشوشە کەوتوون و فەرمانبەردارتان بووە؟

- خۆی لە بنەڕەتەوە ئەسپێکی سەرکەش نییە.

- بۆچی، هەیە، مۆڵەت نادات بە هەموو کەس سەری بکەوێت، مەگەر ئەوەی کە خانمێکی جوان و ژیکەڵانە نەبێت.

بە ڕووی خۆمم نەهێنا کە چی وت، بەڵام لە ناخی دڵمەوە پێم خۆش بوو، هەستێکی زۆر سەیر و تازە، هەستێك کە پێشتر هیچ کات نەمبووە، هەروا کە لەم هەستە چێژم دەبرد و سەیری ئەسپەکەم دەکرد وتم:

– ناوی چییە؟

– تەندر، ڕکابەری بوکەشوشەیە.

– ئەسپێکی زۆر جوانە!

– خۆزگە بوکەشوشەشم لەگەڵ خۆم هێنابووایە، ئەوکات دەمانتوانی لەگەڵ یەک ئەسپسواری بکەین، ئەڵبەتە ئێستاش دەکرێت، واتە ئەم ئەسپانە ئاسان بە دوو نەفەرەوە غار دەدەن (تاو).

دیسان لە مەبەستەکەی تێگەیشتم بەڵام قسەکەم گۆڕی و وتم:

– لە تاران دەژین؟

سەری ڕاوەشاند و وتی:

– دایکم حەزی لە تاران نییە، تەنها جار جار بۆ چەند ڕۆژێك دێت بۆ ئەوێ، ئەویش ئەگەر کارێکی گرنگی هەبێت، عاشقی ئێرەیە.

– (ئێرە) بەڕاستی جوانە!

دووبارە دەستمان کردەوە بە پیاسەکردن و کەمێك ڕێمان کرد لەپڕ وتی:

– دوێنێ شەو هاتبووم بۆ حەوشەی دەرمانخانە، درەنگانێکی شەو بوو.

هەروا کە سەرم داخستبوو و ئارام ڕێم دەکرد وتم:

– کێشەیەکتان بۆ دروست بوو بوو؟

– ئەرێ.. واتە.. نەخێر

وەستام و سەیرم کرد بۆیە پێکەنی و وتی:

– هاتبووم ئێوە ببینم، ئەڵبەتە کارەکەم نەفامانە بوو، دەمزانی لەو کاتەی شەودا بە دڵنیاییەوە ئێوە لە خەودان.

- دەی لە دەرگاتان بدایە

- دواتریش دەبووایە چیم بوتایە؟ بموتایە کە هاتووم بتانبینم؟

- دەی نارەحەتییەکەتان پێمدەوت، ئەرکی من هەر ئەمەیە

- نارەحەتیم نەبوو تەنها دەمویست بتانبینم.

هیچم نەوت و دەستمکرد بە ڕێکردن کەمێك دواتر وتی:

- دایکم ئەوەندە دەربارەی ئێوە قسەی بۆ کرد بووم کە حەزم دەکرد هەر بەو کاتی شەوە خەبەرتان بکەمەوە و بتانبینم.

لە ناخمدا شۆڕش بەرپا بوو بوو، ئیتر سنووری هەستی تێپەڕاند بوو، تۆفانێك لە دڵمدا هەڵیکرد بوو، لاجانگەکانم خەریك بوون توند توند لێیاندەدا، دەنگی دڵم دەبیست، دەمزانی کە دەم و چاوم بە تەواوی سور بووەتەوە، هەرچەندە کە حەزم دەکرد دیسان لەم قسانە ببیستم بەڵام لەپڕ وتم:

- ئەبێت ئیتر بگەڕێمەوە، لەوانەیە لە دێ پێویستیان پێم بێت.

دواتر بێئەوەی کە سەیری دەم و چاوی بکەم گەڕامەوە بەڵام بە ئارامی، دەمزانی کە ئەگەر چاوم بە چاوەکانی بکەوێت لەوانەیە ئیتر نەتوانم بەسەر خۆمدا زاڵ بم، ئەسڵەن نەمدەزانی دەبێ بۆ کام لا بڕۆم، ڕێگەی دێم فەرامۆش کرد بوو، هۆشم بە هیچ شتێکەوە نەبوو، پیاوێکی هەیکەل جوان و قۆز و گەنج، زۆر ئاسان خەریك بوو هەستی خۆی بۆ دەردەبڕیم، ئەویش لە یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەدا، نەئەبوو مۆڵەتی بدەم کە لەمە زیاتر بڕواتە پێش، وەك شتێ خۆیشی تێگەشت و چەند هەنگاوێك کە ڕێمان کرد وتی:

– دایکم زۆر ئێوەی چووە بە دڵدا واتە دوای یەکەمین دیدارتان هەر جارێك کە من تەلەفۆنم بۆ کردووە یا ئەو بۆ منی کردووە دەربارەی ئێوە قسەی کردووە.

– ئەوان بەڕاستی ڕێزیان هەیە، منیش بە تەواوی کەوتوومەتە ژێر کاریگەری کەسایەتی بەهێز و چاك و میهرەبانی ئەوانەوە.

ویستم پاشماوەی قسەکانم بکەم، بەڵام لەوێدا کە بە ڕاستی گێژ و وڕ بوو بووم، لەپڕ قاچم کەوتە چاڵێکەوە و قولە پێم (قولەقاچ) پێچی خوارد و خەریك بووم ئەکەوتم بە زەویدا کە لە پڕ شایان گرتمی، دووبارە هەستێکی زۆر سەرسوڕهێنەر ڕووی تێکردم، ویستم هاوسەنگی خۆم بپارێزم بەڵام نەکرا، قولەپێم ژانی هەبوو، هەرچەند کە شتێکی گرنگ نەبوو، بەڵام لەو ساتەدا ئازاری هەبوو، لەپڕ بێ ویست لامکردەوەو سەیریم کرد، بە تەواوی پەرێشان بوو بوو، زەردەخەنەیەکم بە ڕوویدا کردو وتم:

– شتێکی گرنگ نییە.

– ژانی هەیە؟

– کەمێك.

– بە دڵنیاییەوە لەجێ چووە.

– نە، وانازانم.

– لە کوێوە ئەزانن؟

– ئاخر من پزیشکم.

سەیرێکی کردم بەڵام ئەسڵەن پێنەکەنی، وام بیر نەکردەوە کە لە پێچ

خواردنی قاچی من ئەوەندە نیگەران بوو بێت.

- شتێكی گرنگ نییە بڕوا بكەن.

دووبارە سەیری كردم، وتم:

- تەنها ئەگەر مۆڵەت بدەن كەمێك لێرە دابنیشم.

بەبێ قسە ئارام لەسەر زەوی دانیشاندم و خێرا ڕۆشت لە خوار قاچمەوە دانیشت و قۆندەرەكەی لە قاچم داكەند و بە ئارامی كەمێك قاچمی ئەملاولا پێكرد، خەریك بووم سەیریم دەكرد، ئێستا ئیتر ئەو هەستە سەیرەو تۆفانەكەی دەروونم هەستی بە سیمای خۆڕاگرو پەرێشانی كرد بوو، شتێك كە ئەسڵەن حەزم نەدەكرد بەم خێراییە ڕوویدات.

- ژانی هەیە؟

- زۆر كەم، شتێك نەبووە، كوتراوییەكی سادەیە.

خێرا لە گیرفانەكەی دەستە سرپێكی سپی دەرهێنا و بە توندی قولە پێمی بەست و هەستایەوەو فیكەیەكی بە دەنگی بەرزی كردو لەپڕ ئەسپەكەی لە مەودایەكی دوورەوە بە غار هات بەرەو لای ئێمە، ئەم شانۆ بە ڕاستی سەرنجڕاكێش بوو، سەرنجڕاكێش و ئەفسانەیی. ساتێك دواتر گەیشتە بەردەم ئێمەو لەسەر هەردوو قاچی بەرزبووەوەو حیلەیەكی كرد، مووە درێژەكانی گەردنی جوڵەیەكی جوانی كرد، شایانیش زوو ڕۆشتە پێشەوەو هەوسارەكەی گرت و وتی:

- ئارامبە.. تەندر.. ئارام.

دواتر لایكردەوە بەلای مندا و وتی:

– خۆزگە پێداگریم نەکردایە کە پیاسە بکەین، بەڕاستی داوای لێبووردن دەکەم.

سەیرێکم کردو پێکەنیم، دووبارە پەشۆکاو وتی:

– بگەڕێینەوە بۆ دەرمانخانە؟

ویستم لە جێ بەرز بمەوە (هەستمەوە) بەڵام نەمتوانی، خێرا هات و یارمەتیدام تا هەستامەوە و لە پاڵ تەندردا وەستام، خەریك بووم بیرم دەکردەوە کە ئێستا بەم قاچەوە چۆن تا دەرمانخانە بڕۆم و ئەگەریش بمەوێت سەر ئەسپ بکەوم چۆن سەربکەوم کە لە پڕ بینیم لە جێگەکەم هەڵکەندرام و لە چاوتروکانێکا لەسەر ئەسپەکە دانیشتم، دووبارە نیگایەك و زەردەخەنەیەك و هەستێکی نایاب، کاتێك خودا بیەوێت ڕووداوێك بۆ نەفەرێك ڕووبدات هەموو شتەکان دەست دەدەنە دەستی یەکتر و کەشێك ئەڕەخسێنن کە ئیتر مرۆڤەکان کارێکیان لە دەست نایەت، هاتنی من بۆ گۆڕستانەکە و هاوکات هاتنی شایان، کەشی خەیاڵی دێ، دەنگی خۆشی باڵندەکان، بۆنێکی خۆش کە لەهەر لق و چڵێکەوە لە هەوادا بڵاوبوو بووەوەو دواتریش پێچخواردنی (سوڕان) قاچی من، ئێستاش کە لەسەر ئەسپێکی جوان دانیشتبووم کە هەوسارەکەی بە دەستی پیاوێکی گەنجی زۆر هەیکەل جوانەوە بوو، کە بە دانپیانانی خۆی تەنها بۆ بینینی من ئەم هەموو ڕێ لە تارانەوە هاتبوو. ساتێك کەوتمەوە بیری خەسرەو، لەپڕ وەك ئەوەی تەواوی خەونەکانم سڕانەوە، خەسرەو بە سیمای هەمیشە جدی خۆیەوە لە بەردەممدا وەستابوو، خەریك بوو سەیری دەکردم، ئیتر نەمدەتوانی دەرك بەو هەستە بکەم کە لە دەروونمدا بوو، ئازارێکی

ویژدان، وەکو منداڵێك وابووم کە کارێکی خراپــی کـردووەو چاوەڕوانە تـا نەمبێی بکەن، بەڵام من خۆ کارێکی خراپم نەکرد بوو، بۆچی؟ کردبـووم، نەدەبوو بمهێشتایە کارەکە تـا ئێرانـە درێـژە بکێشـێ، ئـەمتوانی هـەر لـە گۆڕستانەکەوە بگەڕێمەوە بۆ دەرمانخانەکە، دەی چوزانم شایان دەیـەوێ ئەم قسانە بکات؟ بۆچی، دەتزانـی، واتـە هـەر کـە بینیـت زانیـت هـەمان پیاوە کە دوێنێ شەو هاتبووە حەوشەی دەرمانخانە. بەڵام نەمدەزانی کە بۆ بینینی من هاتووە، وامدەزانی کە نەخۆشە یان کێشەیەکی تری هەیـە. ئەگەر نەخۆشێك شتێك بووایە هەر دوێنێ شەو دەهات و لە دەرگای دەدا.

دەی بۆچی دەبێت من خۆم دادگایی بکەم؟ ئەگەر شایان منی چووە بە دڵدا چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە؟ ئاخر تۆیش ئـەوت بـە دڵـە. بـەڵام مەگەر بە دەستی مرۆڤ خۆیەتی؟ لە پڕ یەکێکی بە دڵ دەبێت (دەچێت بە دڵیدا) بـەڵام دەتوانێـت هـەر لـە ساتەکانی سـەرەتاوە ڕەوت و ڕێـڕەوی کارەکە بگۆڕێت. ئاخر بۆچی دەبێ بیگۆڕێـت؟ مەگـەر هـەر ئـەو قسـمەتە نییە؟ مەگەر چارەنوسێك کـە دەیـڵێن هـەر ئەمـە نییـە؟ بـەڵام زۆرێـك لـە چارەنوسەکان خۆمان دروستیان دەکەین. دەی ئەگەر شتێکی بـاش بێـت چ کێشەیەکی هەیە؟ لە کوێوە دیارە کە شتێکی باش بێت؟ ئەسـڵەن ئـەم قسانە چ مانایەکیان هەیـە؟ جـارێ خـۆ هـیچ شـتێك ڕووی نـەداوە. بـەڵام خەریکە ڕوودەدات، هەر ئێستا. ئەبێ پێشی پێ بگریـت و گـەر نـا وەکـو هەمان ساتی کە لە گۆڕسـتانەکەدا بـوو درێـژە دەکێشـێ و بـەرەو پێشـتر دەڕوات. ئاخر بۆچی ئەبێت پێشـی پـێ بگـرم؟ لەبەرئـەوەی تـۆ قـەرزاری کوڕە مامەکەتی. مـن ئەگـەریش قـەرزاری کەسـێك بم، مامـە نـەك کـوڕە

مامم. دەی دەبێت بە جۆرێك قەرەبووی بکەیتەوە، باشی مامت لە بەرامبەر کوڕە مامت قەرەبوو بکەیتەوە. لە کوێوە دیارە کە هاوسەرێکی باش بم بۆ کوڕە مامەکەم؟ ئەبیت بە دڵنیاییەوە ئەبیت. بڕۆ ونبە بەم بەڵگە پڕو پوچەتەوە. توڕەبوویت؟ کەوابوو بە دڵنیاییەوە حەق بە منە. بە من چی کە مامم منی هێنا و یارمەتیدام؟ لەوانەیە ئەگەر ئەو ئەم کارەی نەکردایە یەکێکی تر دەیکرد. تۆ هەر لە سەرەتاشەوە هی کوڕە مامت بوویت.. من هی کەس نیم، من ئازادم. وا ئەزانی ئازادی؟ ئێمە هەموومان ئازادین. ئێمە هیچ کاممان ئازاد نین. ئێمەومانان هەموو وا ئەزانین ئازادین و بە بیرو خەیاڵی ئازادی خۆمان فریو دەدەین. ئێستا من بە تۆی پیشان دەدەم کە ئازادم، تۆش مافت نییە بەم شێوە ئازاری من بدەیت، تۆ ئەسڵەن کێیت کە ئەرك بۆ من دیاری دەکەیت؟ من خودی تۆم. ویژدانی تۆم. ویژدان هەمیشە دەبێت مرۆڤ ئازار بدات؟ ئەرێ، ئەگەر ویستی کارێکی خراپ بکات. لە کوێوە دیارە کە ئەم کارە خراپ بێت؟ بە دڵنیاییەوە خراپە. لەوانەیە ئەوە فەرهەنگ و کلتوری ئێمەیە کە ئەمە بە خراپ دەزانێت، لەوانەیە لە فەرهەنگ و کلتورێکی تردا ئەم کارە زۆریش باش بێت. پابەندبوون، پابەندبوون هەمیشە باش بووە، وەکو ویژدانی بە ئاگا. نە هەرگیز، پابەندبوونی بێ مانا دەتوانێ زۆر خراپ بێت وەکو ویژدانی لە خۆڕا بێدار، ویژدانی بێدار وەکو دادوەری بێدار باشە، نە دادوەریش باشترە کە کاتژمێرگەلێك بخەوێت تا لە بێداریدا بتوانێت بە باشی دادوەری بکات. من ناتوانم لەبەرئەوەی بۆ نمونە پابەندم عاشق بم؟ ئەسڵەن عەشق شتێك نییە کە لەگەڵ ئەم قسانەو ئەم شتانە تەبا بێت.

فیداکاری چی؟ تۆ دەتوانی بۆ قەرەبووکردنەوەی زەحمەتەکانی مامت فیداکاری بکەیت. واتە بەبێ عەشق لەگەڵ خەسرەو زەواج بکەم؟ ئەمە شێتییە تۆش باشترە بخەوی ئاشکرایە کە ئەوەندە بێدار بوویت تێکەڵی ئەکەیت، ویژدانی هەمیشە بێداریش وەک کەڵەشێری ناوەختە. لەپڕ تەندر وەستا، تازە بە خۆمدا هاتمەوە، لە حەوشەی دەرمانخانەکە بووین، شایان یارمەتیدام تا دابەزیم، بە ئارامی قورساییم خستە سەر هەمان ئەو قاچەم کە پێچی خواردبوو، کەمتر ژانی دەکرد، ئارام و بە یارمەتی شایان ڕۆشتم بەرەو لای دەرگای دەرمانخانەکە و کردمەوە و دوو بە دوو ڕۆشتینە ژوورەوەو خوڵکی شایانم کرد تا لەسەر کورسییەک دابنیشێت و خۆشم ئارام ڕۆشتم بۆ لای سەماوەرەکە تا دایگریسێنم بەڵام کارەبا نەبوو، لامکردەوەو سەیرێکی شایانم کرد وتم:

- کارەبا نییە، ئامرازێکی تریشم نییە لێرە بۆ ئاو کوڵاندن.

- ئەتانەوێت چایی دروست بکەن بەم قاچەتانەوە؟

هەستایەوەو منی برد لەسەر کورسییەک داینیشاندم و وتی:

- چایی دەشکرێ دوایی بخورێتەوە، جارێ پشوو بدەن.

- قاچم باشترە، ڕاستی دەتوانم لەماڵەوە لێی بنێم.

- باوەڕ بکەن من جارێ حەزم لە چایی نییە.

دواتر خۆیشی ڕۆشت لەسەر کورسییەک دانیشت و سەیری دەوروبەری کرد و وتی:

- ئێرە وا دەرناکەوێت کە ئیمکاناتی زۆری هەبێت.

- نە هەر ئەمەش نایابە، واتە بۆ گوندێکی بچوک نایابە.

– دروستە، بە تایبەت بە بوونی خانم دکتۆرێکی وەك ئێوە، ڕاستی بۆچی هاتوون بۆ ئێرە؟ واتە مەبەستم ئەوەیە کە ئەبێت بۆ خانمێك سەخت بێت کە دوو ساڵ لە دێیەکی بچوکی وەك ئێرە بەڕێ بکات.

– بەڵام پزیشکێك بەڵێنێکی لە ئەستۆیە.

– تەنها بەڵێن؟

– جگە لە بەڵێن، بۆ مۆڵەتی کردنەوەی نۆرینگە (عیادە) لە تاران. ئێوە چی؟ لە تاران کارتان چییە؟

– کۆمپانیام هەیە، هێنانی پارچەکانی کۆمپیوتەر، من بە کالۆریۆسم هەیە لە ئەندازیاریی کارەبادا. ڕاستی دایکم دەیوت کە ئێوە لەگەڵ مامتان دەژین، واتە لە تارانن.

– دایك و باوکم مردوون، کاتێك کە زۆر بچوکتر بووم مامم سەرپەرشتیمی لە ئەستۆگرتووە.

– دایکم دەیوت کوڕە مامێکیشتان هەیە؟

– خەسرەو.

سەرێکی ڕاوەشاند و دووبارە سەیری دەورووبەری کرد و وتی:

– بێ تاقەت نابن؟

– بۆچی، هەندێکجار.

– بۆچی نایەن لەگەڵ دایکمدا بژین؟ واتە دوای داخستنی دەرمانخانە؟

– ئاوا بۆم باشترە، خانووەکەم باشە، تێیدا ئاسودەم.

– ببورن، دەتوانم پرسیارێکی تایبەتیتان لێبکەم؟

دەمزانی دەیەوێت چی بڵێت.

- تکا دەکەم.

- ئێوە زەواجتان نەکردووە؟

- نە.

- دەستگیرانتان هەیە؟

کەمێك وەستام و دواتریش وتم:

- نازانم، لەوانەیە.

- تێناگەم؟

- خۆشم تێناگەم.

- بابەت کوڕە مامتانە؟

سەرم ڕاوەشاند، وتی:

- قسەیەك کراوە لە نێوانتاندا؟

- نە.

- کەوابوو چی؟

نەمدەزانی ئەبێ چۆن بۆی ڕوون بکەمەوە، کەمێك بێدەنگ بووم و دواتر وتم:

- ئێمە ئێرانین.

- دەی؟

- بە کۆت و بەندی تایبەتی خۆمانەوە.

- چ کۆت و بەندێك؟

- ڕۆژگارێك کە من پێویستم بە پارێزگاری هەبوو مامم ئەم کارەی کرد.

- چ پەیوەندییەکی بە بابەتەکەوە هەیە؟

– هەیەتی، لەوانەیە لەم چەند ساڵە قسەیەك نەکرا بێت، بەڵام زەمانێك کە هێشتا باوك و دایکم زیندوو بوون قسەگەلێك هەبوون، شتێکی وەکو چوزانم دەستگیرانی.

– دەستگیرانی ناچاری؟

نەمدەویست مۆڵەت بدەم زیاتر بڕواتە پێش هەر بۆیەش ڕوومکرد بەلای سەماوەرەکەدا و وتم:

– ئەبێت گڵۆپەکە داگیرسێنم تا ئەگەر کارەبا هاتەوە پێی بزانین.

– خۆشتان ئەوێت؟

لامکردەوە بەلایدا و وتم:

– بڕیار بوو تەنها یەك پرسیاری تایبەتی بکەن.

– داوای لێبوردن دەکەم بەڵام ئەم بابەتە زۆر بۆم گرنگە، ئەبێت بۆ ئێوەش گرنگ بێت.

– بۆ من؟ چی ئەبێت گرنگ بێت؟

– ئەوەی کە چارەنوسی خۆتان بزانن.

– چ چارەنووسێك؟

– دەستگیرانداری، ئایا ئێوە دەستگیرانی کوڕە مامتانن؟

– وتم خۆ، نازانم.

– ئەمە زۆر خراپە، ئەگەر بۆ نمونە خوازبێنیکارێك بۆ ئێوە پەیدا ببێ و پێشنیاری زەواجتان پێ بدات چی؟ چی وەڵامی دەدەنەوە؟

قسەیەکی دروستی دەکرد، من وەکو مرۆڤێکی بێ ئاسۆو داهاتوو نادیار بووم، ئەم بابەتە لانیکەم دەبوو بۆ خۆم ڕۆشن ببووایەتەوە، هەر بە

ڕاست پەیوەندی نێوان من و خەسرەو چی بوو؟ پابەندبوونێك؟

- من جارێ خەریکم دەورەکەم بەڕێدەکەم.

- ئەگەر من هەر ئێستا پێشنیاری زەواج بە ئێوە بدەم چی وەڵامم دەدەنەوە؟

- ئەڵێم ئێوە زۆر هەڵەشەن، هەڵەشە و بێ ئەزموون.

سەیرێکی کردم و پێکەنی و وتی:

- وەڵامی نەخێر دەدەنەوە؟

تەنها سەیریم کرد بۆیە دووبارە پێکەنی و وتی:

- ئەگەر پێشنیار بکەم واتە تکاتان لێ بکەم کە ئەمشەو بۆ نانی ئێوارە تەشریف بهێنن بۆ ماڵی ئێمە چی؟ قبوڵی ئەکەن؟

- بۆ خواردنی گۆشتی کەروێشك؟

- نە، هەر گۆشتی ئاسایی، مریشك و مەڕێك کە دەستی خۆمان بە خوێنیان پیس نەبووبێت.

هەردووکمان بە یەکەوە پێکەنین و عاقاری قسەکردنەکە گۆڕاو کێشرا بەرەو بارودۆخی دێ و ئەم شتانە و نزیکەی چارەکێ بیست خولەك دواتریش شایان هەستا و دووبارە پێداگری لەسەر بڕیاری نانی ئێوارە کردەوەو ڕۆشت. کاتێك تەنها کەوتم ئیتر تاقەتی ململانێم لەگەڵ ویژدانی هەمیشە بێدارم نەبوو، بەڵام بە دەست خۆم نەبوو لەوانەشە ئاوا باشتر بوو، ئەبوو لانیکەم لای خۆم کارەکەم یەکلایی بکردایەتەوە. من کچێکی نەخوێندەوار نەبووم، چەندین ساڵ زەحمەتم کێشا بوو تا ببم بە پزیشك، ئەمەش بەو مانایە بوو کە دەتوانم بیربکەمەوەو ڕێگەی ڕاست بدۆزمەوە،